





# له "ڕۆژنامەی کوردستان"

# و"کوردستان میدیا"وە

## پووشپەڕی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پڕۆژەیەکی تێرۆریستی.................................................... عەلی بداغی ..... ٤

٢- کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز، سەرەتای دارمان............................................... ڕەحیم نزهەتزادە ..... ٧

٣- شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە گۆشەنیگای تروئیکای ئورووپاوە.................................. ئەلبورز ڕوئین‌تەن ..... ١١

٤- خۆڕانان بە ئەمنییەتێکی پووشاڵی و درۆینە.................................................... سمایل شەرەفی ..... ١٤

٥- حوکمڕانی لە کونەتەیارەوە...................................................................... دارسمە ..... ١٧

٦- نووسینی ناسنامەیەک پڕ لە مێژووی داربەڕوو.................................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٠

٧- ئیتر شەڕ نیعمەت نییە!.......................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٢٣

٨- شیکاریی ستراتیژی لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران........................................... ورمێ تەرگەوەڕ ..... ٢٧

٩- شەڕی ئێران و ئیسرائیل؛ بۆچی ڕووسیە خۆی لە ئاگری شەڕەکە بە دوور دەگرێت؟.............. مادح ئەحمەدی ..... ٣٠

١٠- بێدەنگیی خەڵکی ناوەند و ئێمەی نەتەوەکانی ستەملێکراو.................................... ڕەحیم نزهەتزادە ..... ٣٤

١١- شەڕی ئێران و ئیسرائیل و چەند سەرنجێک......................................................... سۆراب ڕەحمەتی ..... ٣٧

١٢- حیزبی دێموکرات: ڕێژیم بە ڕەشبگیر و شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان دەیەوێ تۆڵەی شکستەکانی خۆی لە خەڵک بکاتەوە......................................................................................................................... ٤٢

١٣- کۆسالان، چیرۆکی هەرمانی خاک و خوێن............................................................ شیوا مورادیان ..... ٤٤

١٤- پەت و سێدارە، ئامرازێکی مانەوە بۆ دۆڕاوەکان.................................................. ئەفشین مەعروفیان ..... ٤٧

١٥- داهاتوو بەدیاری نایەت، دەبێ بنیات بنرێت........................................................ ڕەحیم نزهت زادە ..... ٥١

١٦- شەڕی ئێران و ئیسرائیل و پەیامەکانی خامنەیی................................................... هەردی سەلیمی ..... ٥٤

١٧- یاخیبوون و لێکەوتەکانی........................................................................... فەتاح ڕەسووڵی ..... ٥٨

١٨- بەرەبەیانی حەقیقەت لە ئاوابوونی درۆدا............................................................. ڕەحیم نزهت زادە ..... ٦٣

١٩- شکۆی شکاوی دیکتاتۆرێک!........................................................................ عەلی بەهرامی ..... ٦٦


٢٠- لێکەوتەکانی شەڕی ناسراو بە ١٢ ڕۆژە............................................................. هەردی سەلیمی ..... ٦٩

٢١- تۆڵەی ئاشبەتاڵ..................................................................................... عەلی بداغی ..... ٧٢

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

٢٢- ئێــران له جەنــگ لەگەڵ ئیســڕائیل لاواز و لەرزۆک دەرچــوو و ئەوه دەتــوانێ بە مانــای گیروگرفــت بــۆ کەمیــنە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە بێ.......................................................... شوکریە برادۆست ..... ٧٥
٢٣- دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پێگەیاندنی وشیاری نەتەوەیی و بزاڤی ڕزگاریخوازی........... ڕێبـوار دونـان ..... ٨١
٢٤- مافی دیاریکردنی چارەنووس.......................... میشێلین ئیشەی .... تەهای ڕەحیمی کردوویەتە کوردی ..... ٨٦
٢٥- مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵەوەکێشیی جارانی کارتێکی ئەوتۆی پێ نەماوە......... کوردکانـاڵ ..... ٩٢
٢٦- یەکیەتی نەتەوەیی لە سایەی ناسیۆنالیزمی کورد؛ زەروورەتی ساتەوەختی مێژوویی ئێمە.... ڕەحیم نزهەتزادە ... ٩٩
٢٧- هەوڵێکی نەزۆک بۆ دەربازبوون لە قەیران............................................. ئەسکەندەر جەعفەری ..... ١٠٢
٢٨- لە سیخوڕاوا وڵات لە دەستێکی ئەمینداییە............................................................ دارسمە ..... ١٠٦
٢٩- جانتای هیوا.............................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ١٠٩
٣٠- ڕاگەیاندنی هاوبەش لەبارەی شەپۆلی نوێی سەرکوت لە ئێران و کوردستان............................................ ١١٢
٣٠- "گۆپاڵ و گێزەر"؛ تەسلیم بوون یان دارمان؟............................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١١٥
٣١- شەڕی ١٢ ڕۆژە و دیپلوماسیی زۆرەملێی ئامریکا.......................................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٢٠
٣٢- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید چرچەی بارامیرزا)......................................... برایم چووکەڵی ..... ١٢٥
٣٣- تەنیا بە یەکگری و پاڵوێکدان دەتوانین نەمانی د. قاسملوو قەرەبوو بکەینەوە........ د. مەحموود عوسمان ..... ١٢٨
٣٤- شرۆڤەی دەروونناسیی کەسایەتیی د. قاسملوو.......................................................... بێهزاد قادری ..... ١٣٣
٣٥- قاسملوو: دەنگی بێگەردی حیکمەت لەنێو جەنجاڵی چەکدا............................. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٣٨
٣٥- هێژموونیی گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات................................................ پەیمان ئابجامە ..... ١٤١
٣٦- بەشێک لە دەرسەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمەمانان............................................... هەردی سەلیمی ..... ١٤٥
٣٧- پەیامی دەستەی کـارگێڕیی حیزبـی دێموکراتی کوردستـانی ئێـران بە بـۆنەی سی و شەشەمین سـاڵڕۆژی تێـرۆری دوکتـور قاسملوو............................................................................................................................. ١٤٩
٣٨- ئابووریی "گیگ" لە ئێران: داهێنان یان سیمای قەیران؟........................................ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٥١
٣٩- تۆقێنەران تۆقیون.............................................................................. ئەلبورز ڕوئینتەن ..... ١٥٤
٤٠- تالان و داگیرکاری............................................................................. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٥٧
٤١- سیناریۆکانی داهاتووی ئێران کامانەن؟........................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٦٠
٤٢- ساڵڕۆژی خیانەت............................................................................ ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٦٣

# دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پڕۆژەیەکی تیرۆریستی





**عەلی بداغی**

بەرەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، ١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە بە بۆمبی بنکەبڕ و سەنگەرشکێن هێرشیان کرایە سەر و تەفروتوونا کران. ئەمە کۆتایی پڕۆژەیەکی سەربازی - ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە سەدان میلیارد و تەنانەت بە تریلیۆن دۆلار سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی لەسەر تێدا برا، بەڵام ئاخۆ

**ئەمە سەرەتای کۆتاییەکی چاوەڕوانکراو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە؟**

با وەردی ڕووداوەکانی نیزیک پێنج ساڵی ڕابردوو بدەینەوە. لەڕاستیدا هەموو شتێک لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی دەستی پێ کرد. کاتێک قاسم سولەیمانی، گەورەترین مۆرەی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە هێرشی مووشەکیی ئەمریکا کوژرا و بەوە یەکەم گورزی کوشندە بەر مێحوەری مقاومەت کەوت کە سولەیمانی خۆی ئەندازیاری بوو. بەڵام ئەوکات کەم کەس پێیوابوو ئەمە سەرەتایی داڕمانی یەک لە دوای یەکی دۆمینۆیەکە کە لە کۆتاییدا دەگاتە تاران، واتە سەری مارەکە. دۆناڵد ترامپ چەند سەعات دوای کوشتنی قاسم سولێمانی گوتی :ئەم بەیانییە هێزە چەکدارەکانمان جیهانیان لە چنگ گەورەترین تێرۆریستی مێژووی مرۆڤایەتی ڕزگار کرد". بەرەبەیانی ئەمڕۆش دوای هێرشی بەربڵاو بۆ سەر بنکە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەمدیسان ترامپ ڕایگەیاند کە ئەمە دەرەنجامی سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمێکە ٤٧ ساڵە دژایەتیی ئاشتی و بایەخەکانی دنیای ئازاد دەکا، سەربازەکانمان بە بۆمب و مووشەک دەکوژێ و پەرە بە تێرۆر و ناسەقامگیری لە جیهاندا دەدا. ...

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا بە قورسترین شێوە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هێرشی کراوەتە سەر، کە تاقە یەک هاوپەیمانی لە جیهاندا نیە و ئەوەش بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمێکە خەڵکی ئێران و ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەبارمتە گرت، لەپێناو دامەزرانی ئایدۆلۆژیی هیلالی شیعی لە ڕێگەی میحوەری مقاومەتەوە ئارامیی لە ناوچە هەڵگرت و بووە هۆکاری سەرهەڵدانی دەیان قەیرانی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵات و، لە نێوخۆی وڵاتیشدا کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی سەدان کارەسات کرد.

ئەو بەناو میحوەری مقاومەتە هاوتەریبی پرۆژە ناوکی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی جیا لە تێچووی گیانی و کوژرانی مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم لە سووریە، غەززە و لوبنان بە تریلیۆن دۆلاریش تێچووی لەسەر حسێبی سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران هەبوو. بەڵام ئەم ئەژدیها حەوت سەرە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ یەک بە یەکی سەرەکانی لێ دران و بەتایبەت لە یەک حەوتووی ڕابردوودا دڵ و هەناویشی کرایە نیشانە. ئێستاش لە کاتێکدا بنکە ئەتومییە بەناو حەیسییەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاگر و دووکەڵدا دەسووتێن، جەنابی دیکتاتۆڕ کونەمشکی لێ بۆتە قەیسەری و لە بن زەویدا خۆی شاردۆتەوە. هەروەها لە سۆنگەی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەی هەڵیگیرساندوە، لە تەنیشت هەڵتەکانی بنکە دامەزراوە ئەتومی و سەربازییەکانی، ژێرخانی ئابووریی وڵاتیشی کردۆتە فیدای پرۆژە بەرزەفڕانەکانی، کە جگە لە بەفیڕۆدانی بەتریلیۆن دۆلار سامانی وڵات، ئاکامەکەی بەمجۆرە هەڵدەگرێتەوە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**


بەو هێرشە گورچوبڕەی ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەیانی دەهەمین ڕۆژی شەڕی نێوان ڕێژیم و ئیسڕائیلدا، ئێستا خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە بەردەم دووڕێیانێکی چارەنووسسازدان. ئاخۆ خامنەیی دواجار ددان بە شکست و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییە سەربازی و ئایدۆلۆژییەکەی دادەنێ و، حازر دەبێ بە سەرکزی لە بەرامبەر ئیرادەی ئەمریکا، ئیسڕائیل و کۆمەڵگەی جیهانیدا چۆک دابدا هەتا ئێران لەوەندە زیاتر وێران نەبێ؟ یان بە کاردانەوە و هێرش بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە، یان داخستنی گەرووی هورموز ئەم شەڕە بەربڵاوتر دەکا و زۆر وڵات و لایەنی دیکەش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێوەردەدا. بێگومان دەرەنجامەکە لە هەردوو حاڵەتدا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەتای شکست و تێداچوونی یەکجارییە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەڵتەکاندنی بنکە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە مانای کۆتاییهاتنی هێرشەکانی ئیسڕائیل بۆ سەر ڕێژیم نیە و بەردەوامیی ئەو زەبرانەی لە فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دەکەوێ، لە نیهایەتدا ناوەندی بڕیاردانی ئەم ڕێژیمە بەرەو ئیفلیجیی زیاتر و دواتر هەرەسهێنان دەبات. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە ڕێژیم هەڵبژاردەیەکی زۆری بۆ وەڵامدانەوە لە بەردەمدا نیە، مەگەر هاژەکهاوێژییەکی سنووردار، یان پەلەقاژەی هێزە نیابەتییەکانی بۆ هێرشی کوێر و تێکدەرانە کە بێگومان ئەمەش هەم بە زیانی ئەم پرۆکسییەکانە دەشکێتەوە و هەم چیدی دادی کۆماری ئیسلامییش نادا. بە تێداچوونی فەردۆ و بنکە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنانەت چەکی دیپلۆماسییش ئیدی ئەو بڕشتەی نیە ڕێژیم بیهەوێ خۆی پێ بگرێتەوە، چونکی شتێک نەماوە هەتا لەسەر مێزی دانوستان بیەوێ یاریی پێ بکا.

لەم ئەمڕۆوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەرزێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی خۆی دەست پێدەکات، وەرزێک لە بە لاوازیی ئێران، یان هەرەسهێنانی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی دەکرێ ئاسۆی ئارامی و سەقامگیریی زیاتر بۆ ئەو ناوچەیە بەدی بکەین.

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز، سەرەتای داڕمان (شکاندنی تلیسمی سیستەمێکی خۆ بەپیرۆززان)





**ڕەحیم نزهەتزادە**

لە شەوی ١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی و ئەمنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵدرایەوە. بۆردومانی وردی دامەزراوەی ئەتۆمی فۆردۆ، نەتەنز و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە دەوروبەری تاران، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی B2 ی ئەمریکی بە هاوکاری ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیلەوە، تەنها ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی نەبوو، بەڵکوو

پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ڕێژێمێک کە ساڵانێکە لە پشت دروشمی "بەرخۆدان" و "سەربەخۆیی" و "وزەی ئەتۆمی ئاشتیانە" خۆی حەشارداوە، گەلەکەی لە تاریکی سەرکوت و گەندەڵی و گۆشەگیریدا هێشتۆتەوە.

ئەم ئۆپەراسیۆنە بەبێ گوێدانە شیکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی لەسەر شەرعیەتی عەمەلیاتەکە، وەڵامێک بوو بۆ ساڵانێک لە چەقبەستوویی لەلایەن سیستەمێکی ئایدیۆلۆژییەوە، کە خۆی وەک میراتگری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دەبینێت، بەڵام بەکردەوە جگە لە خورافاتێکی سیاسی، ناسیۆنالیزمی شیعە سەنتەری و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی، هیچی دیکەی پێشکەش نەکردوە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەدرێژایی ساڵان، "فۆردۆ"ی کردبووە هێمایەکی ئایدیۆلۆژی -وەک ئەوەی فۆردۆ دڵی خۆڕاگری و دڵی کەرامەتی ئیسلامی بێت- ئێستا دڵی شکا؛ نەک بە ڕاپەڕینی جەماوەری، بەڵکوو بە فشاری دەرەکی. ئەمە بۆخۆی سیمبولی چەقبەستوویی مێژوویی حکومەتێکە، کە گوێی بە داخوازییەکانی خەڵک نەگرت و دواجار تووشی دەرئەنجامەکانی لووتبەرزی خۆی بووە.

## ئەو دەسەڵاتەی کە دەرهێنەری زنجیرەی خۆی نەبوو

ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا شاهیدی بووین، درامایەکی ئاڵۆز بەڵام پێشبینیکراو بوو: سیستەمێکی تائیفی کە بە ناوی ئایین، ئەمنییەتی گەلانی ئێرانی کردە قوربانی ئاسایشی خۆی، بەن اوی سەربەخۆییەوە، وڵاتی بردە گۆشەگیرییەکی تەواوەوە، و بە ناوی وزەی ئاشتییانە، سەدان ملیارد دۆلار لە سامانی نیشتیمانی بۆ ئەو پرۆژانە خەرج کرد، کە تاکە بەرهەمیان گەمارۆ و هەژاری و لەنێوبردنی ژێرخانەکان بوو. ئێستا کارەکە گەیشتوونەتە ئاستێک، کە کۆتایی ئەم زنجیرەیە نەک لە لایەن گەلانی ئێرانەوە، بەڵکو لەلایەن ئەو ڕەقیبە دەرەکییەکانی یەکلایی دەکرێتەوە، کە سیستەم و ڕێژێم، خۆی بە سیاسەتە سەرگەردانەکانی بوو بە هاندەری کاری ئەوان.

ڕەنگە ئەمە کارەساتی گەورەی ئێرانی مۆدێرن بێت: حکوومەتێک کە بانگەشەی پشتیوانی لە "چەوساوەکان" دەکات، ئەمڕۆ لە پێناو پاراستنی چەند سەنتەرفیوژێکدا پەنای بۆ سەرکوتی ناوخۆیی، سەرگەرمی دەرەکی و قومارە ئەتۆمییەکان برد. دواجار، هەروەک چۆن شا لە ساڵی ١٣٥٧ دارما، ئێستا سیستەمی ویلایەتی فەقیە لە لێواری دارمانی سیاسی و سەربازیدایە.

## سەفەویخوازی مۆدێرن: پرۆژەیەکی شکستخواردوو

ئاماژەکردن بە "سەفەوییەکان" لە ئەدەبیاتی سیاسی بەشێک لە ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامیدا، ئاماژەیەک بۆ

بەرهەمهێنانەوەی پرۆژەیەکی مێژوویی ناوەندگەرایی ئایینی، کە ئەمڕۆ لە شێوەی "دەسەڵاتی ڕەهای فەقیە"دا بەرهەم هێنراوە. هەروەک چۆن سەفەوییەکان بە سەپاندنی ئایینێکی فەرمی و سەرکوتکردنی ناسنامە هەمەچەشنەکانی ئێرانی کۆنێ لەیەک جیاکردەوە، کۆماری ئیسلامییش هەوڵی داوە هەموو دەنگێکی ڕەخنەگرانەی کورد، بەلووچ، عەرەب، ئازەری و تەنانەت فارسیش، بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی ئەمنی، میدیا و سەربازی بێدەنگ بکات.

بەڵام مێژوو دەریخستووە، کە سەپاندنی ئایدۆلۆژیا لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە، نە بەردەوام بووە و نە کاریگەر. ئاگری تووڕەیی شاراوەی نەتەوەکان بە پریشکێک گڕ دەگرێت.

پریشکەکانی ئەمڕۆ کەم نین: لە ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستان و تاران، تا ڕاپەڕینە پەرشوبڵاوەکانی بەلوچستان و خوزستان. ئەمڕۆ لەگەڵ لەناوچوونی فۆردۆ و نەتەنز، یەکێک لە دوا پایە ڕەمزییەکانی "دەسەڵاتێکی بوکەڵەیی" دارما. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە، ئەم پێکهاتە ڕزیو و گەنیوە، لە داهاتوویەکی بە تەواوی دارمێت؟

## ئایا ڕۆژئاوا پاڵەوانی ئێمەیە؟ سوپاس بۆیان، بەڵام هەرگیز!

خاڵی گرنگ و بەئازاری چیرۆکەکە ئەمەیە: نەتەوەکانی ئێران هەرگیز نابێت هیوای بە فڕۆکەی بۆمبڕێژکراوی B2 یان پشتیوانیی مەرجدار لە ڕۆژئاوا بخوازن. ئەزموونی مێژووی هاوچەرخ پێوەندیدار بە ئێران و پرسی کوردیش هەموویان پێکەوە دەریانخستووە، کە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، پێش هەموو شتێک، لە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، نەک ئازادیی نەتەوەکان.

بەو حاڵەش دەبێ واقیعبین بین: ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە باتی عەقڵانیەت و بەرژەوەندیی گشتی، لە پێداگری لەسەر تەماحی ئایدیۆلۆژیکی بەردەوام بێت، تەنیا ڕێگای باقی بۆ گەل، یان دارمانی تەواوەتی ناوخۆییە، یان دەستێوەردانی دەرەکییە، کە دەتوانن تێچووی ترسناکی لە گەڵدا بێت. بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە لە ئەستۆی گەل نیە، بەڵکوو لە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتدارانەدایە، کە ساڵانێکە دەنگی ئەم میللەتەیان نەبیستووە.

## پەیڤی کۆتایی

ئەوەی ئەمشەو ڕووی دا - کۆتایی فۆردۆ و نەتەنز - کۆتایی پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژیی شکستخواردوو بوو. بەڵام سەرەتای

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**کـاری گەلانـی ئێـران، هێشـتا لە ئـارادایە. نابێـت بکەویـنە داوی وەهمـی سـەرکەوتنی ڕۆژئـاوا، یـا ڕزگـاری لە دەرەوەرا. سەرکەوتنی ڕاستەقینە، لە وشیاری، لە یەکگرتوویی نەتەوە و چینەکان، لە هاوپشتی ژن و پیـاو، لە بنیاتنـانەوەی ئێران لەسەر بنەمای دادپەروەری، ئازادی و هەمەجۆرییدایە.**

**فۆردۆ و نەتەنز کۆتاییە، بەڵام ئازادی هێشتا دەستی پێ نەکردوە. ئێمە هێشتا لە نێوەڕاستی ڕێگادایین.**

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

# شەڕی ئێران و ئیسڕائیل لە گۆشەنیگای ترۆیکای ئورووپاوە





ئەلبورز ڕوئینتەن

وڵاتانی ئورووپایی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی مودارا لەگەڵ ئێرانیان گرتەبەر بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لەگەڵ دیکتاتۆرانی تاران بسازێن. سیاسەتی مودارا و هەڵکردن کە خۆی لە هاوکاریی ئێران یا دانوستاندن بۆ هاوکاری تەنانەت گەمارۆ دانان بۆ هاوکاریی خۆی دەدیتەوە، ئەو شێوازە لە سیاسەت بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بەڕوونی

دەبینرێ، تەنانەت لە دوای تیرۆری "میکۆنۆس"یش کە بووە هۆی ئەوەیکە پەیوەندییەکان بگاتە ئاستی وەستان بەو مەرجەی کە ئێران ئیتر تێرۆر نەکات دووپاتە پەیوەندییەکان دەستی پێ کردەوە، نەیانپرسی کە چیتان کردوە، گوتیان لەوەبەدوا ئاوا نەبێ کە تا ڕادەیەک وابوو دواتر ئەو شێوازە سیاسەتە دەستی ئێرانی لە تەواوی ئەو سالانە بە کراوەیی هێشتەوە.

لە تەواوی ئەو قۆناغانە دانوستاندن لەگەڵ تێرۆریستان بە تەنیا ڕێگە چارەسەریان زانیوە، بەتایبەتی هاوتەریب بوونی ئەو سیاسەتە لەگەڵ دێموکراتەکانی ئەمریکا ئیتر ببووە سەرچاوەی کات کڕین بۆ ئێران و بەردەوامی تەمەنی ئەو ڕێژیمە. هەر ئەو سیاسەتەش بوو کە بەرجامی لێکەوتەوە، و تەنانەت بووە سەرچاوەی هەناسەدان بۆ کۆماری ئیسلامی.

تەنیا لە سەردەمی گەیشتنە لووتکەی چالاکییەکانی شۆڕشی ژینا بوو کە هەندێک گۆڕانی بە سەر گوتاری ئەورووپییەکان هێنا بەوەیکە دەبێ بە جۆرێک قسە بکەن کە ئەگەر سبەی خەڵک سەرکەوت ئامادەکارییەک بێ بۆ ئەوکات.

لێرەدا پرسیارە کە ئەی ئەو نرخانەی کە ئورووپایان کردە ئەورووپا وەک مافی مرۆڤ، دێموکراسی، تولێرانس، مافی ژینانی و...کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ڕەچاو نەدەکران چەندە گرینگ بوو؟ ئورووپییەکانی خاوەنی ئەو نرخە گەردوونییانە نەک گوێیان بەو پێشێلکارییانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە نەدەدا، بەڵکوو لەگەڵ ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە لە خاکی ئەورووپییەکان تێرۆری دەکرد و هەتا ئەوەندە دەستی کرابووە کە هەر کات ئیمتیازێکی لە وڵاتانی ئەورووپای ویستبا چەند هاووڵاتی ئەورووپیان بە بارمتە دەگرت و دوای وەرگرتنی ئیمتیازەکەیان ئازادیان دەکرد، یا تێرۆرستانی کۆماری ئیسلامی لە قەزای سەربەخۆیی ئەورووپی وەردەگیرانەوە، و وەک قارەمان لە ئێران پێشوازیان لێدەکران، تەنیا سیاسەتی دانوستاندن لە چوارچێوەی مودارا دەگرتەبەر. ئەوەش ئەو وانەیە بوو کە دەبا ئێمەی کورد زۆر زووتر دەرکمان پێ کردبا کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێشێلکاری مافی مرۆڤ و دێموکراسی پووشێکی بەلاش ناهێنێ و وڵاتێک بۆ خۆی چۆنە گرینگ نیە کە دەگاتە دونیای ئانارشیستی وڵاتان کە ساختەی ڕیئالیستەکان بوو تەنیا بەرژەوەندی دەور دەبینێ.

لە دوای حەوتی ئۆکتۆبر و هەموو ئەو ڕووداوانەی ناوچەش تەنیا کارێک کە ئورووپییەکان دەیانکرد کۆپی پێستی ئەو بەیاننامانە بوو کە دەیگوت نابێ ئاڵۆزییەکان زیاتر بن و بگەڕێنەوە بۆ دانوستاندن بۆ چارەسەری پرسەکان. هەر بۆیەش ئەو پرسیارەی کە سیاسەتی ئەورووپییەکان دوای هێرشی ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران چی دەبێ؟ سەرنجڕاکێشە، چونکە هەر دوای هێرشە بەربڵاوەکانی ئیسڕائیل هەر ئەو ئورووپاییانەی کە نزیکەی پێنج دەیەیە تەنیا بە مودارا هاوکاری ئێرانییان دەکرد، ئەوجار پشتیوانی لە ئیسڕائیل دەکەن و دەڵێن نابێ ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات، ئەی بۆ دوو حەوتوو

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**


**لەمەوبەر نەیاندەگوت پێویستە هێرش بکرێتەسەر ئێران، بەڵام کە هێرشی کرد، ئاوا بەرگری لێدەکەن؟**

ئەوە نیشانەی بێ سیاسەتی ئوروپییەکان لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، ئەو بێ سیاسەتییە کە خۆی سیاسەتێکە پێی دەگوترێ بە گوێرەی واقع و سیاسەتی ڕۆژ هەنگاو هەڵگرە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان زۆر پێویستە و وەک ئەورووپییەکان و بۆ ئەورووپییەکان سیاسەتێکی تا بڵێی عاقڵانەیە، بەڵام ئێمەی کورد کە لە ناوچەدا دەژین و هەرچی سیاسەتی بێ سیاسەتی ئەوانە وەک چەکی داگیرکەری و سەرکوت بەسەر سەرمان دەشکێتەوە ئەبێ ئەو وانەیە وەرگرین بەدوای ڕازیکردنی ئورووپییەکان بەناوی نرخی وەک دێموکراسی و مافی مرۆڤ و تولێرانس نەبین، ئەوانە باشن بۆ خۆمان تا بڵێی بەکاری بێنین بەڵام کە کار گەیشتە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پرسی نەتەوەییمان لە ڕێگەی هێزمان جا ئەو هێزە دەتوانێ هەموو ڕەهەندێکی بێت ببین بە واقع هەتا ئەورووپییەکان ناچار بن لەگەڵ ئەو واقعەش خۆیان بگونجێنن، ئەگەر نا چاوەڕێ بکەین وڵاتانی ئەورووپی بەرگری لە مافی نەتەوەکان یا تەنانەت مرۆڤەکان لە بەرانبەر داگیرکەر و دیکتاتۆرەکان بکەن وەک سەد ساڵی ڕابردوو هەر دەکوژرێین و دە زیندان دەکرێین و ئاوارە دەبین کەسیش خۆی لێمان ناکات بە خاوەن. چۆن ئەوان لە سیاسەتی بێ سیاسەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵک وەردەگرن ئێمەش لە پێناو بەژەوەندییەکانمان هەنگاو هەڵێنین دواتر هاوڕێیانی ئەورووپی موداراچی خۆیان لەگەڵ دۆخی نوێ ڕادێن.

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

# خۆڕانان بە ئەمنییەتێکی پووشاڵی و درۆینە





**سمایل شەرەفی**

"هەرچی بێت، بەس نیە ئەمنیەت و ئاسایشمان هەیە"، ئەمە قسەی سەرزاری بەرپرسانی نابەرپرسیاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لایەنگرە چاو و گوێ بەسراوەکانی بوو لە ١٠ بۆ ١٥ ساڵی ڕابردوودا. هەرکات باس لە ناکارامەیی ڕێژیم، نەبوونی ئازادی، دۆخی نالەبار و شپرزی ئابووری، پاشکەوتووی و سەرکوتی جیابیران و ناڕازییان دەکرا، کاربەدەستانی

ڕێژیم و لایەنگرانی، ئەمنیەت و ئاسایشییان لە وڵات بە چاودا دەدایەوە و ئیدیعایان ئەوە بوو کە؛ " هەرچی بێت، بەس نیە ئەمنیەت و ئاسایشمان هەیە". ئیدیعایەک کە زۆری نەخایاند دەرکەوت چەندە بێبناما و درۆین بوو.

دەرکەوت ئەو ئەمنیەت و ئاسایشەی ئەوان باسیان دەکرد، جیا لە سەرکوت و کپکردنی دەنگی جیابیران و خەڵکی ناڕازیی وڵات هیچی دیکە نیە. ئەلحەق ڕێژیم توانیبووی بە هۆی سیاسەتی سیستماتیکی سەرکوت و داپلۆسینەوە، تا ڕایەکی بەرچاو دەنگی خەڵکی ناڕازیی نێوخۆی وڵات کپ و لاواز بکات و ئازادیخوازان ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکانی خۆی بکات و وا بنوێنێ کە "دنیا شامی شەریفە" و ئەمنیەتێکی باش بەسەر وڵاتدا زاڵە.

ڕێژیم بە هەموو هێز و توانای سەرکوت و دژێگەلیانەی خۆیەوە سەرقاڵی دۆزینەوەی جیابیرانی ناڕازی و خەباتکارانی ڕێی ئازادی و دەسبەسەرکردن و سەپاندنی حوکم و سزای نادادپەروەرانە بەسەریاندا بوو. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نەتەنیا لە زانکۆکان، شەقامەکان، شوینەکانی کار و ماڵی خەڵک، بەڵکوو لە ڕێگای هێزی بەدناوی سایبریشیەوە، دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە خەڵکی وڵات کردبووە گۆڕەپانی لێپرسینەوە و سەرکوت. بەخەیاڵی خۆی وەک ئیدیعایشی دەکرد، پێی وابوو توانیویەتی "لانیکەم، ئاسایش و ئەمنیەت بۆ وڵات دابین بکات"!!. بەڵام وەک لە چەند ڕووداوی وەک؛ کوشتنی زانا ئەتۆمییەکانی بە ڕۆژی ڕووناک لەسەر شەقامەکان، تەقینەوە لە ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی کوشتنی قاسمی سلێمانی لە کرمان و بەتایبەت و پڕشوورەییتر لە هەمووان، هێرشی ئیسرائیل لە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان بۆ سەر تاران، دەرکەوت کە "ئەمنیەتەکەی ڕێژیم" چەندە پووشاڵی و درۆینەیە.

ئەوە چ جۆر ئەمنییەتێک بوو کە ئیسرائیل لە یەکەم چرکەکانی دەسپێکی هێرشەکەی بۆ سەر تاران، توانی زەفەر بە یەکەم بەرپرسانی سپا و ئەرتەش و چەندین زانا و پلەداری هەرە بالای ڕێژیم بێنێ و گیانیان لێ بستێنێ؟ ئەوە چ جۆر ئەمنیەتێک بوو کە مووساد توانیویەتی لەنێو خاکی ئێرانەوە بەشێک لە هێرشەکەی بۆ سەر بنکە سەربازی و ئەتۆمییەکانی ڕێژیم بەڕێوە ببات و ئامانجەکانی بپێکێ؟ ئەوە چ جۆر ئەمنیەتێک بوو ئیسرائیل توانیبووی بەو شێوە بەربڵاوە نفووز بکاتە نێو دام و دەزگا ئەمنیەتی و ئەتۆمییەکان و، ئەوە چ جۆر ئەمنیەتێک بوو کە لە دوای هێرشی ئێسرائیل بۆ سەر ڕێژیم، ڕۆژ نیە میدیاکانی ڕێژیم هەواڵی دەستبەسەرکردنی چەندین گۆمانلێکراوی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل بڵاو نەکەنەوە؟!

هەر ئەمڕۆی بەیانیی ڕۆژی شەممە، ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٤، میدیاکانی ڕێژیم بڵاویان کردەوە کە لە شاری قوم، ٢٢ گومانلێکراوی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیلیان دەستبەسەرکردەوە!!. جیا لەوەیکە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە لە لایەن میدیاکانی ئێرانەوە، چەندە ڕاستن و چ پلانێکیان لە پشتە بۆ ئەوەی لەم دۆخە بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک کەڵک

وەربگرن و تۆمەتی لەم چەشنە بخەنە پاڵ کەسانی ناڕازی لە ڕێژیم، ئەگەر بە ڕاستی وەربگرین؛ دەستبەسەرەکردنی ٢٢ کەس سیخوڕی ئیسرائیل، ئەویش لە شارێکی وەک قوم کە ناوەندی بەرهەمهێنانی هزری ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و زۆرترین سەرنجە ئەمنیەتییەکانی خودی ڕێژیمی لەسەرە، لەگەڵ کارەساتباربوونی، بۆ ڕێژیم مایەی شەرمەزاری و ریسوابوونە.

لەهەر حاڵدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا نەیتوانی هیچ ئاسایش و ئەمنیەتێک بۆ خەڵکی وڵات دەستەبەر بکات، بەڵکوو وڵاتی بۆ خەڵک کردە زیندانێکی گەورە و خۆیشی ئەمڕۆ خەریکە باجەکەی دەدات. وەک دەرکەوت؛ ئیسرائیل و بێگومان سرویسە ئەمنیەتییەکانی وڵاتانی دیکەش، بە چڕی نفووزیان کردۆتە پێکهاتە هەرە سەرەکی و باڵاکانی ئەم ڕێژیمە و تەنانەت وەک چەندین جار لە دوای خۆشاردنەوەی عەلی خامنەییش ئیدیعایان کردوە، هەر ئێستا دەزانن خامنەیی لە کوێ خۆی شاردۆتەوە و دەتوانن زۆر بە ئاسانی بیشیکوژن.

سەرۆککۆماری پێشووی ڕێژیم، مەحموودی ئەحمەدینەژادیش زۆر ڕاشکاوانە باسی لە پووشاڵی بوونی نیزامی ئەمنیەتیی ڕێژیمەکەی کرد و وتی؛ "دوژمن - کە مەبەستی ئیسرائیل و ئامریکا بوو - توانیویانە نفووز بکەنە نێو دام و دەزگا هەرە هەستیارەکان و چییان پێخۆش بێت دەتوانن بیکەن."

بۆیە ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایش و ئەمنیەتی ئێراندا باسی دەکەن و پێیان وایە توانیویانە ئەمنیەت بۆ خەڵک و وڵات دەستەبەر بکەن!!، جیا لە ئیدیعایەکی پڕوپووچ شتێکی دیکە نیە و هەر ئێستا زەمین و ئاسمانی وڵات لە ئێختیار خەڵکی دیکە دایە. ئەوان تەنیا توانییان بە سەرکوتێکی بێبەزەییانەی سیستماتێک خۆیان بە سەر خەڵک و خاکی وڵاتدا بسەپێنن و هەوڵی کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکی وڵات بدەن کە ئێستە بە هۆی شەڕێکەوە کە هۆکار و سەبەبکارە سەرەکییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو دەنێن.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# حوکمڕانی لە کونەتەیارەوە




## دارسمە

بە بیستنی وشەی "کونەتەیارە" ڕەنگە وابزانن مەبەست لە کونی فڕۆکەیە. هیچ گومانی تێدا نیە فڕۆکە کونی هەیە و لە کاتی فڕینیشدا تەنیا ئەو کونەی کراوەیەو لە دواوە ئاگر و دووکەڵ فڕێ دەدات و بە زەبری ئەم ئاگرە دەڕوات. هەروەها دەکرێت بە "ئاشیانە" یان ئەو حەشارگەیانەی فڕۆکەی تێدا ڕادەگرن بگوترێت کونەتەیارە. بەڵامە ئەم کونەتەیارەیەی ئێمە هیچکام لەوانە نیە. بۆ شیکردنەوەی دەستەواژەی کونەتەیارە بۆ لاوانی ئێستا و بەرەی ئەم دواییانە دەبێ بڵێین دەستەواژەی کونەتەیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق و هێرشی بەردەوامی چەکداران و فڕۆکەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵکی بێتاوان کەوتە سەرزاران و بەو کون و قۆرت و قووڵکە و بۆدڕە ژێرزەوییانە دەگوترا کە خەڵکەکە لە کاتی بۆمباران خۆیان تێدا حەشار دەدا. دوای ناساندن و شیکردنەوەی دەستەواژەی کونەتەیارە دەگەڕێینەوە سەربابەتی سەرەکی و کونەتەیارە و هێندێک شتی دیکەش دەخەینە بەر دەنووکی دارسمە و بزانین چۆن دەیانسمێت.

هەفتەیەکی تەواو بەسەر دەستپێکی جەنگێکی گەرموگوڕدا تێپەڕی. جەنگێک کە لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکانیش زۆر قورسە و خوێنی لێ دێت. هەفتەیەک بەسەر مووشەک هاویشتن، فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "بۆمبڕێژکراو" و "سەرکەوتوو" و هەروەها ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی یەکلایەنە و شکستی ئەوی دیکەدا تێپەڕی. لە مەیدانی شەڕەکەڵەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی ئیسرائیل، وەک دوو پاڵەوانی سەرەکی، بە پشتیوانیی میدیای زۆروزەوەندی بەلایەن و بێلایەنی بێئەژماری نێوخۆیی و دەرەکی و دۆستان و دوژمناندا هەرکامیان بە ئاوازێک چیرۆکی قارەمانێتیی خۆی دەگێڕێتەوە. سەیرترین دیمەنی ئەم فیلمە ئەکشنە هالیوودیە، لە کاتژمێری یەکەمی دەستپێکی جەنگەکەدا تۆمار کرا. وا دیار بوو ئیسرائیل لە جیاتی مووشەک، پاککەرەوەیەکی ئەفسووناوی یان دەرمانی بۆ قڕکردنی جۆرێک زیندەوەری زیانباری تایبەت بە کار هێنابوو. لە ماوەی شەست خولەکدا، هەموو ئەو فەرماندە "بەوەج" و قەڵەوانەی سوپای پاسداران، ئەوانەی ساڵانێک بوو لەسەر مینبەران هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلیان لەسەر نەخشە دەکرد، بوونە هەڵم و چوونە ئاسمان. ئەوانەی وێنەکانیان بە ڕیشی چڕ و ورگی زلەوە دەکرایە پۆستە و بە سەر شەقام و بەرزەپردانەدا هەڵدەواسران، ئەوانەی بەڵێنیی "نوێژی سەرکەوتن لە قودس"یان دەدا، لە پڕێکدا وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبن، ناویان چووە لیستی "شەهیدانی ڕێگای قودس"ەوە، بێ ئەوەی تەنانەت قودس لە دووریشەوە ببینن. بەم دۆخە ئەو ترسە داماندەگریت عیزرائیلیش دەگەڵ پرۆژەی ئیبراهیمیی ناوچەکە بێت و بۆ ڕوحکێشانی بەرادەران هەرەوەزی ساز کردبێت.

جەنگی ڕاستەقینەش ئەوکاتە دەستی پێ کرد کامێراکان کرانەوە. لێرەدایە ئێران بە هەڵکێشانی گەورەترین چەکی خۆی، واتە "درۆی ڕاگەیاندن"، هاتە مەیدان. بەپێی تەلەڤیزیۆنی فەرمیی تاران سیستەمی بەرگریی مووشکی توانای هەیە مێشوولەیەکیش لە ئاسمانی تاران بگرێت، بەڵام دیار بوو ئەو شەوە مێشوولەکان لە جۆری F-35 بوون و کەمێک لە دەستیان دەرچووبوون. لەولاوە، میدیای ئیسرائیلیش هەرچی باڵۆنی هەوایی هەبوو، هەڵی دا. جەنگەکە وا گەرم بوو بینەر هەستی دەکرد ئەگەر بەردەوام بێت، هەردوو لا لەبەر کەمیی ئاڵای سەرکەوتن، تووشی قەیران دەبن.

لە نێوەڕاستی ئەم هەراوزەنایەی "کێ بەهێزترە"دا، لە پڕێکدا دیپلۆماسییەتێکی کۆمیدی سەری هەڵدا. کۆماری ئیسلامی هەتا دوێنێ لە دانوستاناندا بە مانگ لەسەر شێوەی مێزی گفتوگۆ و ڕەنگی قەڵەما دەوەستا تا هەژموونیی خۆی بسەلمێنێت و بەینی خۆمان بێت جارێک پیاوەکانی قەڵەمی زێڕیشیان دزی. بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، وەزیر و سەرۆکەکانی جیهانی کردووەتە ڕاسپاردە و نامەبەر. پەیامەکە ڕوونە: "ئەی دۆستانی بەڕێز! تکایە بە مامە گەورە بڵێن با سەگە هارەکەی بوەستێنێت، با دانیشین و قسە بکەین. ئاخر مامی گەورەمان هەرچەندە لە خولی یەکەمی مامایەتییدا لە فڕۆکەخانەی بەغداوە ڕەشپۆشی کردین، بەڵام مام هەر مامە و ئەو گەورەیە و ئێمە خزمەتکار. هەرچەند پێشتر"گفتوگۆ لەژێر فشار"مان بە گەورەترین سووکایەتی دەزانی، ئێستا ئەم بۆمبابارانە پیسە وای لێکردووین داوای "گفتوگۆی بەپەلە"

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بکەین. جاری وایە بۆمب و مووشک لە جیاتی وێرانکردن هزر و بیر و مێشک زاخاو دەکەن و خاوێنی دەکەنەوە.


لە کۆتاییدا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: کوا ڕێبەری مەزن؟ کوا "وەلیی ڕەها و بێهەوساری فەقیهـ"؟ لە کوێیە ئەو کەسەی بە تەنیا ئیشارەتێکی دەتوانێت چارەنووسی هەشتا ملیۆن کەس هیچ، ئەوانەی سووریە و یەمەن و لوبنان و ئەم عێراقەی دەرودراوسێشمان دیاری بکات؟ وا دیارە بەرێزیان وەک هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی، وەک مامە حەسەن نەسروڵڵا خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی درێژمەودای داهێنەرانەیە، بەڵام کلیلی وڵاتی ڕادەستی پاسدارە توورە و نیگەرانەکان کردوە.

لەم بڕیارە مێژووییەدا، ڕێبەری موسلمینی ئێرە و ئەوێ، تەنانەت حیسابی بۆ سەرۆککۆماری مونتەخەب و کابینە و ئەو جۆرە شتانەش نەکرد. ئەو چەمکەی ساڵانێک بوو وەک ئایەتێکی پیرۆز باسی دەکرد، واتە "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ"، بە کردەوە پێشێلی کرد. چونکە دەرکەوت "ویلایەتی موتڵەقە" تا ئەوکاتە موتڵەقە فڕۆکەی جەنگی بەسەر تارانەوە نەخولێنەوە. لێرەدا ئەوانەی هاندەری داهێنانی کونەتەیارە بوون، ئێستا لەنێو کونەتەیارەدان و لەوێوە حوکمڕانی دەکەن.

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# نووسینی ناسنامەیەک پڕ لە مێژووی داربەڕوو



**برایم چووکەڵی**

شەهید قاسم باقی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە گوندی داشبەندی ناوچەی بۆکان و لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا چاوی بە دنیا پشکووت. ژیانی وەک باقیی منداڵەکانی مەڵبەندی بۆکان کە نیزامی دەرەبەگایەتی شوێنی لەسەر دانابوو لە گوندی داشبەند بە بێبەشی تێپەڕی. منداڵانی بێبەشی ئەو مەڵبەندە هەر وەک باب و باپیرانیان دەبوو لە نەخوێندەواریدا

بمێننەوە و لە مووچە و مەزرا بچەوسێنەوە و بەرهەمی کاریان بچێتە گیرفانی دەرەبەگەکان. ژیانی قاسمیش وەک منداڵانی دیکەی ئاوایی وابوو، و ئەویش لە خوێندن بێ بەهرە بوو، ناچار بوو ڕێگای موچە و مەزرا بگرێتە بەر و شانبەشانی باقی ئەندامانی بنەماڵە لەبەر سوورە تاوی هاوین کار بکا.

ژیانی قاسم باقی تا سەردەمی لاوێتی بە ئاژەڵداری و کاری وەرزێری لە گوندی داشبەند تێپەڕی. پاشان ماڵیان بۆ گوندی ئاڵیکەند گواستەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون. ناردنی قاسم بۆ خزمەتی ئیجباری دەرفەتێک بوو فێری خوێندن و نووسین بێ. بەهۆی ئۆگرییەکی زۆر بە خوێندن کە لە وجوودی ئەو کوڕە زەحمەتکێشەدا خۆی دەنواند زۆر زوو فێری خوێندن و نووسین بوو. پاش دەورەی ئیجباری قاسم نەگەڕایەوە گوندی خۆیان، بەڵکوو لە بۆکان گیرسایەوە و ملی نایە بەر کاری میکانیکیی تراکتۆر. لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیشدا قاسم باقی کە ڕەنجبەخەساری جووتیارانی دیبوو، بۆ کۆتاییهێنان بەم وەزعە شێلگیرانە لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی زوڵم و زۆری پاشایەتیدا بەشداریی کرد و ڕۆڵی خۆی وەک لاوێکی بە هەست گێڕا.

پاش ئەوەی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی ئاخوندی پەلاماری دڕندانەی بۆسەر کوردستان هێنا و دوای ئەوەی یەکەم جار بۆکان لە دەستی داگیرکەران پاک کراوەیە، قاسمی نیشتمانپەروەر چەکی شەڕەفی لە شان کرد و لە پاککردنەوەی مۆڵگەکانی ڕێژیم لە شاردا بەشدار بوو. ئەو سەرکەوتنە سەرەتای خەباتی بەکردەوەی قاسم باقی بوو.

قاسم ڕێگای شۆڕشگێڕانی گرتە بەر و بڕیاری دا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەر بەو بۆچوون و بیروباوەڕە پیرۆزەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرکەکانی حیزبی دێموکرات و قۆڵی خەباتی بۆ خەبات دژی کۆنەپەرەستان و هەموو ئەو کەسانەی دژی ئازادی گەلی کوردن هەڵمالی. ئەو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانی دا کە کوڕێکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی بەوەج و ڕاستەقینە و خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی گەلی کوردە. هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە.

قاسم باقی لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا، قارەمانەتییەکەی لە شەوی نەورۆزی ٥٩ی شاری سنەدا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکرات، جێی خۆی کردەوە و قاسمی گەیاندە فەرماندەری لک. لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایی و پسپۆڕیی خۆی بەکار هێنا و هەوڵی دا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکە هێزی بەیان بکا بە نموونەی هێزەکانی حیزب. بەمجۆرە بە فەرماندەریی قاسم و عەلی باڵدار و برایمئوف و حەسەن جەمشیدی و کەریم فەرامەرزی و عوسمان دادخا دەیان مۆڵگە لەو مەڵبەندە گیران و سەدان بەکرێگیراو کوژران. ئەو لە کاتی تەنگانەدا

خۆی نەدەدۆڕاند و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەی ڕێنوێنی دەکرد. قاسم باقی دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار بوو و لە جاری دووەمدا نیوەی لەشی فەلەج و ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدا بوو تا بە خۆشییەوە بە هەوڵی کادرە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەی حیزب توانی تا ڕادەیەک چارەسەر بکرێ.

دوای شەهیدبوونی چرچەی بارام میرزا لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە پێشنیار بە قاسم باقی کرا وەک جێگری هێز بگەڕێتەوە بۆکان و ئەرکی پێئەسپێردراوی بەڕێوە بەرێ. قاسم هەرچەند برینەکەی بە تەواوی چاک نەبۆوە، بەڵام بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە بەتایبەتی لە هەلومەرجی ناسکی ئەو کاتدا ئەو مەسئولییەتەی قبووڵ کرد و گەڕایەوە لای هاوسەنگەرانی لە هێزی بەیان و لەماوەیەکی کورتدا سەرلەنوێ ڕوحێکی تازەیدا بە بەری هێزەکەدا کردەوە و پاش ماوەیەک وەک سەرپەرستی هێز دیاری کرا. ناوبراو یەکەمین عەمەلیاتی گەورەی بە یادی چرچە و برایم ئوف، گرتنی پایگای ترکاشەی بوو کە بووە هۆی ورەبەخشین بە پێشمەرگەکان و تاساندنی دوژمن.

شەوی ٩ - ٣ - ١٣٦٤ قاسم باقی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری لە ئاوایی باغڵووجەی بۆکان مابوونەوە. سەعات ٢ی نیوەشەو چەند چەکدارێک چووبوونە پەنا دەرگای ماڵەکە و خۆیان حەشار دابوو. قاسم کە چاوی پێیان کەوتبوو دەنگی دابوون. چەکدارەکان وەڵامیان دابۆوە کە کە پێشمەرگەی هێزی پێشەوان و بە شوێن تۆدا هاتووین. قاسم کە شک و گومانی لێ پەیدا بوو و وەڵامیانی نەدابۆوە و بە دەمانچەوە لێیان چووبووە پێش، بەڵام چەکدارەکان دەستڕێژیان لێ کرد و قاسم بەسەختی بریندار و پاش ١٢ سەعات شەڕ و بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ، چاوی لەسەر یەک دانا و شەهید بوو.

شەهید بوونی قاسم باقی لە ناوچە دەنگی دایەوە و خەڵک فرمێسکی بۆ هەڵڕشت. خەڵک پرسیاریان دەکرد کێ بەو نیوە شەوە قەڵافەتی قاسمی دابێژ کرد و دەرکەوت قاسم بە دەستی چەکدارەکانی کۆمەڵە لە خوێن وەر دراوە.

خوێنی قاسمی باقی و شەهیدە سەربەرزەکانی دیکە حەقانییەتی خەباتی گەلی کورد و دروستبوونی ڕێگەکەیمان پێ دەسەلمێنێ.

ای پووشپەڕی ٢٧٢٥

## ئیتر شەڕ نیعمەت نییە!



(شیکارییەک بۆ گۆڕانی ستراتیژی قەیرانسازیی لە کۆماری ئیسلامیدا)



ڕەزا دانشجوو

دوای چوار دەیە بەسەر دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا، ئێستا نیشانەکان بەڕوونی دەرخەری گۆڕانکاریەکی ستراتیژی لە

سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەدان؛ گۆڕانکاری لە "قەیرانسازیی چالاک"ەوە بۆ "دوورکەوتنەوە لە ململانێ". کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێک شەڕ و دوژمنایەتیکردن و جەمسەرگیری نێوخۆیی وەک ئامرازی مانەوە لە قەڵەم دەدا، ئێستا لەگەڵ دۆخێکدا بەرەوڕوو بووەتەوە و وەها لاواز و بێ هێزە کە نە توانای دروستکردنی قەیرانی تازەی هەیە، نە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی!

## ئەندازیاری هەست و سۆز و ڕای گشتی

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ٥٧ەوە بە پشتبەستن بە هەستی ئایینی و نەتەوەیی هەوڵی پێکهێنانی تەوافوقێکی ساختەیان دا. شەڕی سەپێنراوی ئێران و عێراق، هەرچەندە لە ڕوانگەی ماڵییەوە زورترین تێچووی دەیەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بە "نیعمەت" دادەنرا و بە وتەی خودی کاربەدەستانی ڕژیم؛ دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ سەرکوتکردنی نەیاران و نەهێشتنی ڕەخنەگران و یەکخستنی پێکهاتەی دەسەڵات. بەڵام ئەوەی لە میدیا فەرمییەکاندا کەمتر باسی لێوەکرا، کارەساتی مرۆیی و وێرانکردنی ژێرخانی وڵات و ئەو تێچووە بوو کە بە سەر گەلانی ئێران بە تایبەت ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان دا سەپێندرا!

## لە شەڕی نێوخۆوە بۆ شەڕی بەوەکالەت

بە تێپەڕبوونی کات، کۆماری ئیسلامی مەودای قەیرانسازیی خۆی لەنێو سنوورەکانیەوە بۆ دەرەوەی وڵات فراوانتر کرد. پشتیوانیی ڕاستەوخۆی گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەماس لە فەلەستین، حەشدی شەعبی لە عێراق و ئەنساروڵڵا لە یەمەن بەشێک بوو لە تاکتیک و پلانی درێژخایەنی "قوڵایی ستراتیژی"ی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ بەرەڕووبوونەوەی دوژمنانی ناوچەیی و جیهانی، هەڵبەت لە ڕوانگەی وەلایەتی فەقیهەوە! لە ڕاستییدا ئامانجی سەرەکیی ئەم گرووپانە چوونە ناو ململانێ ناوچەییەکان و بەشداری لە شەڕ بە نوێنەرایەتی لە کۆماری ئیسلامی بوو بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران لە کاتی قەیران و کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم، نەک بەرەڕووبوونەوەی ئیسرائیل یان سعودییە.

بەڵام ڕووداوەکان و ململانێی بەربڵاو لە ناوچە دوای ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی ئەقسا بوو بە هۆکاری ئەوەیکە؛ هاوسەنگی هێزەکانی کاریگەر لە ناوچەی بە تەواوەتی بگۆڕدرێت. هێرشە بەردەوام و جەرگبڕەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس و پاشان حیزبوڵڵا نەک هەر پێکهاتەی فەرماندەیی ئەم گرووپانەی تێک شکاند، بەڵکو دەسەڵاتی موزایەدەی کۆماری ئیسلامیشی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. لە هەمووی گرنگتر، ئەم شکستانە بە شێوەیەکی بابەتیانە لە میدیا جیهانییەکاندا

ڕەنگدانەوەی هەبوو و وێنەی "دەسەڵاتی ناوچەیی" ڕێژیمی تارانیان بە تەواوی شێواند!

## کۆتایی ڕێگا: کەوتنی هاوپەیمان و داخرانی ڕێگاکان!

گورزێکی گەورەی دیکە کە بە تەواوەتی دەسەڵاتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و توانای دەستێوەردانی ڕژێمی لەنێو برد، ڕووخانی لەناکاوی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە بوو. سوریەی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد کە لە ماوەی ساڵیانێکی دورودرێژ وەک تەنیا هاوڕێ و هاوڕای کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دەورێکی گرنگی لە گواستنەوەی چەک و هێز بۆ هێزەکانی بەکرێگیراو و بەوەکالەتی ڕژێم لە لوبنان و فەلەستین دەگێڕا، ئێستا بووەتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی لایەنە ڕکابەرەکانی ڕێژیم لە ناوچە بە تایبەت تورکیە و تەنانەت ئیسرائیل! ئەم پێشهاتانە فەزای هەناسەدانی ناوچەیی کۆماری ئیسلامییان بە توندی سنووردار کردوە و کاریگەرییەکانی ڕێژیمیان لەناوچە لە هەموو بوارەکاندا تا ئاستێکی بەرچاو لاواز کردووە.

## قەیرانی سیاسەتی دەرەوە؛ لە ئاکام "بەرجام" ـەوە بۆ بنبەستی دیپلۆماسی:

لەگەڵ هاتنەسەرکاری دووبارەی دۆناڵد ترامپ و گرتنەبەری سیاسەتی ئەوپەڕ گوشار و گەمارۆدان لە لەلایەک و پێداگریی بەردەوام لە سەر پێداویستی گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران لە ماوەیەکی دیاریکراو لە لایەکی ترەوە، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژکردنەوەی بەردەوامی دانۆستانەکان و کات کڕینەوە و لە ڕاستییدا پێشبردنی سیاسەتی "نە شەڕ نە ڕێکەوتن"ی خامنەیی تووشی شکست کرد. گوشاری گەمارۆکان و سەختیی هەناردەکردن و وەدەسهێنانی داهاتی نەوت و چەقبەستوویی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامیی خستە دۆخێکەوە کە نە دەتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت و نە پاشەکشە بکات. بێئاگایی تەواو و پێشبینینەکردنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری کاردانەوەی ئیسرائیل و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئێران گورزێکی جەرگبڕی تر بۆ جەستەی لاوازی ڕێژیمی ئێران بوو!

## کۆمەڵگایەک کە چیتر فریو نادرێت:

دەبێت بگوترێت؛ هاوکات لەگەڵ هەموو پێشهاتە دەرەکییەکان، گرینگترین هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا سەری هەڵداوە: درزێکی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵات. خۆشحاڵی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە دوای کوشتنی تاقمێک لە فەرماندەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداران لە هێرشەکانی تازەی ئیسرائیلدا دەرخەری واقیعێکی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**حاشاهەڵنەگر و قووڵایی کەلێنی سازبووی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. له ڕوانگەی زۆرینەی خەڵکی ئێران، شەڕ دژی ئیسرائیل ئیتر وەک ئەرک و بەرخۆدان و له ژێر ناوی "بەرگریی پیرۆز" پێناسە ناکرێت و کەس پشتگیری له بەردەوامیی ئامادەبوونی کۆماری ئیسلامی له شەڕەکانی بەوەکالەت له ناوچەکەدا ناکات. پێچەوانە له چاوی خەڵک ئێرانەوە کۆماری ئیسلامی خۆی گەورەترین دوژمنی ئێرانە!**

**گەلانی ئێران دوای ساڵانێک له گوشاری ئابووری، سانسۆر، سەرکوت و بێڕێزی، بۆیان دەرکەوتووە شەڕ و قەیران تاکە ئامرازی مانەوە بۆ حکومەتێکە کە له ناوەوە شەرعیەتی نەماوە و داڕووخاوە. ئەمجارە شەڕ نەک هەر بۆ ڕژێمی وەلایەتی فەقی شەرعیەت ناهێنێت، بەڵکو دەبێتە ئامرازێک کە داڕمان و لەناوچوونی خێراتر دەکات.**

**سیاسەتی قەیرانسازیی کۆماری ئیسلامی ئێستا دوای دەیان ساڵ کاریگەری و کەڵکوەرگرتن بە هۆی ئاگاداری خەڵک و ناسینی سرووشتی ڕاستەقینەی ڕژیم گەیشتووەتە بنبەست. کۆماری ئیسلامی کە دەیان ساڵە شەڕی بە "نیعمەت" دەزانی، ئێستا بێدەسەڵات و بێهیواتر له هەمێشە له بەرامبەر دەرئەنجامەکانیدا بێدەنگ بووە و بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ ڕزگاربوون. ڕای گشتی ئیتر بە بینینی چەند وێنە ساختە و چەند گێڕانەوەی ناڕاست ناورووژێت و فریو ناخوات! "شەڕ چیتر نیعمەت نییە"؛ ئەمە پەیامی ئەمڕۆی کۆمەڵگایەکی ژیر و وشیار و ئاگاداری ڕاستیەکانە، کۆمەڵگایەک ماندوو و بێزار له درۆ و پڕۆپاگەندە و قەیرانسازی!**

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

# شیکاریی ستراتیژی لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران



**(کاریگەرییە سەربازی و سیاسییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا)**

**ورمێ تەرگەوەڕ**

هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران، چ لە شێوەی ئۆپەراسیۆنی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یان ئۆپەراسیۆنی شاراوە، تەنیا کردەوەیەکی سەربازی نەبوو و نیە؛ بەڵکوو دوو ئامانجی سەرەکی و ستراتژیکی بەدوواوەیە کە دەرئەنجامەکانی هەم کاریگەرییان لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەبووە، هەمیش واقیعی بەتاڵبونی، هێزە ناوەندگەراکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئاشکرا کردوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم هێرشە، لە هەلومەرجی هەنووکەیی و تەنانەت بۆ داهاتووی، ئەگەری دوای ڕووخانی ڕێژیم، لاوازکردنی ژێرخان و توانا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئیسرائیل هەمیشە ڕایگەیاندوە، کە ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نادات ئێران توانای سەربازیی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، لە هەمان کاتدا چەک و پێکهاتە سەربازییەکانی ڕێژیم،

بە تایبەت سپای پاسداران، بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل، وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە و تەنانەت خەڵکی ئێرانیش، دێنە هەژمار. بۆیە ئەم هێرشانە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو توانایانە و گەیاندنی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی ئێران، بۆ ئاستێکە کە بە بەتەواوەتی کۆنترۆڵیان بکەن بۆ ئەوەی هیچ دەستەڵاتێکیان بەسەردا نەبێت، یان لە ئەگەری ڕوخانی ڕژێمیدا، مەترسی دووبارە دروست نەکەن.

بەڵام ئامانجی دووهەم کە کەمتر گرنگی پێ دراوە، تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو هێزانەیە، کە بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرایی دەکەن، بەتایبەت هەندێ لایەنی وەک پاشایەتیخوازەکان کە ساڵانێکە بانگەشەی ئەوە دەکەن; کە لە پشتیوانیی گشتی لەنێو ئێراندا بەهرەمەندن. ئەو ئیدیعایانەی کە لە گوتاری میدیایی ئەم تەیفەدا، چەندین جار دووبارە بوونەتەوە، وەک "ئەگەر هێرشێکی دەرەکی ڕووبدات، ئەوان دەتوانن خەڵکی ناوەند و چینی نێوەڕاستی شارەکان ببەنە سەر شەقامەکان"، ئێستا دەخرێنە بەر تاقیکردنەوە. هێرشێکی سنووردار بەڵام ڕاستەقینە بۆ سەر ئێران، هەرا ئیستاش نەک هەر نەبووە هۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە ناوەندی وڵاتدا، بەڵکوو بێدەنگی و بێباکی و تەنانەت جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێی گشتی، لەمەر ململانێ و دارمانیشی بەدوواوە بوو.

لە ڕاستیدا هێرشی ئیسرائیل ئەوەی ئاشکرا کرد، ئیدیعای هێزە ناوەندگەرایەکان بۆ لۆبی بەهێز و پێگەی هەراویان لە درۆیەکی باڵدار بەولاوەتر نیە و خاوەنی پشتیوانیی خەڵک و کاریگەری جەماوەرییان نین.

لەم ڕووەوە ڕاستییەکی تر، زیاتر و زیاتر دەرکەوتە پێش ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە تاکە هێزێک، کە ڕێکوپێک و ڕێکخراو و پشتیوانی جەماوەرییان هەیە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەلوچستانن. ئەم دوو هەرێمە، لە مێژە تووشی توندترین شێوەی جیاکاری، چەوساندنەوە و ئینکاری بوون. لە ڕاپەڕینی "ژینا" یان بزووتنەوەی "ژن، ژیان و ئازادی"دا، ئەم نەتەوانە، پێشکەوتنخوازانەترین و خۆڕاگرترین ڕۆڵیان، لەو ڕاپەڕینەدا هەبوو. ئەو هاوپشتییە فراوانەی، کە خەڵکی کوردستان و بەلوچستان لە ئاست ئەم ڕاپەڕینەدا ئافراندیان، نەک هەر لە بەر چێژی ئەزموونی بەردەوام و زیندووی ستەمکارییە، بەڵکو لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری سیاسی، داواکاری ڕوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یەکگرتوویان، سەرچاوەی گرتووە.

بەڵام ئەوەی زیانبەخشترین بوو، خیانەتکردن بوو لە بزووتنەوەی جەماوەریی لەلایەن هەندێک هێزی ناوەندگەرا — و بەتایبەت کەسایەتییەکانی وەک ڕەزا پەهلەوی — لە شۆڕشی ژینادا. لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا کە بزووتنەوەکە بەهێزتر بکەن، هاودەنگی نەتەوەیی قووڵتر بکەنەوە، بەشێک لەو هێزانە، بە شێوەیەکی کاریگەر، بە بڵاوکردنەوەی ترسی لە

"جیاییخوازی" ڕێک بوونە هاودەنگی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. هەوڵیان دەدا بزووتنەوەکە لە ڕێبازە ڕادیکاڵ و ئامانجداری لابدەن و، لە شێوەی ڕیفۆرمخوازی، یان گۆڕانکاریی بەڕێوەبردندا کورتی بکەنەوە؛ ڕێگایەک کە تەنها سوودی لە ڕژێم زیاتر بۆ کەسی نەبوو.

بیروباوەڕی بە دامەزراوەیی کراو لە نێو بەشێک لە خەڵکی ناوەندداا، سەبارەت بە "یەکپارچەیی خاک" و ترسی دابەشکردنی وڵات، بوو بە ئامرازێک لە دەستی هێزە ناوەندگەرییەکان، بۆ لاوازکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی ستەملێکراو. لە ڕاستیدا ئەم هێزە ناوەندگەرایانە لە قاڵبێکی دیکەدا، بە دووبارەکردنەوەی هەمان قسە و باس و تۆمەتەکانی ڕێژیم، هەوڵیان دا کورد، بەلووچ و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی وڵات نیشان بدەن. بەڵام ئێستا بۆ زۆر کەس ڕوون بووەتەوە، کە ئەم گەلانە دوژمنی یەکگرتوویی نین، بەڵکو هەڵگری ڕاستەقینەی بەرنامەی ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسین؛ بەو هۆیە ئەو گەلانە، لە بەرەکانی پێشەوەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی وەستاون و باجی قورسیان داوە.

لێرەوە هێرشی ئیسرائیل، جیا لە دەرئەنجامە ژئۆپۆلیتیکییەکانی، واقیعێکی نوێی بۆ هەردوو بیروڕای گشتی ناوخۆیی و هەم بۆ هێزە جیهانییەکان ئاشکرا کرد: ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتووی ئێراندا ڕووبدات، ئەوا بە دەستی شازادە دەربەدەرەکان و گرووپە بێ ڕەگەکانی نێو ناوەند مومکین نابێت، بەڵکو بە ئامادەبوون و سەرکردایەتیی هێزە ڕەگداکوتاو، یەکگرتوو و جەماوەرییەکان، لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکە دەبێت.

هەروەها بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕوون بۆوە کە مرۆڤ، لە هەڵسەنگاندنی ئایندەی ئێراندا، نابێت تەنها پشت بە روخسارەکانی میدیایی، خۆدەرخستنەکانی بەبێ پشتیوانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی پشت ببەستێت. ئەگەر پرۆژەی دێموکراتیزەکردنی ئێران لەبەر چاو بگیرێت، پێویستە بەرداشتێکی دادپەروەرانە، واقیعبینانە و فرەنەتەوەیی، بۆ هەیکەلی پێکهاتەی ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران پەیڕەو بکرێت؛ ڕوانگە و بەرداشتێک، کە بوونی نەتەوەی کورد، بەلووچ، عەرەب، ئازەری و تورکمان، نەک وەک هەڕەشە، بەڵکو وەک بەشێک لە چارەسەر ببینێت.

دواجار دەکرێ بڵێین هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هەم سوپای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ڕوانگەی سەربازییەوە گەڕاندەوە بۆ خاڵێکی لاوازتر، هەم لە ڕووی شەرعیەتی جەماوەرییەوە، هێزی ناوەندگەرای گەیاندە خاڵی سفر. ئێستا کاتی ئەوەیە، متمانە بەو هێزانە بکەین، کە بە بەهای خۆیان، لە مەیدانەکەدا ئامادەن، قوربانییان داوە، بە لێهاتوویی سەلماندوویانە، بۆ داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەر، لەگەڵ خەڵکدا وەستاون.

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل؛ بۆچی ڕووسیە خۆی لە ئاگری شەڕەکە بە دوور دەگرێت؟





**مادح ئەحمەدی**

هەتا دێ گرژی و پێکدادانەکانی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی توندتر دەبێت. لەم نێوانەدا هەڵوێستی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان پڕ گرنگە، هەر بۆیە سەرنجێکی زۆر لەسەر هەڵوێست و جووڵەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەیە و لە لایەکەی دیکەشەوە هەڵوێستی ڕووسیە پڕ گرنگ و جێ سەرنجە. بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا زۆر ڕەخنەی لێ دەگیردرێت کە

بۆ بە قازانجی هاوپەیمانە دێرینەکەی نایێتە نێو شەڕەکەوە. پێم وایە، بەشداریی ڕاستەوخۆی هەرکام لە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لەم شەڕەدا، لێکەوتەکانی شەڕەکە فراوانتر دەکات و ڕاستەخۆ کاریگەرییەکەی لە ئاستی ناوچەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئاستی نێودەوڵەتی و سەرپاکی سیستمی نێودەوڵەتیی دەگرێتەوە. ئەوەی لێرەدا پێم خۆشە تیشکی بخەمە سەر، وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆ ڕووسیە نایێتە نێو شەڕەکەوە؟ گەلۆ ڕووسیە هاوپەیمانە دێرینەکەی پشتگوێ خستووە، یان گەرەکییە ڕۆڵێ وڵاتێکی بێلایەن و ناوبژیوان بگێڕێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پێوەندییەکی فراوانی لەڕووی سەربازی، ئابووریی و سیاسییەوە لەگەڵ ڕووسیە هەبووە. دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ململانێی نێوان ڕووسیە و ئەمریکا، فاکتەرێکی دیکەیە کە ڕووسیە و ئێرانی وەک دوو وڵاتی دەرەوەی بلۆکی ناتۆ لێک نزیک کردووەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٥دا قاسم سلێمانی ڤلادەمیر پۆتینی ڕازی کرد کە بێتە ناو شەڕی سووریاوە و لێرەدا ئێران لەڕووی تەناهییەوە، پەرەی بە پێوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیە دا. بەشداریی ڕووسیە لە شەڕی مانەوەی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریا، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هاوکێشەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو.

لەوەها دۆخێکدا، ڕووسیە بەرامبەر بە هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران و بە ئامانجگرتنی فەرماندەکانی سوپای پاسدارن، هەمیشە بێ هەڵوێست بووە و هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە. تەنانەت بۆ یەکجاریش بەرپەرچی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر بنکەکانی ئێران لەناو خاکی سووریا نەدایەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی تایمزی ئیسرائیل، هۆکاری ئەمە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە تەلئەڤیف و مۆسکۆ لەڕووی تەناهییەوە هاوئاهەنگیان پێکەوە هەبوو و هەر دوولا ڕێک کەوتبوون کە ململانێیەکانی نێوانیان کەم بکەنەوە. لەم پێناوەدا کەناڵێکی بەردەوام بۆ هاوئاهەنگی نێوان هەر دوو وڵاتەکە چالاک بووە بۆ ئەوەی لە ئاسمانی سووریا هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوانیاندا ڕوو نەدات. بۆیە، ڕووسیە لە ئاست هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەکانی سوپای پاسداران لە سووریا، چاوی خۆی داخستووە و بێدەنگ بووە.

ڕووسیە پاش گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەشداریی لە شەڕی سووریا، هەمیشە هەوڵی ئەوە بوو لە ململانێیەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران و تەنانەت ئێران و تورکیا ڕۆڵێ ناوبژیوان بگێڕێت و بەم شێوە هەوڵی داوە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات. چونکە ئەگەر لەگەڵ تورکیا، یان ئیسرائیل ململانێ کردبایە، لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاواش دەکەوتە کێشەوە.

لە کاتێکدا کە ڕووسیە سەرقاڵی شەڕی ئۆکراینە، دروست نییە بەرەیەکی دیکە لە دژی خۆی بکاتەوە. لەم ڕووەوە ئەگەر

ڕووسیە بە قازانجی ئێران بێتە نێو شەڕەکەوە، جیا لەوەی لەڕووی سەربازییەوە بارگرانییەکی زیاتر بۆ خۆی دروست دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ئەورووپایی . بەتایبەتی بریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا. و ئەمریکا زیاتر پشتیوانی لە ئۆکراین بکەن. ئەمەش ڕووسیە دەخاتە دۆخێکی تەواو دژوار و لاوازەوە.

لەگەڵ ئەوەیکە ڕووسیە و ئێران دژی هەژمۆنیی ڕۆژاوا لە بەردەیەکدان و لەسەر مانەوەی ڕێژیمی ئەسەد هاوڕا بوون، بەڵام پێوەندییەکانیان لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی ستراتیژیکی درێژماوە دانەڕێژاوە. ئەوەندەی ئامانج و بەرژەوەندیی کاتیی ئەم دوو وڵاتە لێکنزیک دەکاتەوە، ئەوەندە بەرژەوەندیی درێژخایەن و ستراتیژیک لە نێوانیاندا نییە. بۆیە مۆسکۆ وەک هاوپەیمانێکی ناوچەیی و لۆکاڵ سەیری کۆماری ئیسلامی دەکات و ئامادە نییە بەرژەوەندییە ژێئۆپۆلۆتیکییەکانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ تاران و لە دژی ئیسرائیل پشتیوانی سەربازیی لێ بکات.

پرسی شەڕی ئیسرائیل و ئێران، ئیستا گەرمترین بابەتە لە میدیا و ناوەندە سیاسییەکان. بۆیە بەشێوەی کاتیش بێ، تا ئێستا ئەم شەڕە بە قازانجی ڕووسیە بووە و فۆکس و گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ سەر ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی ئەو وڵاتە و ئۆکراین کەم کردووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم شەڕەی ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی بازاڕی وزە ناجێگیر بێت. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر نەوت و گازی هەیە. بۆیە هەر چەشنە گەمارۆ و هەڕەشەیەک بۆسەر ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی وزە، ناسەقامگیری لەو بازاڕەدا دروست دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز. لەم ڕووەوە ڕووسیە کە یەکێک لەو وڵاتە گەورانەیە کە نەوت و گاز هەناردەی چین، هێندوستان و ژمارەیەک وڵاتی ئەفریقی دەکات، قازانجێکی زیاتری دەست دەکەوێت و بازاڕی جیهانیی وزە زیاتر پێویستی پێ دەبێت. بۆیە لاوازکردنی پێگەی ئێران لە بازاڕی جیهانی وزەدا، دەبێتەهۆی قازانج و دەرفەتی زیاتر بۆ ڕووسیە.

ڕووسیە بۆ خۆی وڵاتێکە کە خاوەن چەکی ناوەکییە. لەم ڕووە، پێخۆش نییە کە وڵاتی دیکە ببێتە خاوەن ئەم چەکە. چونکە لەم حاڵەتەدا ئێران زیاتر پێویستی بە ڕووسیەیە. بەڵام ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، ئیتر ئەوکات لەڕووی سەربازییەوە وەک وڵاتێکی لاواز سەیر ناکرێت. ئەمەش بە قازانجی ڕووسیە نییە. بۆیە لە بەرژەوەندیی ڕووسیەیە کە ئێران خاوەنی چەکی ناوەکیی نەبێت و بە لاوازی بمێنێتەوە و زیاتر پێویستی بە ڕووسیە بێت.

زیاتر لە ٢٠٠ شارەزا و پسپۆڕی ڕووسی ئێستا لە بنکەی ناوەکی بووشێهر کار دەکەن. ئەوەی بۆ ڕووسیە لەم شەڕەدا گرنگە

ئەوەیە کە، ئاسایشی ئەو ٢٠٠ کەسە بپارێزێت. لەمبارەوە پۆتین ڕای گەیاندووە کە گەرەنتییان لە ئیسرائیل و ئەمریکاش وەرگرتووە کە پارێزراو دەبن و هێرش ناکرێتە سەر بنکەی بووشێهر. بۆیەش هێرش ناکرێتە سەر بووشێهر، چونکە ئەم بنکەیە پێوەندیی بە پرۆژەی دروستکردنی چەکی ناوەکییەوە نییە و لە بواری وزەدا کار دەکات.

بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە، وا دەدەکەوێت کە ئەمجارە پۆتین یارییەکی لۆژیکی دەکات کە خۆی لە شەڕەکە دوور گرتووە. دیارە ئەگەر بێتە ناو شەڕەکەوە، بە زەرەری ئێرانیش تەواو دەبێت. چونکە لەم حاڵەتەدا دوور نییە، کە بڕیاری گۆڕینی ڕێژیم بدرێت و خامنەییش تووشی چارەنووسی ئەسەد بێت. بۆیە بۆ پۆتین کە چەند مانگ لەمەوبەر لە ڕاگرتنی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریا شکستی خوارد، قورسە کە کەوتنی کۆماری ئیسلامیش وەک شکستێک بۆخۆی تۆمار بکات.

لەراستیدا، هەڵوێستی ئێستای ڕووسیە زیاتر لە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەرهاویشتەی دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ڕووسیەیە. ڕووسیە گەرەکییە بالانسی هێز لە ناوچەکە رابگرێت، لە لایەک نەکەوێتە خانەی دژایەتیی وڵاتانی عەرەبی کەنداوە و ئیسرائیل و لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوێ خۆی لە کێشە و ململانێی نوێ لەگەڵ ئەمریکا بەدوور بگرێت. لەم ڕوانگەوەڕرووسیا ئەگەر گەرەکی بێت پێگەی خۆی وەک ئەکتەرێکی گەورە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بپارێزێت، پێویستە خۆی لە ئاگری ئەم شەڕە بە دوور بگرێت.

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# بێدەنگیی خەڵکی ناوەند و ئێمەی نەتەوەکانی ستەملێکراو





**ڕەحیم نزهەتزادە**

لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکەی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران – بەبێ گوێدانە ڕەهەندە یاسایی، سەربازی و سیاسییەکانی– ئەو کاردانەوەیەی کە دەبوو لە دڵی کۆمەڵگەوە، واتە خەڵک بێتە ئاراوە، هەتا ئێستا ڕووی نەداوە. ئەو کاردانەوەی ئێمە لە لایەن کۆمەڵگەی ناوەندەوە دەیبینین بێدەنگییەکی قورس و کوشندەیە. لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە هەلومەرجێکی

هاوشێوەدا، و لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا، ئەوە دەکرا بە هەوێنی گۆڕەپانی ڕاپەڕین و گۆڕانکاری. ئەگەر ڕووداوێکی لەو شێوەیەی ئێران، لە وڵاتێکی دیکە ڕووی دابا، خەڵکی بەشی ناوەندی ئەو وڵاتە، هەرچەندە ڕێژێمەکەیان ستەمکاریش بووایە، بێگومان دەڕژانە سەر شەقامەکان. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بە تایبەت بەشی ناوەند، بەردەوامن لە پاسیڤبوون و کەوتنە نێو خەوێکی قووڵەوە.

لە هەلومەرجێکدا کە گوشارە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ سەر ڕێژیم بەردەوام لە زیادبووندایە و خەڵکی دەوروبەر، بە تایبەت لە کوردستان و بەلوچستان و ئەهواز و ناوچە چەوساوەکانی دیکە باجی قورسیان بۆ خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە داوە، جەماوەری ناوەند هەروا بێدەنگە. ئەم بێدەنگییە بەڕێکەوت نیە؛ ئەوە ڕەنگدانەوەی دووڵییەکی پێکهاتەییە، بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی گۆڕینی بنەڕەتیی سیستەمەکە.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش: ئایا خەڵکی ناوەند چاوەڕێی وڵاتانی دەرەوە، یان گەلانی تری ئێران، وەک کورد و بەلووچن بێن و ئەرکەکەیان بۆ تەواو بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕوونە: ڕووخاندنی حکومەتێک -تەنانەت ئەگەر تاکڕەو و تاوانکاریش بێت- ناتوانرێت لە دەرەوە بسەپێندرێت. شەرعییەتی ئەو گۆڕانکارییە، پەیوەستە بە چالاکی خەڵکی خۆجێیی. ڕەنگە هێز و لایەنە نێودەوڵەتییەکان بتوانن ڕێگاکە نەرم و خۆش بکەن، بەڵام ناتوانن جێگەی ئیرادەی خەڵکی هەمان وڵات بگرنەوە؛ بەتایبەتی ئەو خەڵک و جەماوەرەی کە لە ناوەنددان، هەم لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان و چ لە ڕووی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەوە، لە پێگەیەکی سەرەکی و کلیلیدان.

لەم جۆرە هەلومەرجەدا، پاسیڤیەتی و ناکارایی چینی ناوەندگەرا، هەڵگری پەیامی گرینگە بۆ گەلانی چەوساوە. پەیامی یەکەم ئەوەیە کە نابێت چاوەڕوانی بەئاگاهاتنەوەی کتوپڕی ناوەند بکەین. ئەو بێدەنگییەی ئەمڕۆ دەیبینین، تەنیا دەرئەنجامی ترس نیە، بەڵکوو دەرئەنجامی ساڵانێکە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەیی، ئیمتیازە کولتوورییەکان و هەستکردن بە سەربەخۆیی بە "نیشتمانێکی یەکگرتوو" کە بەکردەوە ناوەند وەک میحوەر و دەروبەر وەک پەراوێز دەبینێت.

لە بەرامبەر ئەم واقیعەدا، ئەرکی ئێمەی گەلانی ستەملێکراو، نەک هاواری سۆزداری، بەڵکوو دەبێ شیکاریی واقیعی ببێت. پێویستە ئەم بۆشاییە کە دروست بووە، بەڵام نەک بۆ هەڵگیرسانی ڕق و کینە، بەڵکوو بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئاشتەوایی نەتەوەیی لەنێو خۆماندا بە کار بهێنین. دەبێت لە ململانێ مێژووییەکان بەبێ ئەوەی لە بیریان بکەین، بۆ دووبارە نەبوونەوەیان لەو فێربین، و دەست بە لاپەڕەیەکی نوێ بکەین. لاپەڕەی خۆبەڕێوەبردن، هاوپشتی نێوخۆیی و دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە ناوەندێکی خەوتوو.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**هەنگاوی یەکەم؛** ئامادەکردنی گەلی خۆمانە: چ لە ڕووی دەروونی و چ لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە. دەبێت لە ئەگەری روخانی ڕێژیم، گەلەکەمان فێر و ئامادە کردبێت، کە چۆن پارێزگا، شار، ناوچە و گوندەکانیان بەڕێوە ببەن؛ چۆنیەتیی پاراستنی ئارامی گشتی، و چۆن ڕێگری بکەن لە بۆشایی دەسەڵات کە نەبێتە هۆی، ئاژاوە، هەرج و مەرج، یان هەڵوەشاندنەوەی نەخوازراو. ئێمە پێویستمان بە شێواز گەلێکە بۆ حوکمداری بەشدارانە، نێوخۆیی و دێموکراتیک؛ شێواز گەلێک، کە نەک لەسەر بنەمای ناوەند، بەڵکوو لەسەر بنەمای پێداویستییە ڕاستەقینەکانی هەر ناوچەیەک، دیزاین کراوبن.

**هەنگاوی دووەم؛** دارشتن و بە ڕوونی خستنەڕووی داواکارییەکانمان. دەبێت بزانین چیمان دەوێت، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی واقیعی بیخەینە ڕوو، خۆمان لە سیاسەتی "هەموو یان هیچ" بەدوور بگرین. زۆرترین داواکاری، بەبێ گوێدانە توانا و مەرجە بابەتییەکان، نەک هەر شکست دەهێنێت لە بەدەستهێنانی ئەنجام، بەڵکو نەوەکانی داهاتووش لە ڕێڕەوی داواکارییەکانان دەخاتە تەنگانە و بێهیوایان دەکات. دەبێت پلانێکمان هەبێت بۆ پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاو؛ لە خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆییەوە هەتا بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی یاسایی و شەرعیەت پێدراوی نێودەوڵەتیدا.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر، نابێ ڕێگە بدەین کوردستان، بەلووچستان و ناوچە بێبەشەکانی تر، باری خەبات بۆ ناوەندێک کە لە خەوی ڕۆئیاییدایە، لە شان بگرن. هەرکات ناوەند، لە تارانەوە تا ئیسفەهان، لە شیرازەوە تا مەشهەد، ئیرادەی جووڵە و گۆڕان نیشان بدات، ئەو کات ئێمە وەک منداڵی گەلانی مێژوویی ئەم خاکە، لە ڕێگای روخانی ڕێژیم، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەواندا دەڕۆین. بەڵام تا ئەوکاتە، نابێ تاکلایەنە تێچووی قورسی ڕاپەڕین بدەین.

رووخانی ڕێژیم، بەبێ بەشداری کارای ناوەند مومکین نییە. ئەگەر ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەین، وەک زۆرێک لە ڕاپەڕینەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، هەوڵی نەتەوە چەوساوەکان یان سەرکوت دەکرێن یان دەستیان بەسەردا دەگیرێت. ئێستا نە کاتی خۆشخەیاڵی، نە کاتی هەستی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵکوو کات، کاتی شیکاری ستراتیژی و پلاندانانی وردە.

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل و چەند سەرنجێک






سۆراب ڕەحمەتی

لە تەک ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی شەڕ و هەڕەشەی نێوان وڵاتانی بە هەنگاوێکی بقە وەسف کردوە و لە مانیفێستی خۆی لە مادە دوو بڕگەی ٤ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرگ و ڕۆحی یاسایی بە بەردا کردوە و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە مەزنەش پێیان وایە ئەم ئەسڵە، ئەسڵێکی گرینگە لەپێناو ئارمانجێکی مەزن و پیرۆزی ڕێکخراوەکەدا کە بریتییە لە

پاراستنی ئاشتەوایی نێودەوڵەتی، بەڵام لە ماددەی ٥١ی ئەو میساقەدا کۆمەڵێک هاوێری داناوە کە هەندێک جار پێگەیان بەرز دەبێتەوە بۆ پێگەی ئەسڵەکە، کە ئەویش یاساغکردنی پەنابردن بۆ بەکاربردنی هێزە. ئەو هاوێرە یان ئەو ئیستیسنایە مافی بەرگریکردنی ڕەوایە کە دەقێکی ڕێگەپێدراوە و لە مادەی ٥١ی میساقەکەدا ئاماژەیەکی پەسند کراوە، بەڵام بە کۆمەڵێک مەرج سنووردار کراوە.

**مەرجەکان بریتین لە:**

**١- هەبوونی هێرشێکی دەرەکی**

**٢- هاوسەنگی و زەرووڕەتی وڵامدانەوە**

**٣- ئاگادارکردنەوەی شوڕای ئەمنییەت**

**لە هەمانکاتدا چەند پڕەنسیپێک وەک ماف بەو لایەنە داوە کە بە بەرگری ڕەوا کە بریتین لە:**

**- جیاکاری لە نێوان خەڵکی مەدەنی و هێزی میلیتار**

**- کەڵکوەرنەگرتن لە خاکی وڵاتی سێهەم و پەلکێشکردنی بۆ نێو شەڕەکە و چەندین خاڵی دیکە....**

جا لێرەدا و بە مەبەستی تاوتوێکردنی شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل کە نیزیک دوو حەوتووە بەردەوامە، پێویستە هەوێنەکەی و ئاڵۆزییەکانی لەبەر چاو بگیرێن. هەر یەک لەو وڵاتانە ئەویتر بە دەستپێشخەری شەڕەکە تۆمەتبار دەکەن و لە هەوڵی ڕەوایی بەخشین بە کردەی خۆیانن بەڵام بە ئاوڕێک لە مێژووی ململانێی ئەو شەڕە، دەتوانین بڵێین کە شەڕێکی سیاسی -ئیدئۆلۆژیکە کە دەسپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور و پێویستی بەوە هەیە کە کۆڵەکە ڕەوانی و کردەیی و شەرعییەتی ڕوودانی شەڕەکە لەو ماوەیەدا، هەڵبسەنگێندرێ و ئاماژەیەکی کورت بە ڕۆڵ، کردە و دژکردەوەی هەر دوو وڵاتان بدرێ.

**- ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامی**

**ڕەگەزی ڕەوانیی شەڕ**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، یەکەم هەنگاوەکانی دژایەتییەکی وێرانکەرانە لە ئاستی ئاواتەخواز بوون بۆ لە نێوچوونی هەر یەک لە وڵاتانی ئامریکا و ئیسرائیلی تێدا گونجێندرا. ئەو ئاواتە بەرەبەرە بوو بە ئیدئۆلوژییەکی ئامانجەکی. واتە ئارمانجی یەکەیەکی سیاسی وەکوو دەوڵەت! بوو بە لەنێوبردن و سڕینەوەی وڵاتانێکی دیکەی هاوپێگە و یەکسان لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا.

هەر لە دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا لە ساڵی ١٣٥٨ و دواتر ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی ئیسرائیل و جێگۆڕکێی سەفارەتەکەی لە تاران لەگەڵ گەلی فەلەستین و شەرعیەتی پێدانی وەک یەکەیەکی سیاسی خاوەن سەفارەت لە تاران، ڕەگەزە ڕەوانی شەڕ چەکەرەی کرد و هزری تاکی فەلستینی وەک تاکێکی موسوڵمان بەرامبەر بە ئیسرائیل بەرهەم دێنا. ئەو سیاسەتە بوو بەوەی کە لە تریبوونەکانی نوێژی هەینی و بۆنە دینییەکان و ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی دانەبڕاو درووشمی وێرانکەری "نەمان بۆ ئامریکا" و "نەمان بۆ ئیسرائیل"ی بە گوێی موسوڵمانانی جیهان بەگشتی و موسوڵمانە شیعەکان بە تایبەتی بچرپێنێ و بە شێوەیەک کە ساغکردنەوەی ناوچە شیعییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر ناوی "هیلالی شیعی" و بازوویەک بە ناوی" میحوەری بەرەنگاری" پێک بێنێ.

## ڕوکنی بەرجەستەیی (مادی)

ڕەگەز یا ڕووکنە کردەییەکەی ئەو ئایدۆلۆژییە وێرانکەرانەیە کردەوەکانی "میحوەری بەرەنگاری" بوو. هاوتەریب لە گەڵ ساغکردنەوەی بازوو یا بەرەی شەڕکەر، پەنابردن بۆ دروست کردنی چەکی دوور مەودای ئەتۆمی و هەموو جۆرە هاژەکە قارەپێوەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژی درووستکردای درۆن و پەهباد و لەلایەکیتریش پشتیوانی کردن و پلانمەندکردن و هاندانی گرووپە نیابەتیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەکوو حیزبوڵای لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢، حیزبوڵڵای عێراق ٢٠٠٣ ، سیدالشهدا و دواتر حەشدی شەعبی، فاتیمیونی سوری و ئەفغانی و زەینەبیون، ئەنساری حیزبوڵا و حوسیەکانی یەمەن و حەماسی فلەستینیەکان بە تایبەتمەندییەکی سەرزەوینی بەرینەوە دەستی پێ کرد.

## ڕوکنی شەرعییەت

لەگەڵ هێرشی بەردەوامی ئەو هێزە نیابەتییانە بە شێوازگەڵ و ئامرازگەلی جوراوجۆری تەقینەوە، پێکان بە درۆن و مووشەک ڕووکنی کردەیی ئەو شەڕە شەرعیەتی بە دەوڵەتی ئیسرائیل بەخشی بە مەبەستی ئەوەی مافی "بەرگری ڕەوا" بەکار بێنێ. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە دوو هێرشی شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٦ و هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتوبر بۆ

ئاهەنگگێڕانی ئیسرائیلییەکان و گرتن و کوشتنی دەیان کەسی مەدەنی، بکەین بووە هۆی ئەوەی کە ئیسرائیل شەرعییەتی ڕێژەیی نێودەوڵەتی بۆ بەرگریکردنی ڕەوا لە خۆی وەرگرێ.

دیارە کە لە بەرامبەر ئەوانەدا ئیسرائیلیش بە هەوڵی لاوازکردنی پێگەی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، شەرعیەت پێنەدان پێی وەک وڵات و دەستخستنی زانیاری ورد لە سەر شارەزا و فەرماندەرە توونددئاژۆکانی سوپای پاسداران و پەردە هەڵدانەوە لە سەر هەموو بەرنامە تەم و مژاوییە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و زیاترین زانیاری نهێنی ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و ئێستاش پشتیوانییەکی ڕێژەیی بەڵام بەهێزی بۆ لێدان لە شوێنە نیزامییە هەستیارەکان کۆماری ئیسلامی ئێران، چێ کردوە.

ئێستا و دوای دە ڕۆژ گۆڕینەوە ئاگری نێوان ئەو دوو وڵاتە، کۆماری ئیسلامی لە خراپترین حاڵەتی خۆی دایە. جگە لە کوژرانی زۆربەی فەرماندەرانی سوپاکەی، تێکڕمانی دامەزراوە و سایتە ئەتۆمیەکانی و ڕووخانی ژێرخانی ئەو وڵاتە، جەبهەیەکی دیکەی لە دژی ئازادیخوازان، چالاکان و دەکرێ بڵێین کە هەموو جیابیرانی ئێران کردۆتەوە.

لە سێدارەدانی چەندین کەس بە تۆمەتی هاوکاری کردنی ئیسرائیل و پەسندکرانی پرۆژەی "دوو فەورییەتی" لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران کە بریتیە لە ئێعدام کردنی زیندانیانی دوو تابعیتیی، ئەمنیەتی، سیاسی و عەقیدەتییەکان، جەبهەیەکی دیکەی کوشتاری لە دژی کۆمەڵگەی ئێرانی کردۆتەوە کە پێدەچێ تاوانی هەموو ئەو شکست و تێکڕمانەی خۆی بە سەری خەڵکی بێ تاوانی ئێران دا بشکێنێتەوە.

دوای لێدانی دامەزراوە گرینگەکانی چەکە ناوەکییەکانی ئێران، دیمەنێکی ڕوونتر بە دەستەوەدراوە دەبێ هەر تاکێک دوو پرسیار لە مێشکی خۆیدا بخوڵقێنێ کە ئاخۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دوای بە فیڕۆدانی سامانی چل ساڵەی ژێر زەوی و سەرزەوی ئەو وڵاتە، مل بۆ دانوستانی ب بێ مەرج ڕادەکێشێ و لەمەودوا و لە ئەگەری مانەوەیدا ئایدیای ویلایەتیی خۆی وەک لەناوبردنی ئیسرائیل و ئامریکا بە مێژوو دەسپێرێ یا ئەوەی کە درێژە بە ململانێ دەدا و لە ژێر گوشاری دەرەکی و شەقامەکانی ئێرانەوە، خودی نیزامی ولایەتی فەقیە کۆماری ئیسلامی تاریخ مەسرەفی تەواو دەبێ و بە مێژوو دەسپێردرێ.

## ئاکامگیری

بەو پێیەی کە خەڵکی ئێران ئەزموونی نزیک بە پێنج دەیەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی هەیە و لانیکەم کوشتارە بان

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**یاساییەکانی وەک: فەرمانی جیهاد لە دژی ئازادیخوازان بە تایبەتی لە کوردستان، شەڕی ئێران و عێراق و بە کوشتدانی هەزاران منداڵی ژێر تەمەنی یاسایی، کوشتار و سەرکوتی بێ بەزییانەی خۆپێشاندەرانی خۆپێشاندانەکانی ساڵەکان ١٣٧٨، ١٣٨٨، ١٣٩٨ و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ساڵی ١٤٠١یان دیوە و لە لایەکی دیکەوە کوشتار و ئەشکەنجە یاسامەندەکانی وەک دادگایی کردنی هەڕەمەکی و دۆسیە سازی و لە ئاکام دا لەسێدارەدانی جیابیرانیان بە سەرتاپای مێژووی دەسەڵاتداری ئەو ڕژێمە وە دەبینن حەق وایە کە بە خرۆشانێکی جەماوەری بکەرانی ئەو هەموو تاوان و کوشت و کوشتارە لە سر دەسەڵات لابدەن و بە باوەرمەندی و سەرلەنوێ خوێندنەوەی جوگرافیایی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێران بە هەموو جیاوازییەکانەوە، نیزامێکی دێموکڕاتیک پێک بێنن کە ببێتە هۆی بەختەوەری گشتی.**

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

## حیزبی دێموکرات: ڕێژیم بە ڕەشبگیر و شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان دەیەوێ تۆڵەی شکستەکانی خۆی لە خەڵک بکاتەوە




**(ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مەحکوومکردنی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان بە تۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل)**

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندوە، بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٤ی پووشپەڕ ٣ بەندکراوی کوردیان بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لە زیندانی ورمێ لە سێدارە داوە.

لە سێدارەدانی ئیدریس ئالی، ئازاد شوجاعی و ڕەسووڵ ئەحمەد ڕەسووڵ لە حاڵێکدایە کە لە دوو حەوتووی ڕابردوودا ئەوەندەی زاندراوە سێ کەسی دیکەش هەر بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لە لایەن دەزگای قەزاییەوە لە سێدارە دراون و ئەم بابەتە بۆتە جێگای مەترسییێکی جیددی بۆ سەر خەڵکی ئێران بە گشتی و دەسپێکی زنجیرەیەک کوشتار و لەسێدارەدانی خەڵکی بێتاوان بە تۆمەتی بێبنەمای هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا. هاوکات لەگەڵ لە سێدارەدانی ئەم شەش کەسە لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا سەدان کەسیش لە شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی دیکەی ئێران لە لایەن ناوەندە

**ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کراون و تۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلیان دراوەتە پاڵ.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە دژە مرۆییەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی و ناوەندە ئەمنیەتییەکان، بیروڕای گشتیی جیهانی و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم دۆخەی ئێستایدا بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ئێران شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و لەسێدارەدانی خەڵکی وەڕێ خستوە و لە هەمان کاتدا دەیهەوێ تۆڵەی شکستەکانی خۆی لە خەڵک و زیندانییانی سیاسی بکاتەوە.**

**حیزبی دێموکرات وێڕای وریاییدان لە ئەگەری وەها جینایەتێک، داوا لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ دەکا هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتیی وڵاتان و پێشگرتن لە کارەساتێکی وا بخەنە گەڕ.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەستەی کارگێڕی**

**٤ی پووشپەڕی ١٤٠٤**

**٢٥ی ژوئەنی ٢٠٢٥**

**٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# کۆسالان، چیرۆکی هەرمانی خاک و خوێن





شیوا مورادیان

پاش ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێ خەبات لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا و دەسپێکی خەباتێک  کە دواتر بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناودێر کرا، پووشپەڕی هەمان  ساڵ پۆلێک هاوسەنگەر بۆ تێکەڵاوکردنی خەباتی شاخ و شار  بڕیاریان دا دیدار لەگەڵ خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵات تازە بکەنەوە.

ئەو کات ئەمن لە شاری سەوڵاوا سەرقاڵی ژیان و چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانی بووم.

ئێوارەی ٤ی پووشپەڕ بوو. بەپێی هەڵکەوتەی شوێنی ژیان و کارەکەم جموجۆڵی نائاسایی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمم دەبینی. بەوەشم زانیبوو کە پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ڕاسانەوە جەولەیان بۆ نێوخۆ کردوە، بەڵام قەد بیرم لەوە نەدەکردبۆوە کە شۆڕەسوارەکان ئەوەندە لە نزیکیی مندا بن. هەستێکی نامۆ تەواوی گیانی داگرتبووم.

سەعات نیزیکەی دووی نیوەشەو بە دەنگی تەقە ڕاچەڵەکام. لە پەنجەرەی ماڵەوە سەیری ئاواییم کرد و بینیم هێزەکانی ڕێژیم و جاشەکان بەرەوە ئاوایی دووڕوو دەڕۆن. دڵەخورپە کەوتبووە گیانمەوە، هاکا ڕوحم ئێستا دەربچێ یان نا. ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو.

تا بەیانی چاوم لە کۆساڵان کرد و دەمدی کە تەقە بۆ چرکەساتێک نابڕێتەوە. بەیانی زوو بەپەلە ڕۆیشتم تا دەرگای دووکانەکەمان بکەمەوە و گوێ هەڵخەم بزانم چ دەبیستم. لەگەڵ کرانەوەی دووکان جیرانەکانم هاتن و گوتیان ئاگادرای پێشمەرگە لە ئاوایی دووڕووەوە؟ گوتم پێشمەرگە؟ ئاوایی دووڕوو؟ گوتیان بەڵێ پێشمەرگە لە کۆساڵانن و کەوتوونەتە بۆسەی دوژمنەوە و بەداخەوە شەهیدیشمان داوە.

ئەوجار زیاتر ئۆقرەم لێ بڕا، زیاتر هەستی نائارامی بەرۆکی گرتم . بە موبایلەکەم پێوەندییەکم بە هاوڕێیەکەوە گرت، بەڵام بێ وڵام بوو.
کات نەدەڕۆیشت بەڵام ئەوە دڵ و هەناوی من بوو کە لە بێئۆقرەییان ڕەش هەڵگەڕابوو. نیزیک سەعات ١٠ی پێشنیوەڕۆ دەنگی موبایلەکەم ڕایچڵەکاندم.

- بەڵێ!

- وەرە سەر هێڵ.

چوومە سەر هێڵ. چاوم لێ کرد نووسیبووی لەلای تۆ چ باسە؟

بۆم نووسی نائارام.

وێنەیەکی نارد. کە وێنەم کردەوە بەسەر تەرمی خوێناویی شۆڕش مێنبەریدا کەوتم کە دوژمن بۆ ڕووخاندنی ورەی خەڵک بڵاوی کردبۆوە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**ئەوجارە زانیم چە باسە و چی رووی داوە. ئەو شەڕە چەند ڕۆژێکی خایاند. هێزەکانی ڕێژیم تەنانەت لە شارەکانی دیکەشەوە هاتبوونە سەوڵاوا و بە تۆپ و خۆمپارە کۆسالانیان تۆپباران دەکرد. هێزی پێشمەرگە تەنیا ١١ کەس بوون، بەڵام هێزی دوژمنیان وەزاڵە هێنابوو . دوژمن بە دەیان بریندار و کوژراوی لە شەڕگەدا کەوتبوون.**

**٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥لە چیای کۆساڵان ١١ شۆڕشگێڕ -شۆڕش مینبەری، ئەکبەر مینبەری، شاخەوان مینبەری، مەهدی شێخی ناسراو بە (مادیی تەوەریوەری)، ڕۆحوڵڵا حەیدەری، ئەفشار سوورە بوومە، ساحێب حوسێنی، هیوا قوربانی و بارزان حوسێنی کە کەوتبوونە بۆسەی هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە؛ دوای چوار ڕۆژ شەڕ و بەرگری بەداخەوە شەهید بوون.**

**دوو پێشمەرگەی دیکەی ئەو تیمە -کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی- کە لە شوێنی شەڕەکە دەرباز ببوون، ١٠ ڕۆژ دواتر و لە ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕدا پاش شەڕێکی قارەمانانە و حەماسەخوڵقێنی لە گوندی بۆرپەر شەهید بوون و بەو حەماسەیە کۆسالانیان کرد بە هێمای خۆڕاگری و هۆزەلیان کرد بە بڕوای بەرز و ئیرادەی لەگیراننەهاتوو. ئەوان بە بەخشینی گیانی خۆیان بوون بە سیمبوولی ورەبەخشی بۆ نەوەی داهاتوو و کۆسالان و هۆزەلیان کرد بە مەکتەبی هزر و تینی خەبات.**

**حەماسەخوڵقێنەرانی کۆساڵان ئەم وتەیەی دوکتور قاسملووی ڕێبەریان کردبووە وێردی سەر زمانیان کە دەفەرموێ: دیواری هیوا و ئومێد لەسەر ئەو سیاسی و سەرکردانە هەڵمەچنن کە باس لە ڕزگاریی نیشتمان و ئازادی گەل دەکەن، بەڵام ئامادەش نین خۆیان یەکێک بن لە قوربانییانی ئەو ڕێگا پیرۆزە. ئەوان بە کردەوە نیشانیان دا کە شۆڕشێکن لەنێو شۆڕشدا و شەهیدبوونیان ئەگەر چی خەسارێکی گەورە بۆ گەل و نیشتمان بوو، بەڵام بوون بە خوێنی تازەی نێو دەمارەکانی شۆڕش. شۆڕشگێڕگەلێکی ڕاستەقینە کە تا کۆتایی ژیانیان شۆڕشگێڕ مانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووی وڵات وشیار بکەنەوە، حەماسەخوڵقێنەرانی کۆساڵان و قەرەسەقەڵ بە پێشکەشکردنی گیانی خۆیان نەوەگەلێکیان بار هێنا بۆ نیشتمان کە دوایە پڕ بە گەروو هاواریان دەکرد لە "هەموو شتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بوێت". ئەمە بەرهەمی هزر و خوڵقاندنی شۆڕشێک بوو لە شۆڕشدا کە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات خۆیان بە بەرپرسیاری ئازادیی وڵات زانی و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بوو بە بانگەوازی ڕاسانەوەی میراتهەڵگرانی وڵات.**

**٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# پەت و سێدارە، ئامرازێکی مانەوە بۆ دۆڕاوەکان






ئەفشین مەعروفیان

## پێشەکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای شکست سەرشۆڕانەوە و زەبوونی لە بەرامبەر هێرشە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل،

جارێکی دیکە پەنای بۆ میتۆدی ئاشنا و هەمیشەیی خۆی بردوە کە بریتییە لە سەرکوتی نێوخۆیی. لە کاتێکدا ژێرخانی سەربازی، بەرگری ئاسمانی، کۆگاکانی مووشەک و ناوەندە هەستیارەکانی سوپای پاسداران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کرانە ئامانج و، بەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر بەشێکی گرنگی هەژموونی سەربازیی وڵاتەکەی دارما، حکومەت جارێکی دیکە پەنای بۆ توندوتیژی و سەرکوتی نەیاران و ڕەخنەگرانی لە نێوخۆی وڵات کردوە. بەڵام ئەمجارە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیش بەشێوەیەکی بێوێنە گرینگە و لە شوێنەکانی وەک کوردستان، سیستان-بەلووچستان، خوزستان، و جەرگەی شارە گەورەکان، لەبەردەم حاڵەتێکی نائاسایی مرۆیی تەواوداین.

## کوردستان؛ سەرەتای قەسابخانە دوای شکستی سەربازی

لەم بارودۆخەدا کوردستان جارێکی دیکە بووەتە ناوەندی تۆڵەی حکوومەت و بووەتە قەسابخانەی نیزامی-ئەمنییەتیی ڕێژیم. دەستگیرکردنی چالاکانی مەدەنی، سزای قورسی قەزایی، لەسێدارەدانی بەبێ سەلماندنی تاوان لە دادگایەکی دادپەروەرانە و زیادبوونی جموجۆڵی سەربازی لە شارە سنوورییەکان نیشانەی ئاشکرای سیاسەتی ڕێژیمێکی دۆڕاو لە شەڕی دەرەکی و خواستی زاڵبوونی زیاتر بەسەر دۆخی نێوخۆی وڵاتدایە. لەو چوارچێوەیەدا بۆیە دەتوانین ئاماژە بە لەسێدارەدانی سێ کۆڵبەری لاوی کورد بە ناوەکانی ئیدریس ئالی، ئازاد شوجاعی و ڕەسووڵ ئەحمەد ڕەسووڵ بکەین کە تەنیا یەک نموونەی گەڕانەوەی ڕێژیمە بۆ سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەی کوێرانە.

سپای پاسداران بە وروژاندنی تۆمەتی درۆینەی وەک "سیخوڕیکردن بۆ مۆساد" و "هاوردەکردنی کەرەستەی تیرۆر"، بەبێ ئەوەی دادگاییکردنی گشتی و بەبێ ڕەچاوکردنی سەرەتاییترین بنەماکانی ڕێوشوێنی یاسایی، ئەم سێ گەنجەیان بە پەتی سێدارەوە کرد. ئەم لەسێدارەدانانە لە ڕاستیدا کردەوەیەکی تیرۆریستی بۆ بێدەنگکردنی کوردستانە.

## شکستی ستراتیژی بەرامبەر ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوە لە خەڵک

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئیسرائیل بە کردەوە دڵی ژێرخانی ئەمنیی کۆماری ئیسلامی بە هێرشی ورد و ئامانجدار کردۆتە ئامانج. نەک تەنیا کەرەستەی سەربازی و بەرگری، بەڵکوو یەکگرتوویی و دەسەڵاتی ڕەمزی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بیروڕای گشتی نێوخۆیی و ناوچەییدا دارما. لە بەرامبەردا، دەزگای پەخشی دەوڵەتی ئێران هەوڵی دا بە گێڕانەوەی درۆ، یان بە پێچەوانەوە دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، بەڵام بێدەنگی هێزە نیزامییەکان و وەڵامدانەوەی دروشمی خەڵک لە دژی ئەم دەسەڵاتە لە فەزای مدیایی ئاماژەی بە قووڵایی شکستەکە دەکرد.

لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا، حکومەت کە نەیتوانی بەرهەڵستی ئەوان بێتەوە، ڕووی لە دژبەرە نێوخۆییەکانی کرد بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات و هەژمۆنییە لەدەستچووەکەی، واتە قەڵتوبڕی خەڵک. لە کرێکارانی کرێی ڕۆژانەوە تا دەگاتە کۆلبەرە کوردەکان، لە هەژارانی بەلوچستانەوە هەتا باوکانی بێئەنوا، لە ژنانی بێ ماڵ و حاڵەوە هەتا منداڵانی کرێکار، لە بەساڵاچووە تەنیاکانەوە تا نەخۆشە درێژخایەنەکانی بێ چارەسەر- هەموو ئەمانە لە هێڵی پێشەوەی ئازاردان، نەک لە هێڵی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەی کە ئەم ڕژێمە دروستی کردوە. لە نەبوونی سیاسەتی پشتیوانی و لە بێبایەخیی سڵامەتی و خۆشبژیویی خەڵک لەلای ڕێژیم، بە ملیۆنان کەس لە ئێران ئەمڕۆ لەگەڵ برسێتی، نائەمنی، بێ ماڵ و حاڵ، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و خەمۆکیدا دەجەنگن. ئەم قەیرانە تەنیا دەرئەنجامی سزاکان نیە؛ هەروەها بەرهەمی دەیان ساڵەی ناکارایی و گەندەڵی سیستەمی و یەکەمایەتیکردنی سیاسەتە ئەمنییەکانی ڕژێمە بەسەر بژێوی خەڵکدا.

## باری نائاسایی مرۆیی لە زیندانەکانی ئێران

بارودۆخی زیندانەکانی ئێرانیش کارەساتبارە؛ ئەو زیندانیانەی کەمترین دەستڕاگەیشتن بە بەرکەوتنیان لەگەڵ خێزانەکانیان، پاکوخاوێنی، ئاوی خواردنەوە، و ئاسایشی خۆراک و دەرمان لە زیندانەکاندا، بەتایبەت زیندانیانی کورد و بەلووچ و زیندانیانی سیاسی کە ڕووبەڕووی سزای توند و پشتگوێخستنی پزیشکی و ئەشکەنجەی دەروونی دەبنەوە. کۆماری ئیسلامی، بۆ مانەوەی خۆی، بە بێدەنگی لەسەر تەرمی ئەم قوربانیانە وەستاوە.

ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە توندوتیژی ڕووت شەرعیەت دروست ناکات؛ دارمان خێراتر دەکات. لە ئێرانی ئەمڕۆدا درزەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵات، گوشارە نێودەوڵەتییەکان، بەرکەوتنی گەندەڵی و پەرەسەندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هەلومەرجێکی دروست کردوە کە ئامرازەکانی دیکەی سەرکوتکردنی ڕابردوو کاریگەری خۆیان لەدەست داوە. نە هەڕەشەی لە سێدارەدان و نە سەرکوتکردنی کەمینەکان و نە نەهێشتنی ڕۆژنامەنووسان و نە تۆقاندنی دایکان کە داوای دادپەروەری دەکەن، ناتوانن میللەتی ئێرانی بریندار بەڵام بەئاگابوو پاڵ بنێنەوە دواوە.

## دەنگی چەوساوەکان دەبێتە ناوازی داهاتوو

ئەمڕۆ پەت ئامرازی دەسەڵات نیە، بەڵکوو بەڵگەنامەی شکستی کۆماری ئیسلامییە. کۆمەڵگەی ئێران، بە هەموو برینەکانیەوە، لە گۆڕاندایە. دەنگی چەوساوەکان، ژن، کورد، بەلوچ، کۆلبەر، کرێکار، دیلەکانی ویژدان و هەموو ئەوانەی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**کە هیچ سەکۆیەکیان نیە، وردە وردە دەنگیان بەرزتر و دەنگدانەوەی زیاتر دەبێت.**

**وەک شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو باوەڕی وابوو داهاتووی هەت نەتەوەیەک لە لایەن ئەو گەلەوە بنیات دەنرێت، نەک وڵاتانی تر. ئێستا کاتی یەکگرتوویی و وشیاری و هاودەنگیی جەماوەرییە بۆ دروستکردنی ئەم داهاتووە؛ داهاتوویەک کە کەس بەهۆی نەتەوە و ئایین و هەژاری و ڕەگەزەکەیەوە هەڵنەواسرێت. بێگومان ئازادییش نرخی خۆی هەیە.**

**٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# داهاتوو بەدیاری نایەت، دەبێ بنیات بنرێت





**ڕەحیم نزهت زادە**

لە مێژووی پێچەڵاوپێچی گەلاندا، ساتگەلێک هەن کە جیلەکان بانگ دەکەن، کە بە وەستانێکی قووڵ، بۆ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و بڕیارێکی چارەنووسساز. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە یەکێک لەو ساتانە؛ ساتێک، کە ناتوانین بە ئینکاری ڕابردوو، یان شاردنەوەی ئێستا، ڕێگایەک بۆ سبەینێ بکەینەوە. بۆ ئەوانەی لە جوگرافیای سیاسی، چەوساوە و پارچەپارچەکراوی کوردستاندا ژیاوین، ئەرکێکی مێژووییمان لە پێشە، ئەویش ئەوەیە، کە کڵاوەکانمان

دانێین، بیخەینە بەردەممان، بە ئاشکرا سەیری ڕابردوومان بکەین، ڕاستگۆیانە ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و بە وشیارییەوە بەڵێنێک بۆ سبەینێ بدەین.

ڕابردوومان پڕە لە هەوڵی گەورە و قوربانیدانی بێهاوتا، بەڵام هاوکات پڕە لە جیاوازییەکان، تاکڕەوی، تێنەگەیشتن لە یەکتری، و هەندێکجاریش دەمارگرژی، کە ڕێگەی هاوکاری و دەرفەتە زێڕینەکانی بەبا داوە. حیزب و ڕێکخراوەکان، کە هەریەکەیان بە نیازی خزمەتکردنی گەلەوە سەریان هەڵداوە و بە ئایدیالی بەرزەوە ڕەگ و ڕیشەیان لە خاکی ئەم خاکەدا داکوتاوە، لە هەندێک خاڵی دیاریکراوی مێژوودا لە جیاتی تەواوکەری یەکتر بن، بەرامبەر یەکتر وەستاون. تەنانەت هەندێک جار شیکاریی دوژمن، جێگەی هاوڕێیەتی نێوخۆیی گرتۆتەوە و، هەندێک جاریش گومان لە نیەتی هاوڕێیەتی، سێبەرێکی خستووەتە سەر متمانە بە ڕێگاکەدا.

لەگەڵ هەر دید، تێگەیشتن، جیهانبینی و سەلیقەیەک کە هەمانبوو و هەمانە، ئەمڕۆ گەیشتوینەتە خاڵێک، کە دەبێت لانیکەم لەسەر یەک شت ڕێکبکەوین: ڕاستگۆیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردوودا. هیچ هێزێک لە دونیادا، هێندەی ئازایەتی دانپێدانان بە هەڵەکان، ناتوانێت بنەمای شیکارییەکی دروستی ئەمڕۆ و بنیاتنانی سبەینێیەکی گەش بێت. میللەتێک کە لە ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو دەترسێت، بەردەوام لە خۆی ڕادەکات؛ و ئەم ڕاکردنەش، بەرەو بێ ناسنامەیی دەیبات.

وەرن با بۆ یەکەمجار، نەک لە بەیاننامەیەکی حزبی، یان لە مێزگردەیەکی ئەکادیمیدا، بەڵکوو لە قووڵایی ناخ و ئەزموونەکانمانەوە، دەست لەنێو دەستی یەک ببەستین و دان بەوەدا بنێین: ئێمەش هەڵەمان کردوە. ئێمەش هەندێک جار دەرگای یەکپڕیزیمان بەڕووی یەکتردا داخستوە، ئێمەش گوێمان لە دەنگی کەسێکی دیکە نەبووە و ئێمەش هەندێک جار بەرژەوەندی بەکۆمەڵمان، کردووە بە قوربانی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆمان. بەڵام ئەمڕۆ، درەنگ نەبووە.

ئەوەی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە، یەکڕیزییە؛ یەکیەتییەک نەک تەنها بە وشە، نەک لە پشت دەرگا داخراوەکان و لەسەر بنەمای ئیدیعای پشک، بەڵکو یەکیەتییەکی دڵسۆزانە، کە لە تێگەیشتنێکی قووڵ لە لاوازی و تواناکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکیەتییەک نەک لەسەر نەهێشتنی جیاوازییەکان، بەڵکوو لەسەر قبوڵکردن و بەڕێوەبردنیان بنیات بنرێت.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ستەمی مێژوویی، خاوەنی پاشخانێکی بێهاوتای وشیاری، خۆڕاگری،

فەرهەنگ، گەنجانی پڕ لە سۆزە بۆ کوردستان. بەڵام ئەم پاشخانە و ماتەوەزیە کاتێک دەبنە سەرمایەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، کاتێک کە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەبێ گوێدانە ناو و نیشان، بە دیالۆگێکی نیشتمانی، میساقێکی هاوبەش و لانی کەم ڕێککەوتن لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان، بگەنە ڕێکەوتنێک.

پێویستە ڕوون و ڕاشکاوانە بڵێین: ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین ڕەخنەگرانە پێداچوونەوە بە ڕابردوومان‌دا بکەین، ئەگەر نەتوانین لە بەرامبەر هەڵەکانماندا بوەستین و داوای لێبوردن بکەین، ئەگەر نەمانەوێت یان نازانین چۆن لەگەڵ یەکتر دابنیشین و گوێ بگرین، نە لە ئەمڕۆ تێدەگەین و نە سبەیەک بنیات دەنێین. بەم بێتواناییە، نەوەکانی داهاتوو لە دەرفەتی مێژوویی، تۆمار کردنی چارەنووسی خۆیان بێبەش دەکەین.

داهاتوو بەدیاری نایەت؛ داهاتوو دەبێت بنیات بنرێت. بینایەک کە بە شیکارییەکی وردی ئەمڕۆ، تێگەیشتنێکی قووڵ لە دوێنێ و باوەڕێکی هاوبەش بە دەسەڵاتی میللەتەکەمان دەست پێ دەکات. پێویستە ئەمڕۆمان، بە کەرەستەی عەقڵ، بوێری و ویژدان بپێوین. کێ ترسی لە دان بە هەڵەدایە، ئەگەر سبەینێیەکی گەش لە ڕێگادا بێت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەبەرامبەر میللەتەکەمان و نەک تەنها لەبەردەم مێژوودا بوەستینەوە و بڵێین: هەڵەیەکمان کرد، بەڵام هێشتا ئامادەین ڕێگایەک بدۆزینەوە و بنیات بنێین؟

میللەتی کورد شایەنی سبەینێیەکە، کە هیچ لایەنێک لەودا خۆسەنتەر نەبێت، هیچ دەنگێک بێدەنگ نەکرێت و هیچ هەوڵێکیش بێ پشتیوانی نەمێنێتەوە. ئەوەی پێویستە یەکیەتییە، و تەنها یەکگرییە؛ یەکیەتی و یەکگرییەک لە ڕەگەزی حەقیقەت، نەک مەسلەحەت. یەکیەتییەک کە ئومێد بە دۆست و نائومێدی بە دوژمن دەبەخشێت.

**وەرن با بۆ یەکەمجار، نەک بەتەنیا بخوێنینەوە با یەکگرتوو بین، بەڵکو پێکەوە بنووسین: بە واژۆیەک لەژێر بەڵگەنامەی ئایندەدا، بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، بە پشتڕاست بوون بە عەقڵ و ئەزمون، بۆ مێژوو و بۆ هیوا.**

**پەیامەکە ڕوونە: ئەگەر ئەمڕۆ ڕەخنە لە دوێنێ نەگرین و ئەمڕۆ بناغەکانی یەکڕیزی دانەنێین، سبەی هەرگیز نایەت.**

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل و پەیامەکانی خامنەیی





هەردی سەلیمی

شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ١٢ ڕۆژی خایاند و ئێستا بە ئاگربەستێک ڕاگیراوە. هەرچەند ئەم ئاگربەستە ناڕوون و لەرزۆکە، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی شەڕەکە ڕاوەستێنێ. کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە سازی ناسازی لێداوە و بەتەما بووە لە "کەربەلا"وە ڕێیەک بەرەو "قودس" بکاتەوە و ژمارەی پێچەوانەوەی بۆ سڕینەوەی وڵاتی

ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان لێ داوە، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لەم هەڵگیرسانی شەڕەدا. لە بەرامبەردا دەوڵەتی ئیسرائیلیش بە هیچ شەڕێک نالێ نا و خێرا خەنجەری لە کالان دەردەکێشێ؛ لە وەها دۆخێکدایە شەڕی لەم چەشنە چاوەڕوان دەکرا ڕوو بدات.

کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەی ناوکی و مووشەکی و پڕچەککردنی پرۆکسییەکانی هەم هەڕەشەیەکی گەورە بوو لەسەر سەقامگیریی ناوچە و هەمیش هەڕەشەیەک لەسەر بوون و مانەوەی وڵاتی ئیسرائیل، ئەم هەڕەشانەشی هەرگیز نەشاردۆتەوە و بە شانازییشەوە دەریبڕیوە. لە حەوتی ئۆکتۆبر بەملاوە هەموو گۆڕانکارییەکان تا ئێستا لەدژی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی بووە. وەک بەردەوام باس کراوە لەو ڕێکەوتەوە ئەوە پرۆکسییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کەوا پەکیان کەوتووە و دەوڵەتی هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی بووە ڕووخاوە، بۆیە هەتا دەهات ئاستی بەرگریی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنانیدا سنووردارتر دەبوو و لەم کۆتاییانەدا بەکردەوە تەنیا بەرنامەی مووشەکییەکەی بۆ مابووەوە.

ئەم شەڕە تاقیکارییەکی زیانبەخش بوو بۆ لایەنی نیزامیی کۆماری ئیسلامی، چون هەر لە یەکەم ساتی دەسپێکی شەڕەکەوە دەرکەوت دەستی باڵا بە ئیسرائیلە و هێزی نیزامیی کۆماری ئیسلامی کیسەی بۆکسی ئەرتەشی ئیسرائیلە. بەدەستەوەگرتنی کونترۆڵی ئاسمانی ئێران لەلایەن ئەو ئەرتەشەوە و تەڕاتێنی فڕۆکە شەڕکەرەکانیان بە ئازادیی تەواوەوە، دزەکردنە نێو ئەمنیەتیترین لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاگاداریی تەواو لەسەر هەڵسوکەوت و بەرنامە و شوێنی کۆبوونەوە و خەوتنی فەرماندە پلەباڵاکانی سپای پاسداران و... دەرخەری زاڵبوونی مووساد بەسەر جومگە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو.

لەگەڵ ئەوە لێدانی پێگە مووشەکییەکان وەک یەکێک لە سەرەکیترین داردەست و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و بنکە ناوکییەکانی و خەسارلێکەوتنیان، زەبری کوشندە لە ستراتێژیی نیزامیی ئەو وڵاتە بوو. ئەم ئاستە لە خەسار و بێدفاعبوون لە بەرامبەر هێرشدا پرێستیژی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دابەزاند و دەرکەوت هەڕەشە و گوڕەشەکانی مایەپووچن. وڵامدانەوەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەچوونە خانەی نمایشی سەمبولیکەوە هەتا بەرنامەیەکی ڕوون بۆ بەربەرەکانی، کۆماری ئیسلامی پێش لەم شەڕە ناسراو بە ١٢ ڕۆژەش، مەبەستی لە مووشەکناردن، هەر پەیامناردن بوو نەک خەسارپێگەیاندن، بەردەنگی ئەم پەیامانەش خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکەی بوو. کۆماری ئیسلامی لە درێژبوونەوەی شەڕ و قووڵترکردنەوەی دەترسا، بە ئاگاداری لە ویستی ئەمریکاش کە خوازیاری درێژەنەکێشان و ڕاگرتنی شەڕ بوو، نەیدەویست بیانوویەک بە دەستەوە بدات کە شەڕەکە لە کونترۆڵ دەربچێ.

هەر بۆیە لە کۆتا ڕۆژەکانیشدا بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی وڵاتی قەتەر و لەو ڕێیەشەوە ئەمریکاییەکان، هێرشێکی سەمبولیکی تری کردە سەر پێگەی نیزامیی "عودەید" و بەکردەوە شەڕەکەی ڕاگرت و نەیهێشت لەوە زیاتر درێژە بکێشێت. ئەم شەڕی دوازدە ڕۆژە کە ئەمریکاشی گرتەوە یەکێک لەو دەگمەن شەڕانە بووە کە هەر سێ لایەنەکەی خۆیان بە سەرکەوتووی شەڕەکە دەزانن. ئەمریکا پێداگرە لەسەر ئەوەی هەموو بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی لەنێو بردوە، ئیسرائیل ئیدیعا دەکات زیاتر لە ئامانجەکانیشی پێکاوە و کۆماری ئیسلامییش دەڵێ دوژمنانی خۆم بەزاندوە! ئەم "روایت فتح"انە یا نیشانەیەکن لەوەی هەرسێک لا ڕازین بەوەندەی ڕووی داوە و ڕاگیراوە بەتەواوی، یان دەتوانێ لە داهاتوودا لە بەرامبەر یەکیان بوەستێنێتەوە، کە بۆ ئەمەیان دەبێ چاوەڕێ بکەین.

لەم نێوەدا دەرکەوتنی سێبارەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە چەند ڕوویەکەوە جێی سەرنج بوو. خامنەیی لەو سێ پەیامە ڤیدیۆییەیدا لەسەریەک ١٠١ جار لە وشەکانی "خەڵک" و "نەتەوە" و "ئێران" کەڵکی وەرگرت، کە خۆی دەرخەری ئەوەیە لە چەند ساڵێک لەمەوبەرەوە دەیانەوێ هەستی نەتەوایەتی لەنێو خەڵکدا بەهێز بکەن و خۆیان وەک نوێنەری ڕاستەقینەوە بیری ئێرانشاری بناسێنن، بەتایبەت لە کاتی شەڕدا پێویستیان بە بەهێزکردنی ئەم هەستەیە. ڤیدیۆکانی خامنەیی چەندین جار بڕاون، لەسەریەک ٣٣ جار ئەم ڤیدیۆیانە کات کراون، کە نیشان لە نەبوونی تەرکیز و سەرنجە و ئەمەش باوەڕی نەخۆشبوون و شڵەژاویی خامنەییی بەهێزتر کردوە.


بەدەر لەوە لە ڕووی سیاسییەوە درەنگوەخۆکەوتن و دواکەوتنی پەیامی ئەمجارەی خامنەیی ناتوانێ بێهۆکار بووبێ. بەشێک لە چاودێران ئەم دواکەوتنەیان بۆ دۆخی ناجێگیری تەندروستیی ناوبراو گەڕاندەوە، کە دەتوانێ ڕاست بێ، بەڵام گرنگتر لەوە وێدەچێ بابەتێکی تر بێ. خامنەیی بەپێی عادەتی خۆی، خۆ لە هەندێک بابەتی هەستیار دەدزێتەوە و گەر ناچاریش بێ دەربکەوێ ڕوو دەکاتە دووپاڵوووێژی (دوپهلوگویی)، ئەمەشی بۆ ئەوەیە بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت. بۆ نموونە وتوویەتی نە شەڕ دەکەین و نە وتووێژ! یان لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکادا دەیگوت: "من پێشتریش وتوومە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکادا سوودی نییە، بەڵام بچن بیکەن!" لەم ڤیدیۆشدا بە چاک و خراپ باسی لە ئاگربەست نەکرد، نە گوتی کراوە و نە گوتی نابێ بکرێ و نە گوتی هەڵیوەشێننەوە و... لە بەیاننامەی شورای عالیی ئەمنیەتی میلییشدا ئەم بەرپرسیارییە بۆ خامنەیی وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان نەگەڕێنراوە و لەوێدا گوترا: "تەگبیر و هەوڵ و تێکۆشانی خەباتکاران و ئیمامەتی زانایانە، بووە هۆی سەرکەوتنێک کە دوژمنی ناچار بە پاشەکشێ و قەبووڵی شکست و ڕاگرتنی یەکلایەنەی هێرشەکەیان کرد" ئەوەیە کە خامنەیی تەنانەت بوێریی خومەینییشی نییە بتوانێ بڵێ ژەهراوم خواردۆتەوە، نە دەڵێ بۆ شەڕ ڕووی داوە و نە دەڵێ ئاگربەست لەسەر دەستی ئەو ڕووی داوە و نە داوای لێبوردنیش لەو

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**خەڵکی ئێرانە دەکات و تەنانەت سەرەخۆشییەکیش لە بنەماڵەی کوژراوەکان ناکات، بەڵکوو خۆی بە براوەی ئەو شەڕە پڕخەسارە دەزانێ و پیرۆزبایی لەسەر پیرۆزبایی دەکات!**

**٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# یاخیبوون و لێکەوتەکانی





فەتاح ڕەسووڵی

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەتا ساتە وەختەکانی کۆتایی تەمەنیان پێیان وایە هەر لە لووتکەدان و ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە هاتنەخواریانە لە دەستەڵات. دروشمی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی واتە؛" استقلال آزادی، جمهوری اسلامی" نە تەنیا نەبوو بە نان و ئاو بۆ گەلانی ئێران، بەڵکوو بە پێچەوانە بوو بە زیندانێکی گەورە و سێبەری شوومی

ئیدئۆلۆژییەکی وشکی مەزهەبی پڕ لە خەفەقان باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا و بوو بە ئافەتی گیان و ژیان و بێکەرامەتکردنی خەڵک کە تا ئێستاش بەردەوامە .

ئەوەی کە ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەری هاتووە بەرهەمی کەڵەکەبووی ٤٧ ساڵ گەندەڵی و سیاسەتی هەڵە و زێدەخوازی و نەبوونی ستراتیژی ڕوون لە بەتایبەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە. خومەینی و خامنەیی خۆیان بە وەلی ئەمری موسوڵمانانی جیهان پێناسە دەکرد و ڕێژیمەکەیان بە "ئۆمولقورای" جیهانی ئیسلام دەزانی ودەستیاندایە شمشیر و سواری ئەسپی خەیاڵ بوون و کەوتنە دژایەتیکردنی وڵاتانی ڕۆژاوا و ناوچەکە. ئەمریکایان وەک شەیتانی گەورە ناو دەبرد کە ناتوانی هیچ غەڵەتێک بکات و ئیسرائیلیان بە ئەولادی ناساڵح و داگیرکەری قیبلەی موسوڵمانان دەزانی و پاساوی شەرعییان بۆ لەناوبردنی دەهێنایەوە و بێهەڵوێستی ولاتانی ئیسلامییان لەمەڕئیسرائیل ترسەنۆکانە و بێئیرادە و دەستەمۆی ئیمپریالیزم و زایۆنی وەسف دەکرد، ناو و ناتۆرەیان دەخستنە پاڵیان و عەرەبستانی سعوودیان بە "مانگای شیردە" ناو دەبرد! ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو کۆمەڵگای جیهانی ڕوون و ئاشکرایە و بە ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و قەیرانخوڵقێن وسەرەڕۆ و ماکە و سەرچاوەی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی دەزانن و لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان هەموو ساڵێ لەلایەن نزیک بە تەواوی ئەندامانی مەحکووم کراوە. هەزاران جینایات و تێرۆر و ڕەشەکوژی لەناوخۆی ئێران و دەرەوە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیین، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا و ناوچەکەش ماهییەت وستراتیژی ئەم نیزامەیان دەناسی، هەموو هەوڵیان ئەوە بووە لە ڕێگای دیپلۆماسی و فشاری گەمارۆکانی نێودەوڵەتی لە هەمبەر سەرکێشییەکانی و یاخیبوونی تێبگەیەنن وهەر نەبێ بۆ جارێکیش سەردانی عەقڵی سەلیم بکات بەڵام کۆماری ئیسلامی پێیوابوو هیچ لووتکەیەک لە خۆی بەرزتر نییە ولە بەرامبەریدا هێزیک نییە خۆی لە قەرەی بدات و بە مەیلی خۆی چێ پێ خۆش بێ وکوێی پێ باش بێ بیکاتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی، ئەوەیە سیستێم و فەلسەفە و پرۆژە و تیئۆری وستراتیژی و عەقڵییەتی کۆماری ئیسلامی. دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بەرنامەی "ناوکی" تاران بووە جێی نیگەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و ئورووپا و مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە، مێژووی بەرنامەی هەستەیی ئێران کە لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی بۆدابینکردنی وزەی کارەبا و لیکۆڵێنەوەی پزیشکی بە چاوەدێری ئەمریکا دامەزرابوو، ئێرانی کردە ئەندامی ڕەسمی "ان.پی.تی"، لە ساڵی ١٩٧٩ کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیان ڕەوگیر کرد، ئەمریکا هاوکارییەکانی ڕاگرت و لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ ڕێکخراوی وزەی ناوکی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان بە دوای ئەوەدا بوون کە چاوەدێری چڕیان هەبێت کە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەدوای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نەبێ و بیخەنە ژێرگوشارتا پابەندی یاسا و ڕێسا و پرۆتۆکۆلەکانی ئاژانس بێ و بە کردەوە نیازی ئاشتیخوازانەی خۆی بسەلمێنێ بە هەندێک گرانتی لەلایەن تارانەوە کە هەرلە سەرەتاوە نییەتی فریودانی بیروڕای گشتی بوو. لە ساڵی ٢٠١٥ ڕێککەوتنی "بەرجام" واژۆ کرا بەڵام ئەمریکا و ئیسرائیل بە گۆمانەوە دەیانڕوانیە

ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترامپ لەم ڕێکەوتنە هاتەدەر و گەمارۆکانی گەڕاندەوە سەر ئێران. وڵاتانی ئورووپایی و ئاژانسی وزەی ناوکی ئاگادار کردەوە کە کۆماری ئیسلامی بە کوشتنی کات دوور لە چاوی کۆمەڵگای جیهانی پەرەی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم داوە و لە دروستکردنی چەکی ناوکی نزیک بووەتەوە کە هەڕەشەیە بۆسەرهەموو کۆمەڵگای جیهان و دەبێ بە جۆریک پێشی پێ بگیرێ. دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ کە شیمانە دەکرا لەلایەن سپای قودسی ئێرانەوە موهەندسی کرابوو ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە. ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئاشکرا و بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی هەرنەبی بە نهێنی گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە پرۆژەیەکیان هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ کەمکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری و پەرە بە ئاشتی لە ناوچەکەدا بدەن، سەرەتا لە باڵ و ڕەوت و حیزبە نیابەتییەکانەوە دەستیان پێکرد هەتا گەیشتنە ڕێژیمی ئەسەد و دەسەڵاتی تازەی سوورییان هێنایە ژێر سێبەری خۆیان و لەژێر هێژمۆنی ئێران ڕزگاریان کرد بەڵام ئامانجە گەورەکە سەری "مار"ەکە بوو کە ماکە و ناوەندی سەرەکی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەیە، کورد گوتەنی خەتی خوار لە بن سەری گای پیر دابوو!. ترامپ دوو مانگ مۆڵەتی بە کۆماری ئیسلامیدا کە بە دیالۆگ کێشەی ناوکی لەگەڵ ئەمریکا چارەسەر بکات لە ماوەی دیاریکراودا پێنج جار دانیشتن و وتووێژیان هەبووە، ڕێژیمی تاران خراپ تێگەیشبوو و لای وابوو بە کات بە فیڕۆدان وەک جارەکانی پێشووتر دەتوانێ خۆی لەم کێشە و قەیرانە نێودەوڵەتییە دەرباز بکات بەڵام خۆی تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی کرد، تەنیا یەک ڕۆژ دوای ٦٠ روز مۆڵەتی ئەمریکا، لەلایەن ئیسرائیلەوە کەوتە بەرهێرشی بێئامان و ڕەهێڵەی بۆمبی فڕۆکە جەنگییەکان و موشەک و درۆن بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکان و ناوەندە سەربازییەکان و بەرگری ئاسمانی و ڕادارەکان و بە تایبەتی زانایانی ئەتۆمی و سەردارانی سپای پاسداران و دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی کە هەموویان بوونە ئامانجی ئۆپەراسیۆنی سپای ئیسرائیل و وێران کران و بوون بەخەڵووز. لەم هێرشانەدا کە ١٢ ڕۆژ درێژەی هەبوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گورزی کوشندەی بەرکەوت و تووشی خەسارێکی گەورەی ئابووری، سەربازی، ئەتۆمی و مووشەکی ناوەندە سەرکوتکەرەکان و بەسیج و سیستێمی بەرگری و بە گشتی تواناکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە بە تەواوی لاواز کران. جێگای ئاماژەیە کە ئیسرائیل سەرکەوتنی ئەم ئۆپراسیۆنەی لەم شەڕەدا بە ئامادەکاری و هەواڵگری مووساد دەزانی کە چەندین ساڵ پێشتر لەناوخۆی ئێران لەژێر چاوەدێری چڕدا بووە. ئێتر ڕێژیمی ئاخوندی ناگەڕێتەوە پێش دەسپێکی شەڕەکە کە هەڕەشە بوو بۆ سەرناسەقامگیری ناوچەکە و جێگای ئاماژەیە ئەم شەڕە بۆتە ناکۆکی قووڵ لە ئەرکانی نیزامدا، عەلی خامنەیی لەم شەڕەدا کە مەرگی خۆی و نیزامەکەی بە چاو دەدیت، بۆی دەرکەوت هیچ وڵاتێک و لایەنێک بە هانایەوە نایەت، بەرەی موقاوەمەت کە چەندین دەیە بوو لەسەر سەرووەت و سامانی گشتی خەڵکی ئێران ژیانیان دابین دەکرا، لە سایەی سەری ڕێبەری موستەزعەفانی جیهان لەلایەن ئیسرائیلەوە بە تەواوی زەلیل و فەلەج کران و توانای هەستانەوەیان نییە. چین و ڕووسیەش ئامادە نین بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی، خۆیان لەم شەڕەدا تیوە بگلێنن. وەلی ئەمری مۆسوڵمانان کە لە ترسی گیانی کونەمشکی لێ ببوو بە

قەیسەری زیاتر لە هەموو کات خۆی بە تەنیا و ئاسۆی کۆتایی تەمەنی ڕێژیمەکەی تاریک دەبینی. ئێستا کە دوای ١٢ ڕۆژ شەڕو پێکدادان بە چەکی قورس و پێشکەوتوو؛ ئاگربەستێکی لەرزۆک لەلایەن ترامپەوە ڕاگەیەندرا و بە شێوەی کاتی شەڕەکە ڕاگیراوە، هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسۆنەکە شەڕی ڕەوانی و سێناریۆی جۆراوجۆریان بەکاردێنا بۆلاوازکردن وتێکشکاندنی وورەی هێزی سەربازی و خەڵکی مەدەنی. هەرچەندە ڕەوایەتەکان لە بارەی ئەنجامی شەڕەکە جیاوازن و هیچ ئامار و ئەرقامیکی باوەڕپێکراو نەخراوەتە ڕوو بەڵام هەر دوو لایەنی بەرابەر خۆیان بە سەرکەوتوو و براوەی شەڕەکە دەزانن. لە گەرمەی شەڕەکەدا کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی گوشار و بێهێزیدابوو، هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی ئێران، لە پشتی هەموو دەرگاکانی وڵاتانی عەرەبی و ئوروپایی دەبیندرا هەتا بە جۆریک کاریگەریی هەبێت لەسەر ڕاگرتنی شەڕەکە، ئێستا ئاگربەستە بەڵام سێناریۆکانی پشتی ئەم گرژییانە لەسەر چۆنیەتی ڕێککەوتنی کێشەی ناوکی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی کە بە گشتی باوەڕ و بڕیاریان وایە کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیی بە هیچ جۆر جێگای متمانە نییە و نابێ ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی بەڵام وادیارە کۆماری ئیسلامی لە هەڵە و شکستەکانی ڕابردووی دەرسی وەرنەگرتووە و دەست لە جەهل و کەلەڕەقی هەڵناگری، لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی مەجلیس دوو ڕۆژ دوای ئاگربەستی شەڕی ١٢ڕۆژە بە تێکڕای دەنگ ڕێژیم هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی هەڵپەسارد و دەڵێ واز لە بەرنامەی ناوکی ناهێنین، وادیارە هەویری کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاتر ئاو هەڵدەگرێ و لە یاخیبوونی بەردەوامە. لە کاتێکدا کە ئاسمانی ئێران لەدەست ئیسرائیل دایە لە زۆربەی شارەکان و ناوەند و بنکە و دامودەزگاکانی ئەتۆمی و سەربازی و مووشەکی و هێزە ئەمنی و هەواڵگری کەوتبوونە ژێر تەوژمی بۆمباران و دەسووتان و دووکەڵی هەموو ئاسمانی ئێرانی داپۆشیبوو، کۆماری ئیسلامی لەژێرسێبەری ئەو دووکەڵە لەسەر زەوی هەموو توانا و هێزی خسووەتە گەڕ بۆ چاوەدێری چڕ و کۆنترۆڵکردنی خەڵک کە گەورەترین ترسی لە سەرهەڵدانی هەبوو بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە ئیرادەی خەڵکی ئێرانە کە دەسەڵاتدارانی تاریکپەرست و وەیشوومەی جەهل و سەراسەرخورافات و جینایەت تێکوەردەپێچێ و کۆتایی بە ئاسەواریان دێنێ.

سەرچاوە و زانیارییەکان باس لەوە دەکەن لە ماوەی شەڕەکەدا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە سەرانسەری ئێران دەسبەسەر کراون و شیمانەی ئەوە دەکرێ بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک سزای قورسیان بەسەردا بسەپێنن لەو ماوەیەشدا چەندین کەسیشی ئیعدام کردووە کە ئەم بابەتە بووەتە جێگای نیگەرانی کۆمەڵگای جیهانی و بەتایبەتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە دووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی ساڵەکانی دەیەی شێستی هەتاوی. لە کۆتاییدا هەندێک لە چاوەدێرانی سیاسیی پێیانوایە کە فڕوفیشاڵ وهەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ ڕێکەوتنی ناوکی لەگەڵ ئەمریکا دوای شەڕی ١٢ڕۆژە بە ڕیاکاری و سیناریۆ دەزانن و خامنەیی لە هەموو کات زیاترئامادەیە ڕێکەوتن واژۆ بکات و مامەڵە و دانیشتنی زۆر لە پێش دەسپێکی شەڕەکە لەگەڵ خۆشتر و هاسانترە وهەموو زیللەتێک قەبووڵ دەکات لە پێناو مانەوەی خۆی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**و دەسەڵاتەکەی بەڵام دەبێ چاوەڕێ بین دروستبوونی هەر پێشهاتێک دەرەنجام و لێکەوتەکانی لە کۆتاییدا دەردەکەون و چارەنووسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکلایی دەکەنەوە.**

**٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# بەرەبەیانی حەقیقەت لە ئاوابوونی درۆدا





**ڕەحیم نزهەتزادە**

یەک لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرانی، بەتایبەت خومەینی و خامنەیی درۆکردن و خاپاندنی گەلانی ئێران بووە. لە ئێستادا کە تەمی مەرگ و فەنابوون ڕوخساری خامنەیی داپۆشیوە و چۆکی پێ داداوە، حەقیقەتەکانی مێژووی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی ئەو پتر لە هەر کاتێک دەردەکەون.

لە ڕاستیدا لە ئاسۆی تاریک و نادیاری کۆماری ئیسلامیدا کە درۆ لە مێژە سێبەرێکی پیرۆز بووە، حەقیقەت وەک ڕووناکییەکی ماندوو، بەڵام زیندوو لە کەمیندایە. کاتێکیش بناغەکانی فێڵکردن دەڕووخێت، ئەوەی شاراوە بووە، بە خێراییەکی بێبەزەییانە و ڕوونییەکی سەرسوڕهێنەر، خۆی ئاشکرا دەکات. ئەو مردنەی کە بۆ عەلی خامنەیی، ڕێبەری سیستەمێکی خۆسەپێن کە لەسەر سەرکوت بنیات نراوە، پێشبینی دەکرێت، کۆتایی جەستەیەک نیە، بەڵکوو ڕووخانی ڕووخسارێکی درۆیینە لە بەردەم ئاوێنە خوێناوییەکەی مێژوودا.

دەکرێ خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەکوو هێمای کۆتایی سیستەمێک سەیر بکرێت، سیستەمێکی سیاسی کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر درۆ بنیات نراوە؛ درۆیەک بە ناوی کۆمار، درۆیەک بەناوی ئیسلام، درۆیەک بەناوی ڕزگاریی ستەملێکراوان، درۆیەک بە ناوی دادپەروەری. دەیان ساڵە ئەم ئامێرە دەوڵەتییە، بە زمانی ئایین و بە کەرەستەی سەرکوت و تیرۆر و کوشتن و خۆسەپاندن، وەک ڕاستییەکی ڕەها بە سەر خەڵکدا سەپێندراوە. بەڵام هیچ درۆیەک، هەرچەندە قووڵ و ئاڵۆزیش بێت، بۆ هەمیشە لە تارماییدا نامێنێتەوە. هەر قەوارە و هەیکەلەیەک، کە لەسەر بناغەی شێواندن و سەرکوت گەشەی کردبێت، دواجار لە ساتێکی بێڕەحمانەدا، لە ناوەوە دەپوکێتەوە و دەڕووخێت.

گەیشتنی کاتی مردنی خامنەیی وەک تاکێک، ڕەنگە بۆ زۆر کەس تەنیا ڕووداوێکی بایۆلۆژی بێت؛ بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی جەستەی ئەو دەمرێت، گێڕانەوەی بە دامەزراوەکراوی درۆیە. ئەو کەسایەتییە کە لەسەر زەوی، خۆی بە سێبەری خودا ناو دەبات، دواجار وەک هەر دیکتاتۆرێکی تر، لە تالاوی حەقیقەتی مێژوویيدا دەنێژرێت. لەو شوێنە ڕا کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەکە لە دەست چووە و، دەنگی کزکراوی هەزاران قوربانی بووەتە بانگەوازی بەئاگاهاتنەوە.

لەم دەرەنجامەدا، لێکچوونێکی ڕوون لە نێوان خامنەیی و کەسایەتییەکانی وەک موختار سەقەفیدا سەرهەڵدەدات، ئەو کەسایەتییانەی کە ئەمەی دووەمیان لە نێوان ڕزگاربوون و دەسەڵاتدا هەڵبژاردوە، دواجار لە چاوی مێژوودا نەک وەک فریادڕەس، بەڵکوو وەک ئەکتەرە دووڕووەکانی دەسەڵات ناسێنراون. هەرچەندە موختار بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی حوسێن هاتبووە مەیدان، بەڵام دواجار گۆڕا بە کەسایەتییەکی پڕ لە ناڕوونی و گومان. بەڵام خامنەیی هەرگیز تەنانەت دەمامکی دادپەروەریشی لێ نەدا؛ ئەو ڕووخساری ڕووتی دەسەڵاتێکی ڕەهای داپڵۆسێنەرە، کە بە ناوی ئایینەوە گەلانی ئەم وڵاتەی بە زنجیر بەستوتەوە.

هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیانی حەقیقەت، لە خۆرئاوابوونی درۆدا، ڕووداوێکی لەناکاو نیە. ئەم هەڵهاتنە، لەژێر خۆڵەمێشی شاراوەی پرسیارەکانی نەوەیەک پێکهاتووە، کە چیتر نە بە ناو فریو دەدرێت، نە بە دروشم لە بەند دەکرێت. نەوەی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ئابانەکان، نەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، نەوەی ڕاپەڕینە بێکۆتاکان، ئەوانە نەوەگەلێکن کە هەرگیز نەکوژانەوە، تەنانەت ئەگەر گۆڕەکانیان لە قووقوشم پڕ کرابێت. ئەوان سەرلەنوێ مێژوویەک دەنووسنەوە، بەبێ ئەوەی بۆ پاساو هێنانەوە، درۆیەک بمێنێتەوە.

کەوتنی عەلی خامنەیی، هەرکاتێک ڕوو بدات کە چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانەش ڕوو بدات، بە تەنیا کۆتایی ڕێبەرێک نابێت؛ خاڵی کۆتایی سەردەمێک دەبێت کە سانسۆر، گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتن لەودا بە پیرۆز دادەنرا. بە مردنی ئەو، درۆیەک کە قورسایی لەسەر شانی میلیۆنان کەس دەکرد، هێدی هێدی دادەڕوخێت و چینە شاراوەکانی حەقیقەت، بە دیدێکی کراوە و فراوانتر لە دڵی تاریکییەوە وەدەردەکەون.

بەڵێ، مردنی سروشتیی خامنەیی تاڵە، نەک لەو سۆنگەیەوە کە کۆتایی ژیانی مرۆڤێکە، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە کە حەق وا نیە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێ و سزای تاوانەکانی وەربگرێ سەر بنێتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە مردنی ئەو نیشانەی ناپاکییەکی قووڵە کە بەسەر نەتەوەکاندا سەپێنرابوو. تاڵیی ئەم مردنە، لە ڕەگەزی تاڵی حاشاکردنە؛ حاشاکردن لە هەزاران هاواری بەندکراو کە ساڵانێکە کوژاونەوە. حاشاکردن لە زیندانیکران، ئەشکەنجەدران، بێدەنگکرانی بە میلیۆن کەس لەم هەرێمەدا. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئاوابوونی ئەم ڕووخسارە درۆتینەیە، کاتی ئەوە هاتوە کە حەقیقەت، بە هێمنی بەڵام یەکلاکەرەوە خۆی بەدەربخات.

**٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# شکۆی شکاوی دیکتاتۆرێک!






**عەلی بەهرامی**

٢ ڕۆژ دوای ڕاگیرانی شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئاخوندی بە پەشۆکاویی و داروخاویی و زەلیلیەوە دەرکەوت و لە پەیامێکدا بەپێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکان، باسی لە سەرکەوتنی ڕێژیمەکەی بە سەر ئامریکا و ئیسرائیلدا کرد و بە قەولی خۆی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە پیرۆزبایی بە خەڵکی ئێران!

گوت.

خامنەیی لە کاتێکدا باسی لە سەرکەوتن بەسەر ئامریکا و ئیسرائیل دێنێتە گۆڕێ، کە هێشتا لە حەشارگە ژێرزەمینیەکەیدا ماوەتەوە و ترس و پەشۆکاویی بە ڕووخساریەوە دیارە و بەپێی نێوەرۆکی پەیامەکەی بێ، یان ڕاپۆرتی تەواوی بەدەست نەگەیشتوە و ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکان نەبووە، یان ئەوەی کە بۆ پاراستنی ورەی ڕووخاوی هێزەکانی ڕاستی ڕووداوەکان بەئانقەست بەراوەژوو دەکا. خامنەیی بەپێچەوانەی پەیام و وتارەکانی پێشووی کە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە ئامریکا و ئیسرائیل و دۆستەکانیان بوو، لەم پەیامەدا خۆی لە باسی زۆرێک لە ڕووداوەکانی جەنگی ١٢ ڕۆژە و هۆکانی سەرهەڵدانی شەڕ و ئاگربەستی دوای جەنگ بوارد و زۆرتر هەوڵی دەدا هێزەکانی وەک قارەمانی جەنگ و ئەم سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی خەڵکی ئێران وێنا بکا. ئەو گوتی: پێویستە بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە چەند جار پیرۆزبایی بکرێ، پیرۆزباییەک بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا، پیرۆزبایی دووهەم سەرکەوتن بەسەر ئامریکا و پیرۆزبایی سێهەم بەبۆنەی یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی ئێران و پشتیوانییان لە هێزە چەکدارەکان! ئەوە ڕوونە کەلەڕەقی و پێداگرییەکانی خامنەیی و دارودەستەکەی لە پێوەند بە بەرنامە ناوکی و ڕازینەبوونیان بە شەرتەکانی ئامریکا، بووە هۆی هێرشی ئیسرائیل و و دواتر ئامریکا بۆ سەر دامەزراوە ناوکی و مووشەکی و سەربازییەکانی ئەو دەسەڵاتە و زیان و تێچوویەکی زۆر و قەرەبوونەکراوەی مرۆیی، سیاسی و سەربازیی بۆ دەسەڵاتەکەیان بە دوای خۆیدا هێنا.

شەڕی ١٢ ڕۆژە دەریخست کە دەسەڵاتەکەی خامنەیی بەپێچەوانەی ئیدیعا و خۆ هەڵکێشانەکان زۆر گەندەڵ و لاوازە و دەتوانرێ لە ماوەیەکی کەمدا تووشی زیانی وا گەورە بێت. بۆ وێنە هەر لە یەکەم شەوی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر دامودەزگاکانی ڕێژیم دەرکەوت کە موساد چەندە دەستی بە قووڵایی ناوەندە گرینگ و هەستیارەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی گەیشتوە. ئیسرائیل هەر لە یەکەم هەڵمەتدا لە ڕێگەی جاسووسەکانیەوە توانی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی ئەتۆمی، پلەدارانی بەرزی سپای پاسداران شناسایی بکا و بیانکوژێ. هەروەها هەر لە یەکەم گورزدا بە تاکتیکی جیاجیا هێرشی کردە سەر زۆرێک لە ناوەندەکانی فەرماندەیی، دامەزراوە و ناوەندە مووشەکی و درۆنییەکان و بەرگری هەوایی و دواجار بەتەواوی ئاسمانیی ئێران کۆنترۆڵ بکات و کۆی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە لە دەست و پێ بخات. ئەم هێرشانە بەو توندی و کاریگەرییە بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ لە هەموو ناوچەکانی ئێران بەردەوام بوو و توانیبوویان لە هەموو بارێکەوە هێزەکانی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی شەل و شکستە بکەن. هەتا ئەوەی کە لە ڕۆژی کۆتایی شەڕەکەدا ئامریکا هێرشی کردە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی نەتەنز، فۆردوو و ئیسفەهان و ئەوەش ڕێژیمی ناچار بە قەبووڵی ئاگربەست کرد.

بە پێچەوانەی قسەکانی خامنەیی، هێزەکانی نەک هەر لە بەرامبەر ئامریکا و ئیسرائیلدا براوە نەبوون، بەڵکوو بە پێی ئەو ئامارانەی بڵاو کراونەتەوە لەو شەڕەدا ئیسرائیل دەستی باڵای هەبووە و ١٥٠٠ هێرشی ئەنجام داوە و لەو هێرشانەدا ٩٠٠ شوێنیان کردووەتە ئامانج و لە هێرشی "چەکوشی نیوەشەو"دا ١٤ بۆمبی سەنگەربڕ و ٢٤ مووشەکی کرووزی تۆماهۆک بە کار هاتوون. لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا ٣ بنکەی ناوکی و ڕئاکتۆری ئەراک کراونەتە ئامانج و زیانی زۆریان پێ گەیشتوە. ٩ پسپۆڕی ناوکی و ٣٠ فەرماندەی پلەبەرزی ڕێژیم کوژراون. زیاتر لە ٣٥ ناوەندی مووشەکی، ٢٠٠ مووشەکهاوێژ، ١٥ فڕۆکەی شەڕکەر، ٩٠ بنکەی پەدافەندیی هەوایی و ٦ فڕۆکەخانە کراونەتە ئامانج. لە بەرامبەردا بە پێی ڕاگەیاندنەکان، سەتا ٩٩ی ئەو مووشەک و درۆنانەی ڕێژیم بەرەو ئیسرائیل هاویشتوونی خراونەتە خوارەوە. ئەو مووشەکانەش کە لە سیستەمی بەرگریی ئیسرائیل تێپەڕیون، لە شوێنی مەدەنی دراون و هەموو کوژراو و بریندارەکان خەڵکی مەدەنین. بەو پێیە بە پێچەوانەی قسەکانی خامنەیی، هێزەکانی نەک هەر سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو شکستێکی گەورە و زەبری جەرگبڕیان لە هەموو بارێکەوە بەرکەوتوە.

ئەوەش کە لە دوای ئەم شکستە باس لە میللەتی ئێران دەکا، لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ئێستادا هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە لە پەلوپۆ کەوتوون و توانای هیچیان نەماوە و خامنەیی و دەسەڵاتەکەی بە تەنیا و بە لەتوپەتی ماونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ئێران نیشانیان دا کە ئەمە شەڕی ئەوان نیە و ڕێژیم هۆی و سەبەبکاری بووە و ئەم دۆخەیش وای لە وەلی فەقیهی ڕێژیم کردوە بە درۆیش بێ ڕوو لە خەڵکی ئێران بکات و بە حیسابی خۆی پیرۆزبایی سەکەوتنیان بکات! دیارە ئەو پیرۆزبایی کردنەیش لای خەڵکی ئێران و بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک درۆی ساڵ چەندین تەنز و جۆکیان لەسەر ساز کردوە. خاڵێکی دیکەی ئەم پەیامە کە جێی سەرنجە ئەوەیە خامنەیی وا لێ بڕاوە و هیچی بە دەستەوە نەماوە خەریکە درۆ لەگەڵ خۆی دەکا چوونکە خەڵکی ئێران بە چاوی خۆیان بینیان هێزەکانی ڕێژیم چۆن لەتوپەت و هەر لە یەکەم هەڵمەتی ئیسرائیلدا کیش و مات بوون و لە ترساندا کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری.

ئەو شکستە سیاسی، ئەمنیەتی و سەربازییانە لە لایەک و تەریک مانەوە و پشتتێکردنی خەڵک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە، شکۆی خامنەیی دیکتاتۆریان شکاندوە و تووشی ڕووخان و لاوازیی و بێتواناییان کردوە.

٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# لێکەوتەکانی شەڕی ناسراو بە ١٢ ڕۆژە





**هەردی سەلیمی**

نزیکەی ١٢ ڕۆژ بەسەر شەڕی ئیسرائیل و ئێراندا کە بە شەڕی ١٢ ڕۆژە ناوبانگی دەرکرد تێپەڕ دەبێ. لە ماوەی ئەم شەڕەدا ئێران تووشی زیانی زۆر گەورەی ماددی و گیانی بووە، بە دەیان فەرماندەی پلەباڵای ڕێژیم لەو هێرشانەدا کوژران و دەیان بنکەی مووشەکی و چەندین ناوەندی ناوکیی ئەو وڵاتە زەبری کوشندەیان لێ کەوتوە. لەگەڵ ئەوە ئێران تەنانەت نەیتوانی

لە ڕووی دیپلۆماسی و نێونەتەوەییشەوە لایەنگرێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە یان لانیکەم بتوانێ گوشارێکی جددی بخاتە سەر ئیسرائیل؛ ڕنگە بتوانین بڵێین یەکێک لە سەرکەوتووترین هێرشە نیزامییەکانی ئیسرائیل بووە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا. ئێران هەتا پێش لەم شەڕە پشتی بە ڕووسیە و چین بەستبوو، بەڵام ڕووسیە نیشانی دا سەرقاڵتر لەوەیە بتوانێ فریای ئێران بکەوێ، هەروەک چۆن نەیتوانی یان نەیویست فریای بەشار ئەسەد بکەوێ؛ وڵاتی چینیش لەم نێوەدا سیاسەتێکی پاسیڤی گرتووەتە بەر و نایهەوێ بە لای هیچکام لە لایەنەکانی ئەم شەڕەدا بشکێتەوە.

وڵامە نیزامییەکانی ئێران بەم هێرشانەی ئیسرائیل و دواتر ئەمریکاش، لە گشتیەتی خۆیدا وڵامی سیمبۆلیک و هەستەکی بوون. کۆماری ئیسلامی نە توانیی و نە ویستیشی وڵامەکانی توند بن بەرامبەر بەو هێرشانە، بەڵکوو زیاتر وەک گوترا سیمبۆلیک بوون و بۆ ڕازیکردنی دڵی لایەنگرانی کرا. لە ڕووی سیاسییشەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو گوشارە نەخرا سەر ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی بە نەهێشتنی ئینتێرنێت، بە ڕەشبگیری و بە پەسندکردنی یاسای نوێی سزادان، هەروەها بە هەڵپەساردنی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەییی وزەی ناوکی و داواکاریی ئێعدامی ڕافائێل گرووسی! بەکردەوە ڕێیەکی تری گرتووەتە بەر و زیاتری کاردانەوەکانی ڕوو لە خەڵکە.

لە ئێستادا کەوا ئاگربەستێکی لەرزۆکیش لە ئارادایە، ئەمریکا هەروا پێداگرە لەسەر ویستە سەرەتایی و سەرەکییەکەی خۆی، واتە خۆبەدەستەوەدانی بێمەرجی کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی ترەوە ئیسرائیل ئیدیعا دەکات هێشتا دەسەڵاتی ئاسمانی ئێرانی بەدەستەوەیە و بەکردەوە دەیهەوێ وەک وڵاتی لوبنانی لێ بکات و ئەو وڵاتە بخاتە ژێر چاودێریی چڕ و بەردەوامی خۆیەوە، بۆ ئەوەی لە ئەگەری وەخۆکەوتنی کۆماری ئیسلامی، ئیسرائیل بتوانێ هێرشی پێشگیرانەی هەبێ و لەو ڕووەوە دەستی ئاوەڵا بێت. وڵاتانی ئورووپاییش بەبەردەوامی هەڕەشەی گەڕانەوەی مکانیزمی "سناپبەک" بۆ سەر ئێران دەکەن.

هەتا ئێستاش و پێش لە کارابوونی ئەو مکانیزمە ئابووریی ئێران لە لێواری هەڵدێردایە. لەم هێرشانەدا کە بەشێک لە ژێرخانە وزەیی و داراییەکانی کردە ئامانج و هەروەها هێرشی سایبێری بۆ سەر بانک و بوورس و هتدی بەدوادا بوو، بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە دارایی خەوێنراو لە ئێران بچێتە دەر و ئەو وڵاتە قەیرانلێدراوە هێندەی دیکە تووشی قەیران بکات. لەگەڵ ئەمە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێک لە کرێکاران لە ئێراندا لەسەر کار وەلا نراون و بە بیانووی کەمکردنەوەی هێزی مرۆیی، جواب کراون. ئەمە لە کاتێکدایە بە وتەی کارناسانی بواری ئابووری، ئابووریی ئێران لەگەڵ هەڵاوسانی ٤٠ لەسەدی، هەژاریی بەربڵاو و گەندەڵیی سیستماتیک بەرەڕووە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لە ڕووی نیزامییەوە شکستی خواردوە و ئێعتباری نەبووی هێندەی دیکە تێک شکاوە، لە ڕووی سیاسییشەوە وەک باس کرا بەتەنیا ماوەتەوە و لە دۆزینەوەی دۆست و هاوپەیماندا دۆشداماوە. ئەم ڕێژیمە کە ناتوانێ مودیریەتی کێشەکانی بکات، بەم حاڵەوە نەیهێشتووە ڕادەی توانای سەرکوتکردنی دابەزێ و هەوڵ دەدا ئەم دۆخە توندتریش بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان شەپۆلێکی نوێی لە دەسبەسەرکردنەکان لەژێر ناوی بەرگری لە سیخوڕی و... بەتایبەت لە کوردستان دەست پێکردووە و دەیهەوێ لەژێر ناوی دۆخی شەڕدا خەڵک چاوترسێن بکات، بۆ ئەوەی پێش بە سەرهەڵدانی نارەزایەتی بگرێ.

ئەم قەیرانە کەڵەکەبووانە و ئاستی نزمی توانای بەرەوڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵیان، نیشان دەدا لە داهاتوودا نارەزایەتیی بەرفراوان بەڕێوەیە و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک گوشاری دەرەکی و نێوخۆییدا دەستەویەخە دەبێ، کە وێ ناچێ بتوانێ بەئاسانی کونترۆڵی بکات و دەبێ خۆمان بۆ گۆڕانی زۆر گەورە لەو وڵاتە ئامادە بکەین.

**١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# تۆڵەی ئاشبەتاڵ






عەلی بداغی

فڕکردنی جامە ژەهرەکان بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا شتێکی ئاساییە و زۆر بیندراوە، بەڵام دوایە تۆڵەیان لە خەڵکی ئێران پێ کراوەتەوە. کۆماری ئیسلامی ٨ ساڵ لە دەهۆڵی شەڕ لەگەڵ عێڕاقی ڕاکێشا و جیا لە ماڵوێرانی و کاولبوونی وڵات بە میلیۆن کەسی بە کوشت دا و نقوستانی کردن، بەڵام کاتێک دواجار و بە ناچار بەچۆک داهات و ملی بۆ ئاگربەس ڕاکێشا، پێش هەموو شتێک تۆڵەی لە نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازانی وڵات کردەوە.

کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی تەنیا بەشێکی ئەو تۆڵەیە بوو، و درێژکراوەی ئەم تۆڵەیە دەکرێ لە توێ توێی ئەو ژیان و دۆخە پڕ نەگبەتی و نەهامەتییەدا ببینین کە لە ماوەی چل ساڵی دوای تێکشکانی لەو شەڕەدا بەسەر خەڵکی ئێرانی سەپاندوە.

مێژوو دووپات دەبێتەوە. ئەمجارەیان ڕێژیم سەرەڕای هەموو هەڕوگێڤەکانی نەک ٨ ساڵ، بەڵکوو تەنیا ١٢ ڕۆژ بەرگەی هێرشەکانی ئیسرائیلی گرت و خامنەیی بە ملڕاکێشان بە ئاگربەس جامی ژارەکەی فڕ کرد، بەڵام لە یەکەم ساتەکانی دوای ئەم بەچۆکداهاتنە ڕێژیم کەوتە تۆڵەیەکی سەخت و خوێناوی لە خەڵک. ئەم شەڕە ١٢ ڕۆژەیە تێچووی زۆری بۆ ڕێژیم هەبوو. ڕێژیمی ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە جەمسەری بەناو خۆڕاگری لە بەردەم دنیای ڕۆژئاوا پێناسە دەکرد، ئەوەی بۆی مایەوە شتێک جگە لە ڕیسوابوون و تێکشکانی نیزامیی قورس و تێداچوونی بە تریلیۆن دۆلار سەرووەت و سامانی وڵات و تەریککەوتنەوەی زیاتر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبوو. خامنەییش کە خۆی بە ڕێبەری مەعنەویی جیهانی ئیسلام و میراتگری کولتووری حوسێنی و عاشوورایی دەزانی، بۆ ماوەی مانگێک کەس بە سۆراغی نەزانی و ڕوون نەبوو لەکوێ خۆی شاردۆتەوە. جا با سووکایەتییەکانی ترامپ بە خامنەیی و جێگەوپێگەکەشی لەولا بوەستێ کە ئێستا ئیدی کاربەدەستانی ڕێژیم دەستەوداوێنی پاپای واتیکان بوون بەشکم ئەو تکایەکیان بۆ بکا و ترامپ بوەستێنێ!

١٠ ڕۆژ دوای ڕاگیرانی کاتیی شەڕ ئەوەی سەربازەکانی و نیزامە سیاسییە شکستخواردووەکەی لە بەرەی شەڕی دەرەکی لەدژی خەڵکی وڵات دەیکەن ئاماژە بە تۆڵەسەندنەوەیەکی سیستماتیکە هەتا باری قورسی ڕووخانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتورییە ئایدۆلۆژییەکەیان بخەنە سەر شان و شەپیلکی خەڵکی وڵات. بۆیە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەس، ڕەشبگیر و شەپۆلێکی نوێ لە دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، خوێندکاری، ڕاگەیەندکار، هونەرمەندانی دژبەری شەڕ و تەنانەت خەڵکی ئاسایی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەخنەیان لە حکوومەت گرتبوو و نووسین و هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی مەیلی کاربەدەستانی ڕێژیم بوو دەستی پێکرد. ڕێگە لە هەر چەشنە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ئێعترازی و مانگرتن گیرا، لە ماوەی تەنیا یەک مانگدا لانیکەم ٩٨ کەس لەدار دران کە شەش کەسیان تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیلیان درابووە پاڵ و بەوە ژمارەی ئەو کەسانەی دەزگای قەزایی ڕێژیم لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی زایینیدا ئێعدامی کردوون گەیشتە ٦١٢ کەس. دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم کەوتە کار بۆ ئەوەی هەر کەسێکی دژبەر و ناڕازی لە حکوومەت و سیاسەتی شەڕانخێویی ڕێژیم بە خائین بە وڵات! پێشان بدا. بەڵام ئەمە تەنیا نووکی شاخە سەهۆڵەکەیە. ئابووریی وڵات کە پێش شەڕیش لە سۆنگەی سیاسەتە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و ناکارامەیی و گەندەڵیی حاکمییەتی سیاسی قەیرانی زۆر و جۆراوجۆر بڕستی لێ بڕابوو، دوای شەڕ ئەوەندەی دیکەش تێکڕووخاوە. ڕێژیمیش بە بردنەسەرێی نرخی دراو، بڕینی یارانەکان، گرانکردنی کەلوپەل و خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک و دەستنەکەوتنی داودەرمان هێندەی دیکەش

بارگرانیی ئەو دۆخەی خستۆتە سەر شانی خەڵک بۆ ئەوەی بەم شێوەیە قەرەبووی شکست و داماوییەکانی لە بەرەی دەرەکی و شەڕەکانی خۆیدا لە خەڵکی وڵات کردبێتەوە.

تەنیا ١٢ ڕۆژ شەڕ لەگەڵ وڵاتێک کە بە ڕووبەر ٧٠ هێندە لە ئێران بچووکترە و بەچۆک داهاتن و دەستبەردانەوە لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوودا لە هەمبەر ئیسرائیل بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر شکستێکی سەربازی نیە، بەڵکوو تێکڕووخانی ئایدیا بەناو پیرۆزەکانی حکوومەتێکە ئەفسانەیەکی لەشکاننەهاتووی لە شکۆ و هێزی جیهانداگری خۆی دروست کردبوو. ئاساییە ڕێژیمێکی سیاسیی ئەوتۆ کە دەزانێ لە نێوخۆی وڵاتیشدا شەرعییەتی خەڵکی و سیاسیی نیە و بگرە خەڵکی وڵات هۆکاری هەموو نەهامەتی و قەیرانەکانی ژیانیان بۆ ئەو دەسەڵاتە دەگێڕنەوە، بیهەوێ بە سەرکوتی ئەو خەڵکە شکان و لاوازییەکانی بشارێتەوە. هەروەها بەو پاشخانەی لە خۆپێشاندانە گشتییەکانی دوای خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە ١٤٠١ و ئەو ترسەی لە تەقینەوەی گڕکانی تووڕەیی و نارەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵک هەیەتی، لە ڕێگەی سەرکوت و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندنەوە پێش بە هەڵچوون و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بگرێ؛ بۆوەی چەندی پێی بکرێ خۆی بگرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا و بۆ پاشەکشەکردن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمە ئێستا تەنیا چەکی سەرکوتی نێوخۆیی بە دەستەوە ماوە. بەڵام تۆڵەکردنەوە لە خەڵک نەک بە مانای بەهێزی حاکمییەتی سیاسی نیە، بەڵکوو دەرخەری لاوازی و زەبوونیی ڕێژیمە و ناشتوانێ هەتا سەر خۆی پێ بپارێزێ. لە ئێستادا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو بازنەی دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاترن و پرسی بەردەوامیی سیاسەتی شکستخواردووی بەرەی مقاومەت و ستراتیژیی بەرگریی پشتبەستوو بە ڕۆژهەڵات (چین و ڕووسیە) گەورەترین قەیرانی بەرەوڕووی بازنەی دەسەڵات کردۆتەوە و، قەیرانی ئابووری و دراویش پرزەی لێ بڕیوە؛ بەڵام بزووتنە کۆمەڵایەتی و مەدنی و مافخوازییەکانی خەڵک کە ڕیشەیان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە، زیندوو و بەهێزن. گەلانی مافخوازی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی وڵات دەیان ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە بوونەتەوە، ئەویش لە کاتێکدا لە تروپکی دەسەڵاتدا بوو. بۆیە ئێستا کە ڕێژیم لە هەموو کاتێک لاوازترە دەست لەسەر دەست دانانێن، بەڵکوو چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی لەبارن، هەل و دەرفەتێک کە لە لاوازبوونی دەزگای سەرکوتدا بەدی دێت.

**شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل لەوانەیە کۆتایی هاتبێ، بەڵام شەڕ و خەباتی مافخوازانەی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی قۆناغێکی دیکەی بڕیوە و هەتا سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا هەر درێژەی دەبێ.**

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# ئێران لە جەنگ لەگەڵ ئیسڕائیل لاواز و لەرزۆک دەرچوو و ئەوە دەتوانێ بە مانای گیروگرفت بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە بێ



شوکریە برادۆست، دێ کۆنڤەرسەیشن

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ڕووبەڕوو بوونەوەی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسڕائیل لە ژۆئەنی ٢٠٢٥ ڕەنگبێ نەگەیشتبێتە جەنگێکی تەواوی ناوچەیی، بەڵام ڕەنگبێ خاڵی دەستپێکی وەرسووڕانێک لە دیمەنی سیاسەتی نێوخۆیی ئێران بێ. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردووشدا تووشی کێشەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمنی دەرەکی بووەتەوە، بەڵام ئەوە قەت لە کاتێکدا نەبووە کە لە ڕوانگەی سەربازییەوە وەها لاواز، لە ڕوانگەی نێوخۆییەوە وەها پارچەپارچە و لە تەریککەوتوویی پەرەئەستێن لەگەڵ دانیشتووانیدا بووبێ.

بە پێچەوانەی کاتی جەنگی ئێران - عێراق لە هەشتاکانی زایینیدا، کاتێک یەکگرتوویی نەتەوەیی لە دەوری بەرگریی لە سەربەخۆیی ئێرانییان هاتە ئاراوە، ئەمجار دەوڵەت وێدەچوو بەبێ پشتیوانیی بەرچاوی جەماوەری بجەنگێ. لە کاتێکدا کە

ڕاپرسیی ورد لە نێوخۆی ئێران دژوارە، نەبوونی جووڵەی جەماوەریی بە لایەنگریی لە دەوڵەت، ڕێژەی کەمی هاوڕایی لەگەڵ دەوڵەت بەر لە جەنگەکە و سەرکوتی دەوڵەتی لەدوای جەنگەکە هەموویان بەئاشکرا دەربڕی ئەم دۆخە نوێیەن.

وەک توێژەرێکی کەمایەتییە نەتەوەییە جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات، من دەزانم کە بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان، بە تایبەت ئەوانەی بە درێژایی مێژوو پەراوێز خراون، ڕوانگەیان بەرانبەر بە کێشە لەگەڵ ئیسرائیل ئەوەیە کە ئەوە پێوەندی بە خەڵک و وڵاتەوە نیە، بەڵکوو ئاکامی بێبەزەییانەی شەڕانشۆیی ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەت و هەڵمەتەکان لە لایەن بەکرێگیراوانیەتی. ئەوە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی لەرزۆکترین دۆخ لە کاتی دامەزرانیەوە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩دا کردۆتەوە.

## دەسەڵاتی ڕەق و نەرم لاواز بووە

جێگای خۆیەتی چاوێک بە چۆنیەتیی لاوازبوونی دەوڵەتی ئێران لە ئاکامی شکستە جیددییەکانی ئەو دواییانەدا بخشێنین. دەسەڵاتە نەرمەکەی، کە سەردەمێک لەسەر ڕەوایی شۆڕشگێڕانە، نفوزی ئایدۆلۆژیی شیعە و پرۆپاگەندەی دژە ئیمپریالیستی بنیات نرابوو، بە شێوەیەکی بەرچاو سوواوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، کۆماری ئیسلامی پشتی بە گێڕانەوەیەکی بەهێز بەستبوو: ئەو تەنیا دەوڵەتێکە هێندە بوێرە کە دەتوانێ بەرەوڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ببێتەوە، داکۆکی لە پرسی موسڵمانان لە ئاستی جیهاندا بکات و دەوری ڕێبەریی ڕووحیی دنیای ئیسلام بگێڕێ. ئەو بۆچوونە لە لایەن میدیای دەوڵەتییەوە، میلیشیای بەکرێگیراو و باشوێژیی ئایینی یارمەتیدەری دەوڵەت بوو تا ڕەوایی بە دەستێوەردانە دەرەکییەکانی و تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە سامانی وڵات بۆ لایەنی سەربازیی، بەتایبەت گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی و میلیشیاکانی ناوچە بدا.

بەڵام ئەو گێڕانەوەیە چیدیکە زایەڵەی پێشووی نیە. ڕێبەرانی ئێران چیدیکە ناتوانن ئیدیعا بکەن ئیلهامدەری یەکگرتوویی لە نێوخۆ، یان ترس لە دەرەوەن. تەنانەت لەنێو دانیشتووانی شیعە لە لوبنان، عێراق و یەمەنیش، لە کاتی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران-ئیسرائیل پشتگیری لە ئێران کپ بوو. لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئێران، ئەو پرۆپاگەندەیەی کە ئیسرائیلی وەک دوژمنێکی ژینەکی وێنا دەکرد بیسەرێکی نەبوو، بە تایبەت لە نێو لاواندا کە بە شێوەیەکی پەرەئەستێن خۆیان لەگەڵ جووڵانەوەکانی مافەکانی مرۆڤ هاوتەریب دەزانن تا دروشمەکانی دەوڵەت.

شتێکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتی ڕەقی ئێرانیش خەریکی لاواز بوونە. لەکیسدانی فەرماندە پلەبەرزەکان و وێرانبوونی

ژێرخانە سەربازییە گرینگەکانی ئاشکرایان کردوە کە هەواڵگریی دەوڵەت و سیستەمی تەناهییەکەی بە شێوەی بەرچاو لاواز بوون. تەنانەت بەر لە هێرشی ئیسرائیل، ژمارەیەک ڕاپۆرت ئاشکرایان کرد کە هێزی سەربازیی ئێران لە لاوازترین ئاستی چەند دەیەی ڕابردوو دایە. سەرسوڕمانە ڕاستەقینەکە لە جەنگی ئەو دواییانەدا لە ئاستی بەربڵاوی زەرەرەکان لە لایەن ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەبوو بەڵکوو ئەو ڕاستییە بوو کە ئیسرائیل چەندە بە قووڵی نفوزی کردووەتە نێو پلەبەرزەکانی کەرتەکانی سەربازیی و هەواڵگری. کێشەی ئەو دواییانە نموونەی شکستی تەناهی و هەروەها سەربازی بوو.

## لە دەرەوە شکستخواردوو، لە ژوورەوە سەرگەردان

لەگەڵ لاوازیی دەسەڵاتەکەی لە سەرانسەری ناوچە، دەسەڵاتی نێوخۆیی دەوڵەتی ئێران لە ناوخۆش لاواز بووە. ڕاپرسییەکی وەزارەتی فەرهەنگ لە ٢٠٢٤ "نارەزایەتی"ی گشتیی ئاشکرا کرد، بە ڕێژەی زیاتر لە ٪٩٠ "ناڕازی" لە دۆخی هەنووکەیی وڵات. لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، کەمتر لە ٪٤٠ دەنگدەر بەشدار بوون، کە هێندەی دیکە نارەزایەتیی ئێرانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی ئاشکرا کرد.

هەواڵەکانی نێوخۆی ئێران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان سیاسەتەکانی دەوڵەت بە هۆکاری جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل دەزانن. دانیشتوویەکی خەڵکی ڕەشت بە هەواڵدەریی ڕۆیتەرزی گوت، "من بڕیاردەرانی وڵات بە تاوانبار دەزانم، سیاسەتەکان ئەوان ئێمەیان تووشی جەنگ و وێرانی کردوە." لە بەرامبەردا دەوڵەت بە تاکتیکێک وەڵامی داوەتەوە کە پێشتریش کەلکی لێ وەرگرتوە: سەرکوت. بە گوێرەی مێدیای هاوتەریبی دەوڵەت، زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە کاتی کێشەکە و دەستبجێ دوای ئەو دەستبەسەر کراون و بە هاوکاریی لەگەڵ مووساد، دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل، تاوانبار کراون.

وەکوو سەرکوتەکانی پێشوو، ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی کەمینە نەتەوەییەکان، بە تایبەت ناوچە کوردییەکان بە ئامانج گیراون. ڕۆژێک دوای ئاگربڕ لەگەڵ ئیسرائیل، دەوڵەت سێ کۆڵبەری کوردی، کە لە پارێزگا کوردییەکانی گەشە نەکردووی ئێران بۆ بژێوی ژیان پشت بە گواستنەوەی کاڵای قاچاخ دەبەستن، ئێعدام کردن. ئەو ئێعدامانە، کە بێ دادگا و پارەتیی یاسایی بەڕێوە چوون، شێوەی باوی کەلکوەرگرتنی دەوڵەت لە قوربانییانی سەر بە ئەتنیکەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدایە و ئەوە پێشینەی مێژوویی هەیە: کاتێک دەوڵەت هەست بە مەترسی دەکات، لە پێش هەموو شتێکدا هێرش دەکاتە سەر کوردان.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

### شێوەیەکی مێژوویی سەرکوتکردن

گریمانە دەکرێ نێوان ١٠ بۆ ١٢ میلیۆن کورد لە ئێران بژین کە نزیکەی ٪١٢ تا ٪١٥ لە کۆی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن، کە دەیانکاتە سێهەمین تاقمی ئەتنیکی دوای فارس و ئازەری. ئێران بە هەمان شێوە ڕێژەیەکی بەرچاو دانیشتووی کەمینەی بەلوچ و عەرەبی هەیە.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ دامەزرا، گەلێک لە گرووپە نەتەوەییەکان پشتگیرییان لە شۆڕش کرد. ئەوان بە هیوای ئێرانێکی گشتگیرتر و دێموکراتیکتر لە ڕێژیمی پێشووتر، دیکتاتۆریی دڕندەی شا کە زۆر جار کەمینەکانی بە ئامانج گرتبوو، بوون. بەڵام ئەو ئاواتانە زۆر خێرا کۆتاییان هات. بە ڕەتکردنەوەی پلۆرالیزم و برەودان بە ئایدیۆلۆژییەکی یەکخەر کە لە دەوری ئیسلامی شیعە و شوناسی فارسی چڕ کرابۆوە، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی تاقمە نافارس و ناشیعەکانی پەراوێز خست.

تاقمی ئەتنیکییەکانی دیکە وەک گومانلێکراو سەیر دەکران، لە کاتێکدا کە شیعەکانی ئازەربایجانی تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاوێتەی سیستەمەکە کران.

خومەینی دژی تاقمە بەرهەڵستکارەکانی کورد حوکمی جیهادی دا، مۆرکی کافری لێدان، دەوڵەت هەڵمەتێکی سەربازیی لە ناوچەکانی کوردستان دەست پێکرد. ژمارەیەکی زۆی شار و گوندی کوردان وێران کران و لە نێوان ١٩٧٩ تا ١٩٨٨ نزیکەی ٥٠ هەزار کورد کوژران.

ناوچەکە کرایە هەرێمێکی میلیتاریزە کراو، دۆخێک کە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

### هەڵمەت دژی کوردان

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران - عیراق لە ئاگوستی ١٩٨٨، دەوڵەت کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بێهێز و لە ڕوانگەی سەربازییەوە لاواز ببوو، لە سەرهەڵدانی نێوخۆیی دەترسا.

بەڵام لەجیات پێشوازی لە چاکسازیی سیاسی، بە یەکێک لە دڕندانەترین سەرکوتەکانی مێژووی ئێران وەڵامی دایەوە.

خومەینی فتوایەک، یان فەرمانێکی ئایینی، بۆ ئێعدامی زیندانییانی سیاسی، لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ناڕازییانی کورد، دا.

لە نێوان جوولای تا سێپتەمبەری ١٩٨٨، هەزاران بەندیی سیاسیی ئێعدام کران، گەلێک لەوان بێ دادگا و بەبێ هیچ پرۆسەیەکی یاسایی. بەگوێرەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لانی کەم ٥ هەزار کەس کوژران و لە گۆڕی نهێنیدا نێژران. خومەینی ئەوانی بە "موحاریب،" یان "شەڕکەری دژی خودا،" ناو برد و ڕەخنەی لە دادگاکانی شۆڕش کرد کە زووتر حوکمی ئێعدامی نەداونێ. ئەو هەڵمەتەی ئێعدامە بە کۆمەڵە پێشاندەری پشتئەستووریی دەوڵەت بۆ لەنێو بردنی هەموو ناڕەزایەتییەکە، بە بێ لەبەر چاو گرتنی پێشینەی یاسایی یان نۆرمەکانی مافەکانی مرۆڤ.

لە ساڵەکانی دواتردا، دەوڵەت بە شێوەی سیستەماتیک ڕێبەرانی دیاری کورد و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە، هەم لە نێوخۆی ئێران و هەروەها لە دەرەوە کوشتوە. ئەو کوشتنی ئامانجداری ڕێبەرانی کورد، تێکەڵ لەگەڵ ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانییانی سیاسی، ستراتێژییەکی بە ئانقەست بۆ نەهێشتنی سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو بەر لەوەی مانەوەی دەوڵەت تووشی ئالنگاریی بکەن، بوو.

### قەیرانی نوێ، هەمان ستراتێژی

وێدەچی کۆماری ئیسلامی کەلک لە هەمان شێوە کار وەرگرێ، بەڵام لە دۆخێکی گەلێک لەرزۆکتر دا. بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ناجێگیری دەوڵەت، لە جێی خۆیدایە پرسیار بکەین بۆچی ناڕەزایەتیی زۆرتر، بە تایبەت لە ناوچەکانی خاوەن کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕوو نادەن. بۆ خەڵکێکی زۆر، وەڵامەکە ترس لەو شتەیە کە دواتر ڕوو دەدا.

گەلێک کورد لە سەرهەڵدانەکانی پێشووتر ئەزموونیان وەرگرتوە، بە تایبەت لە جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ٢٠٢٢ کە پێشڕەوی ناڕەزایەتییەکان بوون، ئەوان بەرەوڕووی توندترین سەرکوت بوونەوە. زیاتر لە ٪٥٦ لە کوژراوان و دادگاییکراوانی سەرکوتی دوای ئەو سەرهەڵدانە، کورد بوون.

هاوکات، ئۆپۆزیسیۆن بە گشتی پەرتەوازە و بێ ڕێبەرە، هەم لە نێو هێڵە نەتەوەییەکاندا و هەروەها ئامانجەکان. تاقمە سەرەکییە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە شێوەی نەریتی لە بەرانبەر دانان بە مافە نەتەوەییەکان بە گومانن، جا چ بگات بە بەشدارکردنی ئەوان لە هەر جۆرە بۆچوونێک بۆ ئێرانێکی داهاتوو. لە جیاتان، ئەوان پێداگرن لەسەر "یەکپارچەیی خاکی"

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**وەک پێشمەرجی هەر جۆرە دیالۆگێک، کە بیرهێنەرەوەی شێوە ئاخاوتنی کۆماری ئیسلامییە.**

**ئەوە میراتی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە: پڕۆپاگەندەکەی نەتەنیا ڕای گشتی لە نێوخۆ داڕشت، بەڵکوو کاریگەریی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنیش هەبووە، بە جۆرێک کە ئێرانییەکانی لە نێوخۆ و لە دەرەوە لێک هەڵبڕیوە. و زۆر دەمێکە ئەتنیکی حاکمی دژی کەمینەکان، بە تایبەت کوردان، بە وێنا کردنی ئەوان وەک دوژمنی نێوخۆیی، وروووژاندووە.**

**١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پێگەیاندنی وشیاری نەتەوەیی و بزاڤی ڕزگاریخوازی






**ڕێبوار دونان**

کاروچالاکیی ڕۆژنامەنووسی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شارستانی، بووە بەئامرازێکی مەزنی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە و، کاریگەری لەسەر ململانێ و کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری دانا و بگرە شۆڕشێکی گەورەشی لەڕەوتی ڕۆشنبیری وەڕێخست. ئەم دیاردە ڕووناکبیرییە لە پێشڤەچوونی خۆیدا توشی دژواری و هەورازونشێوی زۆریش بوو بەتایبەتی

بەدرێژایی سەدەی بیستەم. لەماوەی ئەم سەدەیەدا چەندین ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاری بنەڕەتی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا لەسەرووی هەمووشیانەوە گۆڕانکاریی ئابووری و پیشەسازی خێراتر لە جاران بەرەو پێشدەچوو و لایەنێکی ئەو گۆڕانکارییانەش گەلاڵەبوونی داواکاریی مافی نەتەوەیی بەگشتی گەلانی ژێردەست و یەکیەتیی نەتەوەیی بوو. ئەگە خێرا چاوێک بە مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەئازادیخوازانە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا بخشێنین، دەبینین ڕۆژنامە بووەتە ئامرازێکی کاریگەری ڕۆشنبیری و سیاسی خەباتی نەتەوەیی. لەم نێوەدا دوو وڵاتی میسر و لوبنان نموونەی زیندووی ئەم چالاکییەن کە تاکیی هەڵکەوتەی کوردیش ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و لەم وڵاتانە بەتایبەت لە میسر هەوڵی دامەزراندن و برەودان بە کاروچالاکی ڕۆژنامەگری کوردی داوە.

ئەگە سەیرێکی مێژووی کورد بکەین بەتایبەتی پاش شەڕی چاڵدیران - ١٥١٤ و ئەوپەیمان و پیلانانەی داگیرکەران(عوسمانی و سەفەوەی - قاجار) و ئاماژەیەک بە میرنشینی "بۆتان" بکەین، دەردەکەوێ کە ڕەوشی نەتەوەیی و سیاسی کورد؛ وێڕای هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی دەستەڵاتدارانی میرنشینەکان و لەلایەکی دیکەشەوە، هەوڵ و تێکۆشانی چینی خوێندەوار و دەستەبژێری کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت شاعیران، چەندە ئاڵۆز بووە بەتایبەتی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەو دوو ئیمپراتۆرە. دکتور "کاوس قەفتان" لەهەمبەر میرنشینی بۆتان دەڵێ: گەیشتە ئەو ڕادەیەی لەسەردەمی سەرۆکایەتیی بەدرخان پاشا سەربەخۆیی کوردستان وەدەست بێنێ، بەڵام لەئەنجامی هێرشە دڕندانەکەی دەوڵەتی عوسمانی و خیانەتی ناوخۆ، ساڵی ١٨٤٧ ئەم میرنشینە کۆتایی بە ژیانی سیاسی هات. دیارە پاشخانی نیشتمانی و نەتەوەیی میرنشینی بۆتان بەتایبەتی بەدرخان پاشای مەزن، لەتەک پێداویستی مێژوویی، سەرچاوەی ئیلهام و گیانی نەتەوەیی شارستانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە. بەواتایەکی تر لەسەردەستی کوڕانی بەدرخان پاشا بەتایبەت "میقداد مەدحەت بەدرخان" بوو کە بۆ یەکەم جار لە قاهیرە ڕۆژنامەیەکی کوردی بەناوی "کوردستان" چاپ و یەکەم ژمارەی لە ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ بڵاو بۆوە. کەواتە لێرە بەدواوە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە دەرەوەی بازنەی حێل و عەشیرەت و میرنشینەکان، هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو هاوتەریب بکات و لە ڕۆژنامەش وەک چەکێکی پێشکەوتوو بۆ خولیا و ئامانجەکانی نیشتمانی کەڵک وەربگرێ. بەدەر لە بڵاو کردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی دیکەش بکەین کە میقداد پاشا زۆر ئاگاهانە هەوڵی بۆ داوە:

هەڵبژاردنی ناوی "کوردستان" بۆ ڕۆژنامەکەی، ئەوە واتە؛ ڕوو بە دوژمنان و تەنانەت وڵاتانی دیکەش کە نیشتیمانێک بەناوی کوردستانەوە بوونی هەیە. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش تێبگەهێنیت کە خاکی ئێمە کە ئەمڕۆ داگیر کراوە ناوی کوردستانە و دەبێ هەموومان لە پێناو ڕزگاری و ئازادی کردنیدا تێبکۆشین.

کەڵک وەرگرتن لە زمانی کوردی بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکی دیکە کە لە شاکارەکەی پاشا بووە، ئەمە ئەوە دەگەهێنیت کە، زمانی کوردیش وەک هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان دەتوانرێ کاروچالاکی جیاوازی لەهەمبەر نووسین و توێژینەوە و ڕۆژنامەگری پێ بکرێ و هیچ لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە، هەروەها بایەخ دان بە نووسینی زمانی کوردی، لە دۆخێکدا وڵاتانی داگیرکاری کوردستان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و زمانی ئێمەیان دەدا، ئەم زمانەی لە مەرگ ڕزگار کرد. کارێکی دیکە کە میقداد مەدحەت بەدرخان کردی ئەوە بوو کە؛ ناوەڕۆکی زۆربەی بابەتەکانی سیاسی و نەتەوەیی بوون کە سەبارەت بەکێشەی کورد و کوردستان بوو، بۆ تێگەیشتنی خەڵکیش بەتایبەت چینی خوێندەواری لەخۆ نامۆ هەروەها بە مەبەستی ڕۆشنگەری کۆمەڵگا دوو هەزار دانەی بەلاش بۆ کوردستان دەناردەوە.

قۆناغ لە دوای قۆناغ رۆژنامەگەری کوردی هەوڵ دەدات زیاتر کار لەسەر ڕۆشنگەری تاکی کورد بکات، هەوڵ دەدات شێعری نەتەوەیی شاعیران بە زمانێکی ڕەسەن و پەتی بڵاو بکاتەوە و سیاسەت و ئابووری و شیوەی ژیانی خەڵکی وڵاتان وەک ئاوێنەیەک پیشانی کۆمەڵگەی کوردی بدات. دوای کۆتایی هاتنی یەکەم شەڕی جیهانی، کوردستان بۆ جاری دووەم دابەش کرایەوە، واتە ڕەوشەکە هێندەی دیکە ئاڵۆزتربوو و ئاواتی ڕەوای کورد جارێکی دیکە زیندە بە چاڵ کرایەوە، ئەمجارە بە فەرمی بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەدا دابەش کرا کە تەناهی نەتەوەییان لەسەر لەناوبردنی کوردەوە هەڵچندرابوو و سوێندی دوژمنایەتی کوردیان خواردبوو کە بە هەموو شێوەیەک کورد لەناو بەرن. ئیتر دوای بزووتنەوە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد یان دەکرێ بڵێین لەپەنا ئەم بزاڤانە ڕۆژنامەگەری کورد ئامرازێکی بەهێز بوو بۆ پشتیوانی خەباتی نەتەوایەتی. بەهەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان بە تێچوویەکی زۆر، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، کاروچالاکی ڕۆژنامەگری کوردیان پەرە پێدا. جا چ لە وڵاتانی دەرەکی بووبێ چ بە پێی دەرفەت و ئیمکان لەناوخۆ بووە. دوای ئەوەیکە لە قاهیرە پێشیان بە "کوردستان" گرت، میقداد چالاکییەکانی گواستەوە و لە ژنێڤ تێهەڵبۆوە، هەر لەو سەردەمانەدا و لە ساڵەکانی ١٩٠٨، ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بە دوو زمانی کوردی و تورکی لەلایەن حاجی تۆفیق بەگ -پیرەمێردی شاعیر - و ئەحمەد جەمیل پاشا دەردەچوو. یان دەنگی کۆمەڵەی کورد – کورد تەعاون و تەرقی جەمیەتی - کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرۆکی بووە و چالاکی دەکرد. دواتر ڕۆژنامەی مسەوڕ موحیت (مصور محیگ) کە پیرەمێرد لەگەڵ فایق سەبری بەگ دەری دەکرد. هەتا دەگاتە گۆڤاری ژین لە ئیستەنبوڵ لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بە دوو زمانی کوردی و تورکی و، لە ساڵی ١٩٢٠ یەکەم هەفتەنامەی کوردی بە ناوی (کورد) لەشاری ورمێ بڵاوکرایەوە کە سەرپەرشتی و سەرنووسەری ئەم هەفتەنامە لە ئەستۆی مەلا محەممەد تورجانیزادە بووە. چالاکی ڕۆژنامەنووسانی کورد بەهەموو کەموکورییەک بەردەوام بوو. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان و دەقە بڵاوکراوەکان بە گشتی بریتی بوون لە شێعر و وتار و هەواڵی جۆراوجۆر. بەشە ئەدەبییەکەی واتە هونەری و شێعرییەکەی، وێڕای وەسف و پێداهەڵگوتنی سرووشت و دیمەنە ناوازەکانی کوردستان، دەپرژانە سەر لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەمە بەشە وێڕای

ئەووەیکە خوێنەر و بەردەنگی زۆر بوو کاریگەری باشی لەسەر هەست و سۆزی خەڵک دادەنا و زۆر گەنج و منداڵ و تەنانەت پیرەپیاو و پیرەژن هەبوون شێعرەکانیان لەبەر دەکرد و دەیانگوتەوە. بەتایبەت بۆنەکانی نەورۆز و سەری ساڵ و هاتنی وەرزی بەهار ببووە دەرفەتێک بۆ بۆژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و هەوێنی هۆنینەوەی شێعری بەرگری و نیشتمانی. نەورۆز ئاوێتەی هەست و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە و کاریگەری قووڵی لەسەر تاک بە تاکی خەڵک بەتایبەت چینی ئەدیبان و شاعیران داناوە و لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە کەسایەتی وەک پیرەمێرد، مەولەوی تاوەگۆزی، گۆران و ... بکەین کە شێعرەکانیان هەتا ئیستاش وێردی سەر زاری کوردانن.

هەروەها، باس کردنی کێشەی کورد بەگشتی و بەتایبەتی هێنانەوەی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر، لۆزان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بەیاننامەکی "ڤیلسۆن" لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای کوردستان نیشانەیەکی زیندووی دەوری ڕۆژنامەگەری کوردی لە وشیاری نەتەوەیی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد دووپات دەکاتەوە. هەموو نووسین و ئەو وتارانە چەندە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر کۆمەڵگە داناوە و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیان بەهێز کردووە، ئەوندەش لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیی مێژوویی زانستی بەفروان کردووە.

لە قۆناغی دواتردا و بەر لە شەڕی جیهانی دووهەم و لە سەردەمی شەڕ، کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامە و حەوتوونامە کاروچالاکییەکان دەکرد کە دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بەکەین بە: "گۆڤاری بانگی کوردستان" ١٩٢٢ خاوەنی مستەفا پاشا یامولکی(زمانحاڵی حکومەتی شێخ مەحموود)، "گۆڤاری زاری کرمانجی" ١٩٢٦ خاوەنی مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی، "گۆڤاری گەلاوێژ" ١٩٣٩ خاوەنی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد، "گۆڤاری نزار" خاوەنی ماموستا عەلائەدین سەجادی، "گۆڤاری ڕوناهی" خاوەنی ماموستا ئەنوەر مائی، گۆڤاری نیشتمان لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و تەنانەت بەشی منالان بەناوی "گڕوگاڵ لە ١٩٤٥، هەڵاڵە، ئاوات هەر لە مەهاباد دەرچوونە و زمانحاڵی کۆماری کوردستان بوونە و... . ئەم بڵاڤۆکانە لە پێگەیاندنی تێگەیشتنی تاکی کورد و برەدان بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە چوارچێوەی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا دەورێکی زێدە بەرچاویان هەبووە بگرە زیاتر مێژووی خەباتی نەتەوەیی لە پێناوی دواڕۆژی سەربە خۆیی کوردستان دەسەلمێنن.

ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێ هەتا ئەوکاتەی، لە کۆتاییەکانی دەیەی بیستی زایینی ڕادیۆش وەک کەرەستە و ئامرازی پێوەندی لە خزمەت بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد، دەنگ هەڵدەبڕێ و دەبێتە سەکۆیەکی بەوەج بۆ خزمەتی هەرچی زیاتری ڕەوتە سیاسییەکانی کورد و دەورێکی یەکجار زۆری هەبووە لە سەردەمی خۆی و، کاریگەرییەکانی چ لە بواری سیاسی، هونەری،

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئێستاش لە دەنگی ڕادیۆکانی وەک؛ بەغدا(١٩٣٩)، یافایان(١٩٤١)، تاران(١٩٤٦)، یەریڤان(١٩٥٥)، هەتا دەگاتە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران(١٣٥٩) ماوەتەوە و لە گوێی جیلە کۆنەکان دەزرینگێتەوە و بە هەرماوی دەمێنێتەوە و مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی بە گەورەیی یادیان دەکاتەوە.

گشت ئەم ئامرازانە ئەگەرچی زۆرتر بە نهێنی یان لە تاراڤگە چالاکییان دەکرد گەلێک کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی کوردستان هەبووە و بەبێ ئەم دیاردانە دەنگی کورد لەوەی کە هەیە زیاتر کپ دەبوو و بۆ کەس نەدەبیسترا.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# مافی دیاریکردنی چارەنووس




**میشێلین نیشەی**

**تەهای ڕەحیمی کردوویەتە کوردی**

لە سەدەی بیستەمدا، مافی دیاریکردنی چارەنووس بەردەوام وەک بابەتێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا دەرکەوتوە. لە کاتێکدا جەنگەی پەسندی ڕێککەوتننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (١٩١٩)، کەم کەس پێی وابوو ڕێبەرە ئیمپریالیست و فاشیستەکان مافی نەتەوەیی بە بەڵگە بێننەوە و مەترسیی شەڕێکی دیکەی جیهانی بنێنەوە، هەروەک کەم کەسیش بەربێژیی شەڕی دوویەمی جیهانی دەکرد کە ئەو چەشنە مافانە، هەرچەندیش ناڕوون، لە بەڵگەنامە حقوقییە نێونەتەوەییەکاندا باس کرێن و پەرەیان پی بدرێ. لەڕاستیدا، بەندی یەکەمی دوو جاڕنامەی سەرەکیی مافی مرۆڤ، کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سالی ١٩٦٦ پەسند کراون مەرجدارە بەوەی کە "هەموو خەڵکێک خاوەنی مافی چارەی خۆنووسینە". بەگوێرەی ئەم مافە، هەموو خەڵک بۆیان هەیە ئازادانە بڕیار لەسەر دۆخی سیاسی خۆیان، پەرەپێدان بە باری ئابووری و فەرهەنگی بدەن. کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس نە بە سیستەمی سیاسی وڵاتێکی تازە سەربەخۆ

دەبەستریتەوە و، نە ڕەواییدان بە ئاواتەکانی نەتەوەیەک دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکانی دیکە.

لەباری حقوقییەوە پاساوهێنانەوە و داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕوون نین و پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، گەڕان بەدوای ستانداردی گونجاوی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەستی پێ کرد، کاتێک شەپۆلی نەتەوەخوازی ناوەند و ڕۆژاوای ئورووپای گرتەوە و ئیمپراتۆریی عوسمانی ئۆسترۆ - هەنگاری لێکهەڵوەشاند. لەڕاستیدا دەگەڵ بەرەو لووتکەکشانی زیاتری ناسیۆنالیزم لە بەرەبەری شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە هیوا و هۆمێدە جیهانییەکانی ئەنترناسیۆنالی دوویەمی کردە بڵقی سەر ئاو، سۆسیالیستێکی زۆر لەسەر ڕوانگەی مارکس و ئینگێلس بۆ پرسی ناسیۆنالیزم بە خۆدا چوونەوە، واتە ئەوەیکە "پرۆلیتاریاکان وڵاتیان نییە" و "جیاوازیی نەتەوایەتی و دژایەتیی نێوان خەڵک" کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کزییە بەرهەمی گەشەی بۆرژۆوازییە ... و شێوازی بەرهەمهێنانی یەکسان. مارکس و ئینگێلس پێیان وابوو کە ئایدیای مۆدیرنی دەوڵەت_نەتەوە دەبێتە هۆی برەوپێدانی کاپیتالیزم، کە ئەویش دۆخی شۆڕش بۆ یەکخستنی ئەنترناسیۆنالیستی لە نێوان کرێکاراندا دەڕەخسێنێ. بەکورتی مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی ڕەها نەبوو، بناخەیەک بوو بۆ برەوپێدانی مافی جیهانییەکان.

دەگەڵ داخوازی دووبارەی ناسیۆنالیستەکان لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئیمپراتۆری عوسمانی، ئۆسترۆ_هەنگاریا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، ڕێبەرە دیارەکانی سۆسیالیستەکان وەک ئۆتۆ باوئێر، ڕۆزا لۆگزامبورگ و لێنین کەوتنە لێکدانەوەی جیاواز لە سەر ئارگومێنتەکانی مارکس و ئینگێلس لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکان. باوئێر لە کتێبەکەی خۆیدا "پرسی نەتەوەکان و سۆسیال دیمۆکراسی" (١٩٠٧) بە وێناکردنی چەشنێک لە سازانی سۆسیالیست_ ناسیۆنالیستی لە چوارچێوەی فرەنەتەوەیی هابسبۆرگدا خۆی لەوانی دیکە هەڵاوارد کە ئەویش ئاکامی گەشەی داخوازییە ناسیونالیستییەکان بوو. باوئێر بەجێی پەسندکردنی مافی جیابوونەوە کە دەیتوانی لەباری ئابووری و سیاسییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر نەتەوەکانی درواسێ هەبێ، پێشنیاری پێکهێنانی ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی لە دەوڵەتێکی فێدرالی مەزندا هێنایە گۆڕێ. دەگەڵ ئەوەی لەسەر گرنگی کاپیتالیزم و پێکهێنانی دەوڵەت بۆ یەکخستنی پرۆلیتارییەت دەگەڵ مارکس کۆک بوو، بەڵام پێی وابوو کرێکاران بە باگراوەندی ئیتنیکی جیاوازە ڕەنگە سەرەتا لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستیدا تێکەڵ نەبن. باوئێر پێی گوتین کە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی ناتوانێ بەزۆرەملی هەموو نەتەوەکان دە سیستەمی خۆی خزێنێ. بیهێننە بەرچاو کە خەڵکێک خاوەن فەرهەنگی نەتەوەیی و بەشداری لە قانووندان و بەڕێوەبەری خۆیەتی، هەروەها سوپای خۆشی هەیە، دەکرێ ئەو نەتەوەیە پێملی قانوونی شەڕ بکەی؟

دەگەڵ ئەوەشدا باوئێر پێی وابوو دەکرێ بەبێ زۆریکردن، کرێکاران بۆ پێکهێنانی وێژەمانی فەرهەنگی و نەتەوەیی ڕێکخرێن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر بنەمای خاوەنداریتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە، چینە دەسەڵاتدارەکان، سەرەتا شەوالیە و ئێستاش توێژی خوێندەوارن، بە بیچمدان بە "خزمایەتی کەسایەتی" لە ڕێگەی زمان و پەروەردەوە نەتەوەیان دروست کرد. باوئێر لە درێژەدا دەڵێ چونکی یەکگرتووی نەتەوەیی لەسەرەوەڕا دادەسەپا، کۆمەڵانی خەڵک تێیدا بەشدار نەبوون. شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان بەرهەمی کاری داسەپاوی کاپیتالیزمن، لە کۆتاییدا بەرەو بەش بەشی تێکئالاقاوی ناوچەیی جیاواز دەچن، بۆیە دەرفەتی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی فەرهەنگی نەتەوەیی لە حاڵی شکلگرتندا نابێ.

چارەسەری ئەم کێشەیە چیە؟ باوئێر بۆ شرۆڤەی ئەم کێشەیە "جێبەجێکردنی پرەنسیپی نەتەوەیی" پێشنیار دەکا، کە دەسەڵاتداریتی هێزێکی فیدرالی دەرەکییە دەبێ خزمەتی کۆمەڵگە خۆجێییەکان بکا. لە حاڵێکدا نوێنەرایەتیی دامەزراوە نەتەوەییەکان بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە فەرهەنگ و ژیانی نەتەوەی خۆیانن، دەوڵەتی فیدراڵ دەبێ لە خەمی کاروباری دەرەوە و ئابووری نێوخۆیی لە نێوانی نەتەوە جیاوازەکاندا بێ. بۆ بەرەنگاریی ئەو کێشە ئابوورییانەی نایەکسانی نێوان ناوچەی دەوڵەمەند و هەژار هۆکاریتی، ئەندامانی نەتەوەیەک دەتوانن بگوازنەوە بۆ ئەو شوێنانەی (کۆ_نەشناڵ) بەپێزترن، بەبێ ئەوەی وڵاتەکەیان بچووک بکەنەوە یان گرووپەکانی دیکە بۆ بەرینکردنەوەی وڵاتەکەیان وەدەر نێن.

کاتێک ڕۆزا لۆگزامبێرگ سۆسیالیستی لەهێستانی لەسەر پێچەڵاوپێچیی پرسی لەهێستان کاری دەکرد، بە وریاکردنەوەی لە لایەنە نەرێنییە گریمانەییەکانی جیابوونەوەی وڵاتێکی هەژار و ڕەوتە ئیلیتخوازانەکان، پێگەی مافی گشتی زیاتر گرنگی پێ درا. لەهێستانییەکان وەک ئۆسترییەکان کێشەی نەتەوەییان هەبوو. لەهێستان پاش ئەوەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا زۆر جاران لە لایەن ڕووسەکانەوە سەرکوت کرابوو، دوای شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیە هیوا و هۆمێدیان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین تێدا زیندوو بوویەوە. لە باڵی ڕاست، یەکیەتیی لەهێستان بە ڕێبەرایەتیی ڕۆمەن دمۆوسکی تۆخ ناسیۆنالسیت (بە واتایەکی دیکە فاشیست) پشتیوانیی لە خەباتی لەهێستانییەکان دژی ڕووس و ئوکراین و هەروەها جووەکانیش دەکرد. لە باڵی چەپیشدا، پارتی سۆسیالیستی لەهێستان، لەژێر دەسەڵاتی جۆزیف پیلدودسکی، لە لەهێستانێکی سۆسیالی سەربەخۆدا ئەگەری نابوتی تزاریزمی پاشڤەڕۆی ڕووسی دەبینی. ڕۆزا لۆگزامبۆرگ بە دژایەتیکردنی هەرتک دمۆوسکی و پیلدودسکی، وێڕای پارتی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە، هێرشی کردە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی لەهێستانییەکان. ڕۆزا لۆگزامبێرگ ئیدیعای کرد هەر چەشنە هاوپەیمانییەکی نێوان چینی کرێکاران و ناسیۆنالیستەکانی لەهێستان، یا ئیلیتە ناسیۆنالیستەکانی بۆرژۆوازی لە هەر وڵاتێکی سەرکوتکراودا، دامەزراندنی ڕێژیمە سۆسیالیستییەکانی داهاتوو

دەخاتە مەترسییەوە. بەڵگەکانیشی بەربێژی چارەنووسی خەبات و تێکۆشانەکانی دژە کۆلۆنیالی نیوەڕاستی سەدەی بیست بوو.

"بزووتنەوە نەتەوەییەکان" و خەبات بۆ "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" بزووتنەوەی چینایەتی توێژی دەسەڵاتداری بۆرژوایین، کە لە هەر بابەتێکی دیاریکراودا تا ئەوەی جێیە نوێنەرایەتی چین و توێژەکانی دیکە دەکەن لە چوارچێوەی "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان" وەک فۆرمی پێشکەوتووی گەشەی مێژوویی و تا ئەوکاتەی چینی کرێکار هێشتا خۆی لە هەرمەک "نەتەوە" (بە ڕێبەرایەتیی بۆرژوا) وەک چینێکی سیاسی سەربەخۆ و ڕووناکبیر جیانەکردۆتەوە.

سەرەڕای ئەوەش ڕۆزا بە چاولێکەری لە مارکس و ئینگێلس پێیوابوو مافی چارەی خۆنووسین، چەمکێکی دەرهەست (ئەبستراکت) و بێهودەیە، چونکی "هەلومەرجی ماددی ژێنگە لە قۆناخێکی مێژووی دیاریکراودا" لەبەر چاو ناگرێ. بۆیە ئەو مافە بە قەدەر مافی ئەوەی پیاو دەبێ دە قاپ و قاچاخی زێڕین خواردن بخوا، کە هەروەک نیکۆلاس چیرنیشێڤسکی نووسیوێ، ئەو هەرکات ئامادەیە بە تاکە ڕوبلێک بیانفرۆشێ، پێ فشەیە. لۆگزامبۆرگ پشتیوانی دژایەتی خێرای مارکس و ئینگێلس دژی ناسیۆنالیستەکانی باڵکانی سلاڤەکان دەکا و لە پشت مانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانییە. ڕۆزا ئاماژە بەوە دەکا کە مارکس و ئینگێلس لە ڕوانگەی ماتریالیزمی ئابوورییەوە پشتیوانی لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەکەن، نەک لە ڕوانگەی فۆرمولی هەتا هەتایی لیبرالیزمەوە بۆ نەتەوەخوازی.

دیارە نابێ پێمانوابێ ڕۆزا بڕوای بە هیچ چەشنە پووانێکی مافی چارەی خۆنووسین لە بەرەی سۆسیالیستدا نەبوو. بەگشتی "هەڵوێستی سۆسیالیستەکان لەسەر پرسی نەتەوەیی سەرەتا پێوەندی بە بارودۆخی کەیسێکەوەیە، کە لەسەر وڵاتی جیاواز جیاوازە. ڕۆزا پێیوایە سەربەخۆیی سیاسی کاتێک بۆ قسە لەسەرکردن دەبێ کە خەڵک لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ بووبن و بەتایبەتیش توانای کۆنترۆڵی سەرچاوە ئابوورییەکانیان هەبێ. بۆ وڵاتانی دواکەوتووی وەک لەهێستان و چیکۆسلۆڤاکی ئەو مافە یۆتۆپیا بوو. لۆگزامبۆرگ بە هێرش بۆ سەر نەتەوەخوازەکانی سەردەمی خۆی، بەڵگەی دەهێنایەوە کە جیابوونەوە لە ڕووسیە لە کۆتاییدا بەرژەوەندی پرۆلیتاریای لەهێستان لاواز دەکا _ بە درێژەکێشانی بەستراوەیی ئابووری بە ڕووسیەوە وەک هاوبەشێکی بازرگانی بچووک_ و توانای ئەوان بۆ هاوخەباتی هاوشانی کرێکارانی ڕووس دژی ئۆتۆریتەخوازی ڕووسیە دادەبەزێنێ.

دیارە هەموو سۆسیالیستەکان دەگەڵ ڕۆزا هاوبیر نەبوون. لنین کە لەسەر خواستی سەربەخۆییخوازانە بەپاریزەوە دەدوا، ڕێژە و ڕادەی ئەو سەرکووتەی نەتەوە بندەست و داگیرکراوەکان چێشتوویانە، "هاوپەیمانی و یەکگرتنی تاکتیکی" دەگەڵ

ئیلیتەکانی بورژوا دێنێتە گۆڕ. لنین بە ڕەتکردنەوەی هەڵوێستەکانی ڕۆزا لەسەر سەربەخۆیی لەهێستان مارکس بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە پێیوابوو وڵاتە سەربەخۆکانی ئەگەری زیاتریان بۆ پێشکەوتن و مودێرن بوون هەیە، بۆیە ئەویش ئەگەری هاوپێوەندی نەتەوەیی و پاشان هاوپێوەندیی چینی کرێکار زیاتر دەکا. بەم حاڵەشەوە، لنین لۆمە و سەرکۆنەی ڕۆزا دەکا کە پێگەییشتووی ئابووریی تەنیا ستانداردی پاساوی ئازادیی نەتەوەیی نیە.

"ناتوانین بڵێین ئایا ئاسیا بەر لە ڕووخانی کاپیتالیزم، کاتی پێویستی هەیە وەک ئورووپا ببێ بە کۆمەڵە وڵاتێکی سەربەخۆ یان نا، بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کاپیتالیزم بەر لە ڕاتڵەکاندنی ئاسیا، بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم وشکارۆیە هەڵخڕاندوە، یان ئەوەی ئەم بزووتنەوانە بەرەو دروستکردنی وڵاتە سەربەخۆ دەچن، باشترین هەلومەرج بۆ گەشەی کاپیتالیزم لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە گرەنتی دەکرێ.

دیارە ئەوە بەو واتایە نیە لنین هەموو جۆرە ناسیۆنالیزمێکی بەدڵ بووبێ. ئەو پێیوابوو ناسیۆنالیزم لە "سەرەوە" دەگەڵ ناسیونالیزم لە "خوارەوە" ڕا جیاوازە و، ناسیونالیزمی سەرکووتکەری ڕووسیەی تزاری لە ناسیونالیزمی پاساوهەڵگری لەهێستان هەڵداوارد. لێنین سەبارەت بە نەتەوەیەکی سەرکوتکراو هانی کرێکارانی دەدا کە هاوپەیمانی تاکتیکی دەگەڵ لایەنە بورژواییەکان پێک بێنن. لێنین هەروەها وڵامی ڕۆزا لۆگزامبۆرگیشی دایەوە کە حاشاکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس "وەک بەرگریکردن لە پوانەکانی نەتەوەی باڵادەست و شێوازە پۆلیسییەکانێتی بۆ بەڕیوەبەری لە بەرانبەر شیوازە دیموکراتیکەکاندا". هەر بۆیە، لێنین داوای لە وڵاتە سۆسیالیەستییەکان و پرۆلیتاریای وڵاتانی ئیمپریالیست کرد یارمەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان بکەن. ئەو چاوی خشاندەوە بە دروشمە بەناوبانگەکەی مارکس و "داوای لە کرێکارنی هەموو وڵاتان و هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکان کرد یەک بگرن!" کە زۆربەی ڕێبەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازنەکانی جیهانی سێیەم دواتر وەشوێنی کەوتن.

ئەگەرچی ڕەخنەی سۆسیالیستەکانی لە بێ ئەملاوئەولابوونی مافی چارەی خۆنووسین لە وێژەمانی مافی مرۆڤ و بەڵگە حقووقییەکاندا پشتگوێ خراوە، بەڵام لە تاقیکاری زەمەندا سەربەرز بووە. ئەگەرچی لێنین و دواتریش ویلسۆن یارمەتیدەری گەشبینی پێویست بوون بۆ نەتەوە سەرکوتکراوەکان هەتا داوای مافی چارەی خۆنووسین لە ئیمپریالیزمی هەوسارپچراو بکەن، لۆگزامبورگ هۆشداری دەدا کە زۆبەی وڵاتە تازە بنیاتنراوەکان لە بواری ئابوورییەوە زۆر لاوازن هەتا بتوانن سەرەوەریی ڕاستەقینەی خۆیان بپارێزن و لەمەڕ هاوپەیمانی خەڵکی دەگەڵ ئیلیتەکان یان بۆرژوازیی نەتەوەخوازی بەرژەوەندیخواز دڕدۆنگ بوو. لۆگزامبورگ پێی وابوو ئەم چەشنە یەکگرتنانە زیاتر بەقازانجی ئیلیتەکان و هەروەها بناخەی ستەم و داگیرکاری پتەوتر دەکەن. چونکی دیارە لە هەر سنوورێکی دیاریکراودا کە سەرچاوەکان نادادپەروەرانە

دابەش دەکرێن، دابەشینی ئەو وڵاتانەی هەن، وەک ئەوەی لە ١٩٩٠ی یۆگۆسلاڤی پێشوودا دیتمان، بەدڵنیاییەوە لە قازانجی نەتەوە سەنترالی ناوچەیی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا دەشکێتەوە. ڕەنگە هەروەک لێنین ئاماژەی پێدەکا، مافی چارەی خۆنووسین بۆ دەوڵەتە بەکۆلۆنیکراوەکان پێویستی بووبێ. بەڵام لە سەردەمی بەجیهانیبووی تیکئاڵقاوی ئەمڕۆدا کە سەروەریی دەوڵەتان کز و لاواز بووە، ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگی لە فیدراتیڤێکی فرەنەتەوەدا ئاڵتەرناتیڤێکی باش و گونجاوە بۆ چارەسەری مافی مرۆڤی پێوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووس.

بەگشتی تێگەیشتنی تایبەتگەرایانە و لێکدانی مافی مرۆڤ - کە لە چوارچێوەی "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، تەناهی نەتەوەیی"، مافی "دیاریکردنی چارەنووس" یا "مافە فەرهەنگییەکان" بیچم دەگرن - بە توندی مافی مرۆڤی یونیڤێرساڵ دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر، لە بنەڕەتدا، لێکدانەوەی فلێکسیبلی مافی مرۆڤ ئاماژە بە پیکهەڵکردن دەکا، چەمکە هەڵدێرەکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە قازانجی بەهێزەکانن. باوئێر، لینین و لۆگزامبورگ چوارچێوەیەکی باس و گەنگەشەیان پێکهێناوە کە دەبێ ئێمە درێژەی پێ بدەین و، ئەو پرسیار و ڕوانگە ڕەخنەییانەی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە باسیان کردووە کە دەبێ کەی و لە قازانجی کێ مافی چارەی خۆنووسین پاساو بدرێن.

چەمکە لیبرالییە هاوچەرخەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە چ لەبابەت ماف بە نیشتمانەوە یا مافی دەنگدان، یانیش سەبارەت بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ لغاوی نابەرابەری ئابووری یان سنووردارکردنی شەڕ بە هزر و بیری سۆسیالیستییەوە گووراون یان بەهێزکراون. لەڕاستیدا، سەرەڕای ئەو ئیدیعا تێپەڕانەی لەسەر ئەوە دەکرێن ئیدی کۆتایی شەڕی سارد واتە سەرکەوتنی لیبرالیزم بەسەر چەپدایە، یان مافی مرۆڤی ئێستا وەک لیبرالی پێشان دەدرێ، لە ڕاستیدا بەرهەمی ئاوات و ئارمانجە سۆسیالیستییەکانی سەردەمی بەپیشەیی بوونی سەدەی نۆزدەیەم و دژایەتی ڕوو لەگەشەی ئیمپریالیزمی سەرەتای سەدەی بیستەمن.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵەوەکێشیی جارانی کارتێکی ئەوتۆی پێ نەماوە




"کورد کاناڵ"

**ئاماژە:**

**هێرشی ئیسرائیل بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەڕی ١٢ ڕۆژە و بۆمبارانی بنکە ئەتومییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکا ئێرانی خستووەتە چ بارودۆخێکەوە؟ ئایا ئێران ئێستاش مەترسییە بۆ سەر ئیسرائیل؟ شەڕی ئیسرائیل و بەشداریی ئەمریکا لەو شەڕە تەنیا بۆ وەستاندن و سنووردارکردنی توانا نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، یان گۆڕینی ڕێژیمیش یەکێک لە ئامانجەکانە؟ خەڵکی ئێران لەکوێی ئەم هاوکێشەیە وەستاون؟ ئەو پرسیارانە و کۆمەڵە پرس و بابەتێکی دیکە تەوەری وتووێژێکی "کورد کاناڵ" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبە کە "کوردستان" پوختەیەکی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**"کورد کاناڵ" کاک مستەفا بۆ چوونە نێو باسەکە با ڕوانگەی ئێوە بۆ هۆکارەکانی شەڕی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی و لێکەوتەکانی و دوورەدیمەنی ئاگربەسەکەی ئێستا بزانین.**

**مستەفا مەولوودی**: یەکەم ئەگەر بۆ هۆکارەکانی شەڕەکە بگەڕێینەوە ڕاستی لەو ڕۆژەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هاتووەتە سەر حوکم، بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڕەشەی لە ئیسرائیل کردوە. یانی ئەگەر سەیری ڕەفتاری و قسەی بکەی، سەیری سیاسەتی بکەی، سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەرووی ویستەکانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. کەواتە زۆر سروشتییە کە ئیسرائیلیش بە حوکمی ئەوەی ئەو توانا وردبینییانەی هەیەتی ڕووداوەکانی تەعقیب کردوە. دواجار لەو جێیەی کە گەیشتە ئەو ئاکامە کە ئیدی مەترسیی ئێران بۆ ئەمنییەتی وڵاتەکەیان و بۆ سەر کیانی سیاسی و مانەوەیان جیدییە، گورزی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی وەشاند. بەمجۆرە تەبلیغاتی خراپی کۆماری ئیسلامی لەسەر سڕینەوەی ئیسرائیل و پێکهێنانی ئاڵقەی ئاگر بە دەوری ئەم وڵاتە لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی دواجار ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەم دوو حکوومەتەی لێ کەوتەوە.

پێوەندیدار بە لێکەوتەکانیشی دیارە کە کاریگەریی زۆری لەسەر پێگەی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بووە و زیان و خەسارە گیانی و ماددییەکانیشی بۆ کۆماری ئیسلامی قورس و قەرەبوونەکراوەن. ئەوەش کە چەندە ئەم ئاگربەسە دەوام دێنێ و کۆتایی شەڕەکەی لێ دەکەوێتەوە، بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕیاریان لەسەر بدا.

"**کورد کانال**": کاک مستەفا پێتان وایە ئامانجی سەرەکیی ئەم شەڕە هەر وەستاندنی کۆماری ئیسلامی و خۆیان گوتەنی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمە، یان دەکرێ ئامانجی دیکەشی لە پشت بێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێم وایە ئەگەر ورد بۆ بابەتەکە بچین لەوانەیە ئامانجی نەهایی بۆ نموونە ئیسرائیل لابردن و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ و لام وایە پێشی ناخۆش نەبوو کە خەڵکی ئێران ڕاپەڕن و ئەو نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرییە بڕووخێنن. لە قسەی بەرپرسانی سیاسی و تەنانەت نیزامیی ئیسرائیلیشدا ئەوە دەرکەوت و بە ئاماژە باسی کرا. بەڵام ئەو شوێن و بنکەیانەی ئیسرائیل بە ئامانجی گرتوون لە ڕوانگەی منەوە لانیکەمەکەی هەتا ئێستا پەکخستنی توانای نیزامیی ئێران بووە، چونکی لە بنکە مووشەکییەکانی ڕێژیمی داوە، لە بنکەی ئەتۆمیی داوە و پسپۆڕە ئەتۆمییەکانی کوشتوە، ژێنەڕاڵ و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسدارانی بە ئامانج گرتوە، زۆر جێ و دامەزراوەی حکوومەتی ئێران چ لە بواری سیاسی یان حکوومەتدارییەوە لێیان دراوە. جیا لەوە ئاسمانی ئێران بە جۆرێک لە جۆرەکان کەوتبووە بەر دەستی ئیسرائیل و بەو پێیە دەتوانین بڵێین لەو برگەیە لە شەڕەکەدا ئیسرائیل مەبەستی ئەوە بوو توانا سەربازییەکانی ئێران ئەوەندە لاواز بکا کە نەتوانێ هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل بێت.

**"کورد کاناڵ":** یانی پێتان وایە ئێستا ئیدی کۆماری ئیسلامی مەترسی نیە بۆ سەر ئیسرائیل؟

**مستەفا مەولوودی:** لە ڕوانگەی منەوە ئێستاش حاکمییەتی سیاسیی ئێران هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر ئیسرائیل. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمەوە یەکێک لە سیاسەتە دیار و داڕێژراوەکانی ئێران لەسەر ئیسرائیل سڕینەوەی ئەو وڵاتە لەسەر گۆی زەوی بووە. هەروەها ئەو هێزە نیابەتیاینەی کە لە دەوروبەری ئیسرائیل دروست کراون لە ڕاستیدا بۆ زەربەلێدان لە ئیسرائیل بووە و ئەوەی کە ئێستاش هەیە لەوانەیە ئەو هێزانە زۆر لاواز بووبن و مەیدانییەن لە هەڕەشە و مەترسییەکانیان کەم بووبێتەوە، بەڵام خۆ ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستا بەپێی ڕێککەوتنێکی دوو لایەنە، چەند لایەنە یان نێودەوڵەتی نەهاتووە بڵێ ئێمە لەگەڵ ئیسرائیل ڕێک دەکەوین و چیتر نابینە هەڕەشە بۆ سەر ئەم وڵاتە و ئیسرائیل بەڕەسمی دەناسین. بۆیە لەنەزەر منەوە ئەگەر قەرار بێ دەوڵەتی ئیسرائیل ئێستا خاترجەمییەکی لە کۆماری ئیسلامی هەبێ و لای وابێ هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و جیددیی ڕێژیم بۆ چەند ساڵێک لەسەری لاچووە، بەڵام بەهۆی ئەو شەڕە و ئەو زیانە قورسەی ئیسرائیل لە پەیکەری کۆماری ئیسلامیی دا، کەڵێنی نێوانیان زۆر قووڵتر بۆتەوە و ئەگەر حکوومەتی ئێران ڕۆژێک مەجالی بۆ بڕەخسێ قەتعەن لەوبارەیەوە لە ئیسرائیل خۆش نابێ. کەواتە کێشەکان نەبڕاونەتەوە.

**"کورد کاناڵ":** بۆچی توانای نیزامیی کۆماری ئیسلامی سنووردار بوو؟ بۆچی نەیتوانی وڵاتانی دیکەش تێوەگلێنێ یان نەیویست هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچە؟

**مستەفا مەولوودی:** دیارە ئێمە کارناس و پسپۆڕی سەربازی نین و هەڵسەنگاندنی توانای سەربازیی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل کارناسانی ئەم بوارە کردوویانە و ئەو ئاکامگیرییە کراوە کە ئیسرائیل لەڕووی چەکی پێشکەوتوو، تێکنۆلۆژیی مۆدێرن و سیستمی هەواڵگری زۆر لە کۆماری ئیسلامی لەپێشترە. لەوە بترازێ کۆماری ئیسلامی خۆ ئەو هێز و بڕست و توانایەی نیە لەگەڵ دنیا بە شەڕ بێ، بۆیە هەموو توانا سەربازی و مووشەکییەکەی لەسەر ئیسرائیل کۆ کردبۆوە. ڕاستە ئێران وڵاتیکی گەورە و پان و بەرینە و ئیمکاناتێکی زۆریشی بە دەستەوەیە؛ ئیسرائیلیش وڵاتێکی بچووکە بەڵام لە تیکنیک و پسپۆڕی و لێزانیدا دەرکەوت کە جیاوازییەکان زۆر زۆرە. کۆماری ئیسلامی زۆر شێوا ناسەرکەوتوو دەرکەوت، بەڵام ئیسرائیل زۆر تۆکمە و سەرکەوتوو، و وەکوو دوو نیزامی سیاسی و سەربازی و ئەمنییەتی تەواو ئەو جیاوازییەیان لێ دەرکەوت.

لەو شەڕەدا ئیسرائیل هەموو بەرنامەکانی ئەوە بوو بە وردی ئەو خاڵانە بنگێوێ کە سەربازی و ئەمنییەتین و زەرەری ڕاستەوخۆ بە ئیسرائیل دەگەیەنن، بەڵام ئێران ڕەمەکی مووشەکی دەهاویشت و دەیهەویست ئەزیەتی ئیسرائیل بکا و وێرانی

و کوشتاری لێ بکەوێتەوە و بو کوژرانی خەڵکی مەدەنی، ژن و منداڵ گوشارە نێوخۆییەکان لە ئیسرائیل لەسەر نەتانیاهوو زیاد بکات. بەڵام هەر ئەم ستراتیژییە خۆی بە زیانی ئێران شکایەوە. چونکی ئەگەر پێشتر ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا هەتا پێش ئەم شەڕە پێی وابووبێ ئەو هەڕەشانەی ئێران ڕواڵەتی و هەڕوگێفلێدانن، بەڵام دەرکەوت کە مووشەکەکانی ئێران دەگەنە ئیسرائیل و بەپێی پێوانەکەی دەتوانن بگاتە زۆر وڵاتی ئورووپاییش. هەروەها دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ڕەچاوی یاساکانی شەڕیش ناکا و هیچ دەروەستییەکی بۆ پڕەنسیپ و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکان نیە. ئەمەش ئەو قەناعەتە دروست دەکا کە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ دەوڵەتێکی وا نابەرپرسیار کۆنترۆڵ بکا و بەربەستی بۆ دابنێت.

**"کورد کاناڵ"**: لەو شەڕەدا ڕۆڵی زلهێزە سیاسییەکانی وەک چین و ڕووسیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**مستەفا مەولوودی**: سروشتییە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی هەستیارە و زۆر کێشەی قووڵی سیاسی، ئەمنییەتی، دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی و هەروەها بەرژەوەندی زۆر وڵاتی تێدایە کە هەر وڵاتەی دەیهەوێ بەرژەوەندیی خۆی تێدا مسۆگەر بکا. وڵاتانی ئورووپایی، ئەمریکا، چین، ڕووسیە هەر کام بەپێی لێکدانەوە و بەرژەوەندیی خۆیان سیاسەتی خۆیان دەبەنە پێشێ و هەموویشان دەیانهەوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگە و قوورسایی و کاریگەریی خۆیانیان هەبێ. بۆ نموونە بینیمان کە ئەمریکا بڕیاری بەشداریی سنووردار لە شەڕەکەی دا و ویستی هەم پشتگیریی ئیسرائیل بکا کە کردی و هەم بە ئێران بڵێ ئەگەر تەسلیم نەبی منیش دەتوانم بێمە نێو شەڕەکە و یەکلای بکەمەوە. هەروەها ئەوەش دەرکەوت کە ئەگەر وڵاتانێکی وەک ڕووسیە و چین زارەکی و لە بواری سیاسییەوە هاتن بڕیار و کردەوەی ئیسرائیل و ئەمریکاشیان مەحکووم کرد، بەڵام بەکردەوەش هیچ شتێکیان نەکرد و بەمە بۆ ئەمریکا، ئیسرائیل و تەنانەت بۆ وڵاتانی ئورووپاییش دەرکەوت ئەگەر مەیدانییەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو وڵاتانە بیانەوێ شەڕ لەگەڵ ئێران بکەن چین و ڕووسیە نە توانای ئەوەیان هەیە لە بەرژەوەندیی ئێران بێنە نێو شەڕەکە و نە ئەگەر تواناشیان هەبێ نایەن و پتر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ئەویش لە سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ گرینگە. بۆیەشە زیاتر باس لە چارەسەری سیاسی و پێویستیی وتووێژ دەکەن. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ـوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەموو وڵاتان و هاوبەشە جیهانییەکانیان دەیانەوێ ئێران کۆنترۆڵ و توانا سەربازی و قەیرانخوڵقێنییەکانی سنووردار بکرێ.

**"کورد کاناڵ"**: ئەو شەڕە توانای سەربازیی ئێرانی سنووردار کردوە؟ یان هەمدیسان ئێران بە توانا مووشەکییەکانی کە ئێستاش هەیەتی هەمان هەڕەشەی پێشوویە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو شەڕە کێشەی نێوان ئێران و ئیسرائیلی زۆر قووڵتر کردەوە. پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی

خەڵکی ئێران کێشەیەکیان لەگەڵ ئیسرائیل نەبوو کە هیچ، پێوەندییەکی سیاسیی ئەوتۆش لەنێوان ئەم دوو وڵاتە و نیزامە سیاسییەکانیان هەبوو. بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بۆ هەدەفە سیاسییەکانی خۆی ئیسرائیلی بەئامانج گرت و سیاسەتەکەی ئەوە بوو کە ئیسرائیل دەبێ لەسەر گۆی زەوی بسڕدرێتەوە. ئەمەش لە ئیمکاناتی ئێران بۆ دروستکردنی کەرەستەی شەڕ لەو نیزامە دەستی پێ کرد و دیتمان هەم سوپا و هێزی نیابەتیی بۆ پێکهێنا و هەم بۆخۆیشی ڕاستەوخۆ هاتە نێو شەڕەکە و توانا سەربازییەکانی خۆیشی پێشان دا. ڕاستە ئیسرائیلیش لەو شەڕەدا زەبری وێ کەوتوە، بەڵام زیانەکانی کۆماری ئیسلامی  زۆر زۆر زیاترن. کۆماری ئیسلامی نیزیک بە هەزار کەسی لێ کوژراوە، بەرپرسانی هەرە گەورەی پسپۆڕە ئەتومی و ئەمنییەتییەکانی لە دەست داوە. لە ئیسرائیل کوژراو و بریندارەکان بەشی هەرە زۆری خەڵکی مەدەنین. لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرمان بێ کە ئیسرائیل وڵاتیکی چووکەیە و پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی ئەو بایەخەی ئیسرائیل بۆ وڵاتی خۆی و بۆ خەڵکەکەی خۆی دایدەنێ یەکجار زۆرە. بۆیە زەمینەی ئەوەی دیسان جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی خۆی تەیار کاتەوە و بەرنامە دانیتەوە و هێرش بکاتەوە سەر ئیسرائیل ئەوە وەک ئەگەر و گریمانە هەر هەیە. هەر ئەو ئەگەرەش وا لە وڵاتان دەکا بیانەوێ وای لە مەنگەنە بنێن جارێکی دیکە نەتوانێ پەل و پۆ دەر بکاتەوە و نەک هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵکوو بۆ سەر وڵاتێکی دیکەش بێت. سەقبەندی وڵاتانیش بەپێی بەرژەوەندییە زەبەلاحەکان لەو سەردەمەدا دەتوانێ لە دۆستەوە هاسان ببێ بە نەیار و دوژمن. بۆیە لەڕاستیدا دەمهەوێ بڵێم بەڵێ زەمینەی دەستپێکردنەوەی شەڕەکە هەیە. بۆ ڕێگری لەوەش دەبێ هۆکارەکان نەمێنن و یەکەم ڕێگا ئەوەیە ئەم دوو وڵاتە بەیەکەوە سوڵح بکەن، و دونیا حکوومەتی ئێران پابەند بکا بە ڕێوشوێن و کۆنڤانسیۆنە حقووقی و نێونەتەوەییەکان؛ یان دەنا دەبێ ئەو نیزامە نەمێنێ. ئەگینا بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەم دۆخە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەر دەمێنێ. لێرەدا مەسەلەی پەیمانی ئیبراهیم و چارەسەری پرسی فەلەستین زۆر گرینگە و کاریگەریی لەسەر دۆخەکەش هەیە. جگە لەوەش ئێستا ئیدی هەموو دنیا دەزانێ هۆکاری شەڕ و نائارامی و ناسەقامگیرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە و نەمانی ئەو ڕێژیمە چارەسەری ڕیشەیی بنەبڕکردنی کێشە و قەیرانەکانە. خۆ ئەگەر ئەمە نەکرێ ڕێگای دووهەم ئەوەیە بەو فشارانە ئێران وەها سنووردار و بێدەسەڵات بکەن کە توانای گێرەشێوێنی و قەیرانخوڵقێنیی نەمێنێ.

**"کورد کاناڵ"**: **کاک مستەفا ئەگەری کامیان زیاترە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی یان سنووردارکردنی؟**

**مستەفا مەولوودی**: عەرزم کردی لە ڕوانگەت منەوە بژاردەی یەکەم و ڕیشەیی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران نەمێنێ. بەڵام ئەرێ وڵاتان گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی وەکوو ئەوەی ٢٠٠٣ هێرش کرایە سەر عێراق بێن و ئەوە لەگەڵ عێراق کرا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بکەن. بەتایبەت کە جوگرافیا، پێکهاتەی مرۆیی و ژێئۆپۆلوتیکی ئێران لەوانەیە ئەم ئەگەرە بەو شێوەیە لاواز بکا و ئەوەی کە ئورووپا و ئەمریکا بیانەوێ هێزی پیادە لە ئێران دابەزێنن و ڕاستەوخۆ لەگەڵی

بکەونە شەڕەوە، ئەمە ڕوون و دیار نیە، بەڵام وەک ئەگەر زۆر زۆر کەمە. بۆیە ئەمن پێم وایە ئەم دوو ڕێگایە هەیە. ڕێگای یەکەم زەمینە خۆش بکرێ بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران ڕاپەڕن و بە دەستی خۆیان نیزامی سیاسیی وڵاتەکەیان بگۆڕن و بەرپرسانی ئەمریکا لە ئاستی سەرووی وەک دۆناڵد ترامپیشدا لەو بارەیەوە دواون. ئەمە ڕێگایەکە کە ئەگەر خەڵک ئیرادە بکات بە ڕووخانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو کێشەیە دەبڕێتەوە، جا لەوانەیە هەندێ وڵاتی وەک چین و ڕووسیە پێیان ناخۆش بێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، بەڵام وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر وڵاتانی ئورووپایی بە گشتی و قەتعەن ئامریکا و ئیسرائیلیش پێیان خۆشە کە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ. بەڵام ئەگەر بە هەر دەلیلێک کۆماری ئیسلامیی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، مەعلوومە جۆرێکی مامەڵە لەگەڵ دەکەن کە بتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێ و ئەم ڕێژیمە نەتوانێ ئەمنیەتی وڵاتانی دیکە بەو جۆرەی تا ئێستا کردوویەتی بخاتە مەترسییەوە.

**"کورد کاناڵ"**: بەڵام هەتا ئێستا پرۆژەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئەوەی پێی دەگوترێ ڕێژیم چەینج لەلایەن ئورووپاییەکانەوە باس نەکراوە، بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: **یەکەم**، ئەگەر سەیری سیاسەتی ئورووپا دەکەین تەنانەت لە شەڕی ئیسرائیل و غەزە و لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هیچیان بەو جۆرە ئیسرائیلیان مەحکووم نەکرد کە بڵێ هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتێک، بەڵکوو دیفاعی ئیسرائیلیان لە خۆی بە ڕەوا زانی؛ ئەمە زیمنی دەتوانێ لاگیرییەک لە ئیسڕائیل و ئامانجەکانی بێت.

**دووهەم**، لە سیاسەتیشدا کە سەیری دەکەین ئەوان بە کۆماری ئیسلامی دەڵێن تۆ نابێ چەکی ئەتۆمیت هەبێ، ڕاست ئەوەی ئیسرائیل یان ئامریکا دەیڵێن. ئیسرائیلیش داوای لەو وڵاتانە نەکردوە و ئامریکاش داوای نەکردوە هەتا هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیان پەیوەست بە شەڕەکە بن تا ئەوان بڵێن دەبێ یان نابێ. بەڵام لە خستنەخوارەوەی درۆن و مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامیدا زۆر باسی ئەوە دەکرێ کە وڵاتانی ئورووپایی کاریگەرییان هەبووە و یارمەتیی ئیسڕائیلیان داوە و ئەمە لە زمانی دیپلۆمات و بەرپرسانی سیاسیی گوتراوە.

**"کورد کاناڵ"**: یەکیک لە کارتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنەکان کارتی ناوکی بوو کە ئێستا لە دەست ڕێژیمدا نەماوە. ئەگەر بێتوو دانیشتنەکان لە دوای ئەم شەڕە دەست پێ بکەنەوە، دۆخی دانوستانەکان بەکوێ دەگەن؟

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕاستیدا ئێران هەر پێشتریش کارتی گەمەی زۆر کەم بوو و ئەو شەڕە وای لێ کرد ئەو کارتانەشی

زۆر زۆر کەمتر بێتەوە. ڕوونە کە ئەمریکا و ئورووپا دەڵێن ئێران چەکی ناوکیی نەبێت و وڵاتێکی بەپرس بێت لە ناوچەکە، یانی لە ئاکامدا ئێران ئەگەر دەیهەوێ درێژە بە حەیاتی سیاسیی خۆی بدا، دەبێ ئەوانە قەبووڵ بکات و تەسلیم بێت. بە نەزەری من یەکیەتیی ئورووپا، ئامریکا و ئیسرائیلیش بە ناڕاستەوخۆ هەموویان کار بۆ ئەوە دەکەن کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی سیاسیی پەڕوباڵکراو بێت و توانای زیانگەیاندنی بە دەوروبەر نەمابێت. ئەوە تەنانەت دەتوانێ ویست و داخوازیی ئەو وڵاتانەش بێ کە بەڕواڵەت لاگیری لە کۆماری ئیسلامی دەکەن. چونکی چین و ڕووسیەش بەرژەوەندییەکانیان لە ئێرانێکی بێکێشە و ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی بێقەیران و سەقامگیردا پارێزراوترە. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە کۆماری ئیسلامی کارتی نێوخۆیی و دەرەکیی وای بۆ یاریکردن پێ نیە جگە لە هاتوهاواری مێدیایی. هەموو بینیمان کە ترامپ بە گاڵتەجاڕ ڕووی کردە خامنەیی و گوتی ئەم هەمووە درۆیە چیە دەیکەن، بۆ نائێی شکەستت خواردوە و شکەستێکی گەورەشت خواردوە. بەوپێیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان تەنیا پێی دەکرێ ئیمتیاز بدا، چونکی نە وڵاتی پشتیوان و هاوپەیمانی هەیە، نە میلیشیا و هێزی نیابەتیی ناوچەیی بەهێزی ماوە و نە لە شەڕی ١٢ ڕۆژەشدا سەرکەوتوو بووە. لە نێوخۆی وڵاتیشدا قەیران بە قەیران دەڵێ جێم کە و بەو هەمووە قەیرانە کەڵەکەبووە و بەو دابڕانە قووڵەی نێوان خەڵک و دەسەڵات و تەنانەت قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان خودی حاکمییەتیش، هەموو ئەوانە دەستی کۆماری ئیسلامیی لەسەر مێزی دانوستان بەستوە و توانایەکی ئەوتۆی پێ نەهێشتوە.

**"کورد کاناڵ"**: کاک مستەفا بۆچی لەو ماوەیەدا خەڵکی ئێران نەهاتە سەر شەقام و ڕانەپەڕی؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاپەڕینی خەڵک و وڵات کۆمەڵێک فاکتەر و بەستێنی دەوێ و ئەوانە هەموویان پێکەوە کۆ نەبوونەوە. بەتایبەت ئەمن پێموایە تەنانەت ڕێبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامییش پێیان وا نەبوو هێرشیان دەکرێتە سەر، چونکی خەریکی وتووێژ بوون و ئەو شەوەی ئیسڕائیل هێرشی کردە سەر ئێران قەرار بوو دوو ڕۆژ دواتر ئێران و ئەمریکا دانیشتنیان هەبێ. بۆیە یەکەم هێرشەکە لەو دۆخەدا کەمێک چاوەڕواننەکراو بوو، پاشان کۆمەڵێک فاکتەری دیکە وەک دۆخی شەڕ و هەروەها ورووژاندن و گەورەکردنی هەستی ئێرانیگەری لەو قۆناغەدا ڕێگریی لە ڕاپەڕینی خەڵک گرت.

**"کورد کاناڵ"**: زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوە و بۆ هاوکارانتان لە ڕاگەیاندنی حیزب

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

جۆزەردانی ٢٧٢٥

# یەکیەتیی نەتەوەیی لە سایەی ناسیۆنالیزمی کورد؛ زەروورەتی ساتەوەختی مێژوویی ئێمە





ڕەحیم نزهەتزادە

لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی، کولتووری و شوناسی کولتووریدایە، ئەوەی زیاتر لە جاران هەستی پێ دەکرێت، پێویستی ڕێبازێکی ڕەسەن و ڕەگداکوتاوە، کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردی ڕۆ نرابێت. ئەزموونی مێژوویی دەریخستوە، کە هەر دەستکەوتێک کە نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەدەستی هێناوە،

دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی بەرخۆدان، کۆڵنەدان و پابەندبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بووە. لە ململانێی بزووتنەوە کلاسیکەکانی حیزبی، تا دەگاتە نارەزایەتییە مەدەنی و کولتوورییەکانی دەیەکانی ڕابردوو، ئەوەی هێزی بزوێنەری بۆ ئەو بزووتنەوانە دابین کردوە، جگە لە "کوردبوون" و "وشیاری نەتەوەیی" هیچی دیکە نەبووە.

لە غیابی ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیری ناسیۆنالیستی، کە بتوانێت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکبخات، گەیشتن بە داخوازییەکانی وەک، پەروەردە بە زمانی دایک، پاراستنی کولتوور، نەهێشتنی هەڵاواردنی سیاسی و ئابووری و دواجار گەیشتن بە سەروەریی سیاسی، بابەتێکی قورس و بگرە مەحالیش دەبێت. چونکە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا، بە شێوەیەکی سیستماتیک لەسەر ئینکاری شوناسی سەربەخۆی غەیرە فارسەکان بنیات نراوە، هەروەها هەر داواکارییەکی کولتووری یان مەدەنی، بەبێ پشتیوانی سیاسی و نیشتمانی، ڕووبەڕووی سەرکوتکردن دەکاتەوە.

لەو مابەینەدا هزری ناسیۆنالیستی کوردی، دروشمێکی توندڕەو نیە، بەڵکوو پێویستییەکی مێژوویی و ئینسانی و سەردەمیانەیە. نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە دابەش دابەش و جوگرافیا بە جوگرافیا، بەرەوڕووی سیاسەتی زەوتکردنی ناسنامە و خاکی بۆتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ناسیۆنالیزمی کوردی، ئامرازێک بۆ هەژموونخوازی نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن لە بوون، زمان، مێژوو و مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەک. ئێمە تەنیا بە دروستکردنی گوتارێکی هەمەلایەنە و یەکگرتوو لە دەوری تەوەرت "کوردبوون"، دەتوانین ژێرخانی بزووتنەوە و ڕاپەڕینێکی سیاسی فراوان، کە پشت بە خەڵک ببەستێت دابین بکەین؛ ڕاپەڕینێک هاوکات کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوودا هەیە و ڕوو لە ئایندەیە.

ئەم بزووتنەوە و ڕاپەڕینە بەرینە، دەبێت زەمینەسازی بۆ هاودەنگییەکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی، لە باشوورترینەوە تا باکووریترین خاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئیلام و کرماشانەوە تا قوتور و ماکۆ دابنێت؛ هاوپشتییەک کە بتوانێت جیاوازییە سیاسی، چینایەتی، ڕەگەزی و ئایینییەکان بگۆڕێت بۆ یەکگرتوویی لەژێر سایەی شوناسی نەتەوەیی کورددا. لەم ڕێگایەدا بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی هەمووماندایە؛ لە پارتە سیاسییەکانەوە، بۆ ڕووناکبیرانی سەربەخۆ، لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزەوە، تا هونەرمەند و مامۆستا. ڕاپەڕینێکی سیاسی بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا تەنیا کاتێک بەردەوام دەبێت، کە لەسەر بنەمای بەشداریی هەمەچەشنترین هێزەکانی کۆمەڵگەی کوردی، شێوە بگرێت.
جگە لەوەش، کارەساتی تیرۆرکردنی سەرکردە، بیرمەند و پێشەنگەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، نابێت پشتگوێ بخرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران، چەندین جار کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات تیرۆر کردوە. هەر لە تێرۆرکردنی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەننا و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلین،

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

تا دەگاتە هەڕەشە و گۆشەگیریی چالاکانی سیاسی لە سەرانسەری ئووروپا و وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەم کوشتنانە تەنیا یەک پەیامیان هەبووە: تەنانەت لە دەربەدەریشدا کورد نابێت نە لە مافی ڕادەربڕین، نە لە مافی ڕێکخستن، نە لە مافی خۆڕێکخستن و مافی داواکاری سیاسی بەهرەمەند بێت. ئەم تیرۆرانە نەک هەر تاوانێکی ئاشکرا، بەڵکوو بەشێکیش لە سیاسەتێکی گەورەتری، لەناوبردنی مێشک و ئیسقانی بزووتنەوەی کوردی بوون. بەڵام ئەوەی بەرخۆدانی ئێمەی مسۆگەر کردوە، پشتبەستنمان بووە بە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەییمان و باوەڕبوونمان بە ئایندەیەکی ئازاد.

لە هەمان کاتدا دەبێت ئاگاداری مەترسییەکانی گوتارە بەدیلەکانیش بین. ئەو ڕەوتانەی کە بە پاساوەکانی وەک "دیموکراسیی فرەنەتەوەیی"، "مافی مرۆڤی بێسنوور"، "مافی هاووڵاتی و شارۆمەندی" یان "سیاسەتی نێوخۆیی بێناسنامەیی"، هەوڵی پەراوێزخستنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدەن و، دواجار یان خزمەت بە دۆخی ئێستا دەکەن؛ یان ڕێگا بۆ گۆڕانکاری لە شوناسی بەکۆمەڵ خۆش دەکەن. ئەزموونی گەلانی ستەملێکراوی دیکە دەریخستوە، کە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی، بەبێ پشتبەستن بە ناسنامەی مێژوویی و نەتەوەیی خۆی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. لە لایەکی دیکەوە، بە تەنیا بە جەختکردنەوە لەسەر ئامرازە کولتوورییەکان بەبێ ئامانجی سیاسی، هیچ دەستکەوت و کاریگەری نابێت. پەروەردەی زمانی کوردی، پەرەپێدانی ئەدەبیات و میدیای کوردی، پاراستنی میراتی کولتووری و هتد، تەنیا کاتێک مانادار و بەردەوام دەبن، کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و سیاسیدا پێناسە بکرێن. بە واتایەکی تر، سەروەریی کولتووری تەنیا کاتێک بەدی دێت، کە بە سەروەری سیاسییەوە ببەسترێتەوە.

ئێمەی کورد تا بە ئەمڕۆش باجێکی بێ هەژمارمان داوە: هەر لە شەهیدانی سەنگەر، تا زیندانییەکانی نێو بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی، لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی زگماکیمانەوە، تا سانسۆرکردنی ناسنامەمان لە میدیاکان و لە دەربەدەری زۆرەملێ، تا تیرۆرکردنی سەرکردەکانمان لە پایتەختەکانی ئووروپا. ئەم تێچوونانە نابێت بەبێ ئەنجام بمێننەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە بە ڕوونی ڕایبگەیەنین: ئەوەی هەمانە دەرئەنجامی ناسیۆنالیزمی ئێمەیە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، هەر لە ڕێگەی ڕێبازی ناسیۆنالیزمەوە مومکین و دەستەبەر دەبێت.

لە کۆتاییدا، ئەم ڕاپەڕینە گەورەیە دەبێت، ئەخلاقی، بە ڕەگ و ڕیشە و لەسەر بنەمای ئیرادەی گەل بێت؛ هاوردەنەکراو، بەستراوە نەبوو بە زلهێزە دەرەکییەکان و گرێدراو بە کوتلەیەک لە حکوومەتی ئێراندا نەبێت. هێزی ڕاستەقینەی ئێمە لە یەکیەتی نەتەوەییماندایە؛ یەکیەتییەک کە لە فرەچەشنی ئێمەدا مانا دەدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر بناغەکانی شوناسی کورد و مافی چارەی خۆنووسین بنیات نراوە.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# هەوڵێکی نەزۆک بۆ دەربازبوون لە قەیران





(لە پەراوێزی هێرشی ڕەگەزپەرستانە دژی کۆچبەرانی ئەفغان لە ئێران)

ئەسکەندەر جەعفەری

لە پشت ئەم گێڕانەوە نوێیەوە هەمان مێکانیزمی کۆن شاراوەیە کە دەسەڵات، بە پێکهێنانی "دوژمنی نێوخۆیی" دەیهەوێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. ڕێژیمی ئێران هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و شکستهێنان لە

ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا، کۆمەڵگەی چەند ملیۆنیی ئەفغان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی ناو دەبات. بەڵام ئەوەی ئەم ڕێژیمە دەیشارێتەوە ئەوەیە کە زۆرینەی ڕەهای ئەم کۆچبەرانە لە بەر هۆکارەکانی شەڕ و تاڵیبان و هەژاری هەڵاتوون و لە ئێران قورسترین و هەرزانترین کارەکان دەکەن. سەرەڕای ئەمەش لەو وڵاتە نادیمۆکراتیکەدا گۆشەگیر دەکرێن.

سیاسەتی "دوژمنایەتی" دژی ئەفغانەکان شتێکی نوێ نیە؛ بەڵام ناونانی ئەوان وەک سیخوڕی ئیسرائیل، فێڵێکی زیرەکانەیە بۆ سەرکوتکردنێک کە لە ڕێگای بەرهەمهێنانی قوربانییەکی نوێ دەبێتە پاساو بۆ هەموو قەیرانێکی نوێ. ئەم تۆمەتە بێ بنەمایانە دەبنە مۆڵەت بۆ گرتن و دیپۆرتکردنەوە و بەختڕەشکردنی سیستماتیک؛ هەمان چیرۆکی دووبارەیە کە هەوڵ دەدات داگیرکەر لە گەندەڵی و قەیرانی ئابووری و ناکارایی ڕزگار بکا و ڕای گشتی بباتە سەر پەنابەری بێدەنگ و هەژار. بەڵام بۆچی داگیرکەر بۆ شاردنەوەی کێشەکانی ناو سیستمی کۆلۆنیالیستی، سەرکوتێکی تر بە کار دەهێنێت؟ بۆ باسکردن لەم بابەتە، دەڕوانینە بۆچوونی چەند سیاسەتمەدار و فیلسۆفی گرنگی جیهان.

لەم نێوەدا دەنگی دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو هێشتا دەبیسرێ؛ ئەو ڕێبەرە کوردەی کە پێش تێرۆرکردنی لە ڤیەن هۆشداریی دابوو کە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا بە بێ بەرهەمهێنانی دوژمنێکی نێوخۆیی ناتوانێت بەردەوام بێ. ئاماژەی بەوەش کرد کە سەرکوتی کەمینەکان تەنیا بابەتی نەتەوەیی نییە؛ بەڵکو تاقیگەیەکە کە ڕێژیم تێیدا "سەرکوتی سیاسی"، پراکتیزە و گشتگیر دەکات. ئەمڕۆ نۆرەی ئەفغانەکانە، سبەی دەبێتە نۆرەی هەر نارازییەک کە گومانی لە گێڕانەوەی فەرمیی داگیرکەر هەیە.

فرانتس فانۆن بیرمەندی توندڕەوی دژە کۆلۆنیالیزم لە ڕوانگەی "لەبارەی توندوتیژی"دا دەڵێت، هەموو پێکهاتەیەکی پاوانخوازانە بۆ ئەوەی بتوانێت بژی، پێویستی بە دروستکردنی یەکێکی دیکە هەیە؛ یەکێکی تر کە بۆ ئەوەی شەرعیەت بداتە سەرکوت و توندوتیژی، دەبێت ڕوخسارێکی ئاژەڵانە و مەترسیداری هەبێت. بۆ فانۆن ئەم "ئەوی تر" نەک هەر بێدەنگ کراوە بەڵکو مرۆڤیش نییە. کۆچبەرانی ئەفغان لە ئێران ساڵانێکە دەچەوسێنرێنەوە. کرێکاریی هەرزان، بێمافی و بێدەنگی بووەتە بەشی ژیانیان؛ ئێستاش وەک "سیخوڕی مووساد" ناوزەد دەکرێن. ئەمە ئەو کۆلۆنیالیزمە نوێیەیە کە لە چوارچێوەی سنووره نەتەوەییەکانی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیدا بەرهەم دەهێنرێتەوە.

سلاڤۆج ژیژێک، فیلسۆفی هاوچەرخ دەڵێت؛ نوخبەی دەسەڵاتدار بۆ بەڕێوەبردن یان کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی جەماوەر پێویستیان بە دژایەتیی ناوخۆیی هەیە. ئەو تووڕەییە کە دەبێ لەبری کۆشکی دەسەڵات ئاراستەی هەژارانی ئەفغان بکرێت؛

هەمان ئەو کرێکارە کە سبەی دەبێت خشت لە سەر خشت دابنێت بۆ ئەوەی شارەکەی داگیرکەر گەشە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بە لەرزۆککردنی پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی داگیرکەری فارس تۆمەتبار دەکرێت. لەم لۆژیکە شوورەییەدا هەمیشە هەژاران بە دروستکردنی ئەو قەیرانە تۆمەتبار و تاوانبار دەکرێن کە هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنیاندا نییە، بەڵکو خودی ڕێژیم ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەو قەیرانانەدا هەبووە.

ئانتۆنیۆ گرامشی، داڕێژەری بەرخۆدانی چاندی، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم مێکانیزمە تەنیا بە هێز بەردەوام نابێت؛ بەڵکو ڕێژیم بۆ چاندنی گێڕانەوەی "هەڕەشەی ئەفغانەکان" لە ئامێری ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی خۆی کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر مێشکی کۆمەڵگای فارس. کاتێک ئەم هێژموونە چاندییە دروست بوو، خەڵکی هەژار، ئەوەندەی بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، وەک سیخوڕ سەیری دراوسێ ئەفغانەکان دەکەن. ئەم بۆشاییە نیعمەتێکە بۆ مانەوەی نەزمی داگیرکەر؛ دابەشکردنی خەڵک بەسەر "ناوخۆییەکان" و "دەرەوەکان"دا بۆ ئەوەی دەستهەڵات بەردەوام بێت.

تۆمەتبارکردنی ئەفغانەکان بە سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل، لە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە زیاترە. لە ڕاستیدا دانپێدانان بە شکستی ئەو فەرمانەیە کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە گۆڕێدایە. نرخی ئەم سیاسەتە، هەمان ئەو هەژارەیە کە بە بێدەنگی کار دەکات، بەختڕەش دەکرێ و لە کۆتاییدا لە ئێران دەر دەکرێ.

**لە ڕوانگەی فانۆن، ژیژێک، گرامشی و دکتۆر قاسملوو، چیرۆکەکە ڕوونە: "دابەش بکە و دەسەڵاتداریی خۆت بکە". چیرۆکێکی کۆن و بێبەزەییانەیە کە کۆمەڵگا تا ناوەڕۆک لە یەکتر تووڕە دەکات.**

ئایمێ سیزەر لە "وتاری کۆلۆنیالیزم"دا، بە زیرەکییەوە ڕەگ و ڕیشەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: کۆلۆنیالیست ئەو توندوتیژییە کە لە دەرەوە شەرعییەتی پێداوە، ڕۆژێک دەیهێنێتەوە ناوەوە. هەمان ئەو سیاسەتەی کە لە کۆلۆنیەکاندا "ئەویتر" وەک دڕندە و دواکەوتوو و مەترسیدار ناوی دەهێنرێ. لە ناوخۆشدا دژ بە کەمینەکان و چەوساوەکان دەوەستێتەوە. ئەمڕۆ کۆچبەرە ئەفغانەکان لە ئێراندا قوربانیی ئەم لۆژیکە کۆلۆنیالیستییەن: بوونەوەرێک کە دەبێت بەختڕەش بکرێ بۆ ئەوەی سیستمێک کە لە قەیراندایە بتوانێت ڕواڵەتی "ئەمنییەت" وەربگرێت.


سیزەر دەڵێت: "شارستانیەتی کۆلۆنیالیزم، ئەو دڕندەییە کە لە وڵاتی داگیرکراودا پراکتیزەی دەکرد، دەهێنێتەوە ناو دڵی خۆی". ئەمە هەمان هۆشدارییە کە ئەگەر گوێی لێ نەگیرێت، درەنگ یان زوو توندوتیژی، سنوورەکان دەبڕێت؛ چونکە کاتێک ڕق بە دامەزراوەیی کرا، هیچ بەربەستێک ناتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**ئەم ڕێچکەیە، ئاسایش و یەکگرتوویی لەگەڵ خۆی ناهێنێت؛ تەنیا تووڕەیی و ڕق و بێمتمانەیی دەچێنێت کە ڕۆژێک لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. قوربانییەکانی ئەمڕۆ ئەفغانە بێ ماڵ و حاڵەکانن. سبەی گەلانی دیکە دەبنە قوربانی. هەروەک چۆن کورد، بەلوچ، عەرەب و لوڕ لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا بەردەوام قوربانی بووە. لەم یارییەدا هەمیشە شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە؛ دەسەڵات بۆخۆی مانەوەی ڕواڵەتی مسۆگەر دەکات، بەڵام بە تێچووی مرۆڤایەتی.**

**١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# لە سیخوڕاوا وڵات لە دەستێکی ئەمین‌دایە




**دارسمە**

فێعلەن لە جیاتی «خاهەران و برادەران»، بڵێین «خانمان و ئاغایانی محترم» و لێگەڕێن با پیاوان بە کراسی قۆڵکورت و ژنانیش بێ لەچک و سەرپۆش بن. مخابن ئەمساڵ، ساڵەکەی بەڕاستی گەرمەساڵە. دوای ئەم پێشەکییە مانادارە، با بێینە سەر باسی سەرەکیی ئەمڕۆمان.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، گوێتان لە هەندێک ژاوەژاوی میدیای دوژمنە و وەک دەبیستین، باس لە "شەڕ" و "هێرش" دەکەن. پێویستە بۆتان ڕوون بکەینەوە؛ ئەوەی ڕووی دا شەڕ نەبوو، بەڵکوو نمایشێکی منداڵانەی دوژمنی زایۆنی بوو. ویستیان بە تەقاندنی چەند فیشەکێکی هەوایی بێبایەخ، ورەی پۆڵایینی ئێمە بشکێنن، بەڵام وەک هەمیشە، لە بەرانبەر ئیمان و ئیرادەی ئێمەدا شکستیان هێنا و سەریان دای لە بەرد و هەموولایەک دیتتان چۆن حەیفا و مەیفامان بەسەریاندا تەپک کرد و ئێستایش دەگەڵدابێت سەرۆک و مەرۆکیان لەبن داروپەردووی خانووی داڕماودا بێسەروشوێنن.

هەندێک دەڵێن گوایە ئێمە تووشی شکستێکی گەورە بووین و فەرماندە ئازیزەکانی وەک حوسێن سەلامی و محەممەد باقریمان لەدەست داوە. نەخێر، ئەمە لەدەستدان نییە، ئەمە "بەرزبوونەوە"یە. ئەوان نەمردوون، بەڵکوو بوون بە "شەهیدی زیندوو" و ئێستا لە شوێنێکی باڵاترەوە سەیری سەرکەوتنمان دەکەن. ئەمە پلانی خودایی بوو بۆ ئەوەی خوێنی ئەوان ببێتە وزەیەکی نوێ بۆ بەردەوامیی ئێمە. بەڵام ئەوەی زۆرتر جێی پێکەنینە، ئەو تۆمەتە بێبنەمایانەیە گوایە ئێمە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بێرێزیمان بەرانبەر هونەرمەندان و نووسەران کردوە و خوای نەخواستە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ڕژێمی زایۆنی و شەیتیانی گەورە، گرتوومانن یان عەیب نەبێت لە سێدارە و شتی وامان داون. چۆن شتی وا دەبێت؟ ئێمە گەلێکین خاوەنی حافز و سەعدی، چۆن دژایەتیی شاعیر دەکەین؟ پێتان دەڵێین: هەرگیز ڕووی نەداوە ئێمە وەرزشوان، سیاسەتمەدار، نووسەر یان شاعیرێکمان بە تۆمەتی "سیخوڕی" بۆ بێگانە دەستگیر کردبێت. ئێمە ڕێز لە قەڵەم دەگرین، نەک قەڵەم بشکێنین. هەرگیز ڕووی نەداوە دەرهێنەرێکی سینەمامان بە بیانووی "پەیوەندی لەگەڵ دوژمن" خستبێتە بەندیخانەوە. ئێمە داهێنان هان دەدەین، نەک بیخنکێنین. ئەم قسانە درۆ و پڕوپاگەندەی ئەمپریالیزمی جیهانییە و بۆ ناشیرینکردنی سیمای درەوشاوەی کۆماری ئیسلامی بەرەڵای دەکەن.

ڕاستە، دەبێت دان بەوەدا بنێین لەم دوایيانەدا کێشەیەکی بچووکمان هەبوو. دوژمن توانیبووی چەند کەسێکی "دڵنەخۆش" و "ئیمانلاواز" لەنێو خودی نیزامدا بە پارە بکڕێت. بەڵێ، دەرکەوت سیخوڕان لەنێو ژوورە داخراوەکانی خۆماندا بوون، نەک لەنێو کافێ و کۆڕی شیعرخوێندنەوەدا. دیارە ئەمەش ئەوا دەقۆزینەوە و دەڵێین ئەمە شکست نیە، بەڵکوو سەرکەوتنێکی گەورەی ئیتڵاعاتە! ئێمە خۆمان ڕێگەمان دا تا خۆیان ئاشکرا بکەن و وەک مشک لە کونەکانیان بێنە دەرەوە و نزیکەی ٧٠٠ کەسمان لێ دەستگیر کردن. دەستگیرکردنی ئەم ٧٠٠ کەسە، پاکتاوکردنێکی پێویست بوو؛ وەک ئەوەی باخەوانێک گژوگیای زیانبەخش لە باخەکەیدا هەڵبکێشێت تا گوڵەکانی جوانتر بگەشێنەوە. لەگەڵ ئەوەیدا دەترسین ئەم بژار و گژوگیایەش هەڵەسوون بێنێتەوە، بە ورە و ئیمانێکی قایمترەوە درێژە بە هەموو شتێک دەدەین.

**دەپرسن:** "کەواتە بۆچی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی "قەڵغانی ئاسنین"ی ئێمە کارا نەبوو؟" وەڵامەکەی سادەیە. ئەویش ئەمەیە: سیستەمەکەمان ئەوەندە زیرەک و پێشکەوتوە، زانیی ئەو مووشەکانەی دێن، نرخیان ئەوەندە نیە ئەم سیستەمە بەرگرییەیان پێوە ماندوو بکەین. بۆیە بڕیاری دا وزەی خۆی بۆ ڕۆژی مەبادا هەڵبگرێت و پشت بە ئوممەتی هەمیشە دەر سەحنە، وەک خەنجەری ڕۆژی تەنگانە لە ڕۆژی خۆیدا هەڵیدەکێشین. جگە لەمەش، ئەو چەند خیانەتکارە، کۆدی سیستەمەکەیان بە شێوەیەکی کاتی لەکار خستبوو. کەواتە کێشەکە لە پیاوانمان بوو، نەک لە ئامێرەکە. ئامێرەکەمان هێشتا بێوێنەیە. خۆ پێشتریش بە چاوی خۆتان دیتبووتان چۆن سەردارانی شەهیدمان بێ سێودوو لێکردن، دوای تەقەکردنی سەرکەوتوومان لە بنکەکانی ئەمریکا، فڕۆکەی ئۆکرانیاییان لە ئاسمانی پارێزراوی تاران ئەنگاوت. ئەوکات، سەردارانی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**شەهیدمان گومانی ئەوەیان هەبوو ئەوانەی لەنێو فڕۆکەکەدا بەرەو کەنەدا دەفڕن، بە دوور نییە لە داهاتوودا وەک خۆیان ببنە سیخوڕی ئیسرائیل و ئەمریکا.**

**ئێستا دوژمن شانازی بەوەوە دەکات گوایە بنکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە نزیک تاران دامەزراندوە. ئەمە قسەی خۆشە! ئەوە تەڵەی ئێمە بوو. ئێمە خۆمان ئەو زەوییەمان بۆ دیاری کردبوون تا هەموو هێلکەکانیان لە یەک سەبەتەدا دابنێن و پاشان بە یەکجار هەموویان بشکێنین! ئێوە هێشتا لە ستراتیژیی قووڵی ئێمە تێناگەن. سەبارەت بە ئاگربەستەکەش، با وا بیر نەکەنەوە ئێمە ماندوو بووین. نەخێر، ئێمە لەوپەڕی هێزدا بووین؛ دەمانتوانی تەلئەبیب بکەین بە تۆز، بەڵام ڕێبەری مەزنمان، لەوپەڕی بەزەیی و حیکمەتدا، فەرمووی: "با هەناسەیەک بدەن، لەوانەیە بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست و جڵەو بۆ پەرەسەندنەوەی بەرەی مقاومە شل بکەن." ئێمە ئاگربەستمان نەکرد، بەڵکوو "مۆڵەت"مان پێ دان تا بیر لە هەڵەکانیان بکەنەوە.**

**لە کۆتاییدا پێتان دەڵێین بڕۆنەوە ماڵەکانتان و بە ئاسوودەیی بخەون. شاعیرەکانتان شێعر بنووسن و هونەرمەندانتان تابلۆ بکێشن و فیلم دەربێنن. بەڵێنیتان پێ دەدەین ئەگەر ئێوە و تەنانەت خۆشمان سیخوڕ نەبین، بێ ئەملاوئەولا  وڵات لە دەستێکی ئەمیندایە.**

**١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

## جانتای هیوا





**ئاسۆ مینبەری**

**١٢ ڕۆژە کە شەڕە ١٢ ڕۆژەکەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ڕاگیراوە، بەڵام هاوکات سەرکوتکارییەکان و پێشێلکردنی بەرچاوی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە.**

**جیا لەوەی کە لە ماوەی ١٢ ڕۆژەکەدا، سێ کەس لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیلیان درایە پاڵ و لە**

سێدارە دران، ڕێک ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکە، کۆماری ئیسلامی ڕووی لە کوردستان کردەوە و سێ بەندکراوی کوردی هەر دیسان بەو تۆمەتە لە سێدارە دان و ئەمە بوو بە دەسپێکی دۆخێکی مەترسیدار کە هەر لە کاتی شەڕەکەشدا زۆر کەس لەمبارەوە هۆشدارییان دابوو و بەپێی ئاگاداربوون لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی دەیانزانی کە وەک هەمیشە بۆ تۆڵەی شکستەکەی خۆی سەرکوتی خەڵکی بێتاوان دەست پێ دەکات.

هاوکات لەگەڵ ئەمەش ئەگەرچی پێشتریش دۆخی مافی مرۆڤ بەتایبەت لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاو نەدەکرا و پێشێلکارییەکی ڕەها دەبینرا، بەڵام ئەم پێشێلکارییەش سەرباری هەموو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق خەڵکی سەرکوتکراو، چووەتە فازێکی نوێوە.

ئەگەر پێشتر ڕێژیم کۆمەڵێک لە بەندکراوانی زیاتر ئازار دەدان و لە هەموو مافێک بێبەریی دەکردن، ئەوە ئێستا بیانوویەکی باشتریشی دەست کەوتووە و زیاتر لە پێش لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەرییان دەکات. نموونەی ئەم حاڵەتە، بێبەریکرانی ژینا مودەڕس گورجی، ڕۆژنامەوانی خەڵی سنەیە کە هاوکات لەگەڵ شەپۆلی نوێی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم، هەر ئێستا لە بەندیخانەی سنە لە دۆخێکی خراپدایە و لە مافەکانی خۆی بێبەری کراوە.

٨ مانگ پێش ئێستا ژینا مودەڕس گورجی، ڕۆژنامەوان و چالاکی بواری ژنانی دەسبەسەرکراو لە شۆڕشی ژینا بە مەبەستی جێبەجێکرانی سزای بەندکرانەکەی ڕەوانەی بەندیخانەی سنە کرا. ناوبراو بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا نووسیبووی: "ئەمڕۆ ئەچمە بەندیخانەیەک کە پەراوێزخستن و هەڵاوارادن لەوێ سێ قاتە. بەندیخانەی ژنانی سنە. پەراوێزخستن و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و نەتەوایەتی. بەم حاڵەوە کاتێک کە کەلوپەلەکانم بۆ بەندیخانە ئامادە دەکرد پێش هەموو شتێک هیوام خستە جانتاکەمەوە. من بە هیواوە ئەچمە ئەوێ".

ئێستا کە زیاتر لە ٨ مانگ بەسەر چوونی ژینا بۆ بەندیخانە تێدەپەڕێت، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە سەرەڕای داواکاریی بەردەوامی ژینا بۆ کەڵکوەرگرتن لە مافی مەرەخەسی، تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی دوو حەفتە لە مانگی بانەمەڕدا نێردراوەتە مەرەخەسی و داوکاریی ئازادکرانی بە پێبەندی ئێلێکترۆنیکیش ڕەت کراوەتەوە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە ئیتلاعاتی سنە پێشی بە قەبووڵکردنی ئەم داواکارییە گرتووە و بە سەرنجدان بەوەی کە ژینا نیوەی ماوەی سزاکەی تێپەڕاندووە، مافی بێئەملا و ئەولای خۆیەتی کە لەم مافانە کەڵک وەربگرێت.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان سەبارەت بە دۆخی ژینا مودەڕس گورجی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە

کردوە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئیتلاعاتی سنە دەستی بە ئامادەکردنی دێکۆمێنتارێکی ئەمنییەتی کردووە کە ئامانجەکەی زەربەلێدان لە بەندکراوانی سیاسیی و چالاکانی کوردە کە ژینا مودەڕس گورجی یەکێک لەوانە.

بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، بەندیخانەی ژنانی سنە هیچ بەندێکی تایبەت بە بەندکراوانی سیاسی و ئیمکاناتی تێدا نییە. ژنان لەم بەندیخانەیەدا لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندیی تلفۆنی و کاتی پشوو سنووردارن و نزیکەی ٥٠ ژن لەم بەندیخانەیەدا ڕاگیراون. هەروەها ژنانی بەندکراوی سیاسی زیاتر لەژێر کۆنترۆڵدان و وتووێژە تلفۆنییەکانیشیان لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانەوە دەبیسترێت.
ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێک لەم کاتەدا و دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکەی، دەستی بە ڕەشبگیر کردوە و هاوکاتیش گوشارەکانی بۆ سەر بەندکراوان و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا دەسبەسەر کرابوون و حوکم دراون زیاتر کردووە، نیشاندەری یەک ڕاستییە، ئەویش ترسی ڕێژیم لە ئاڵوگۆڕێکی خێرا و یەکجارییە کە ببێتە هەوێنی سەرهەڵدانێکی نوێ و تەوژمی سەرهەڵدانەکە، کۆشکی دەسەڵاتەکەی بڕووخێنێ، بەتایبەت کە ئەوە سەرهەڵدانە لە بەندیخانەشەوە دەست پێ بکات.

سەرکوتی ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە بەندیخانەکاندان، بە مەبەستی بێدەنگکردنی دەنگی مافخوازیی ئەم کەسانەیە و ڕێژیم بە سەختکردنەوەی دۆخەکە لە بەندیخانەکان و پێنەدانی ئیمکانات و سنووردارکردنەوەی ئەم کەسانە هەوڵ دەدات بە شتە بچاوکەکانەوە سەرقاڵیان بکات تاکوو واز لە ویستە گەورەکانیان بێنن. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە بەتایبەت بۆ تاکی کورد، بەندیخانە قەت مانای بەندیخانەی نەبووە و هەمیشە وەک سەنگەرێک بۆ بەرخودان چاوی لێ کراوە، بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا ئەگەر بەندکراوەکە ژنیش بێت و قۆناغە جیاوازەکانی نارەزایەتییەکان و بەتایبەت نارەزایەتییەکانی شۆڕشی ژینا و جۆری سەرکوتکارییەکانیشی دیتبێ، بێگومان ئەو بەندیخانەیە قایمترین سەنگەر بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتە.

ئەگەرچی دۆخی ئێستای ژینا باش نیە و بەرەوڕووی سەرکوتی چەند قاتی سیستماتیک بووەتەوە بەڵام وەک خۆی وتی کاتێک کە کەلوپەلەکانی بۆ بەندیخانە ئامادە کردووە پێش هەموو شتێک هیوای خستووەتە جانتاکەیەوە و ئەمە بەهێزترین پەیامی ژینایە کە بە گوێمان دەگات و دڵنیامان دەگاتەوە کە ژینا وەک نموونەی ژنی کورد، زیندانبەزێنێکی بەتەواو مانایە

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# ڕاگەیاندنی هاوبەش لەبارەی شەپۆلی نوێی سەرکوت لە ئێران و کوردستان




## بۆ ڕای گشتیی جیهانی

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل، شەپۆلێکی نوێی سەرکوت لە دەستبەسەرکردن، ڕاودوونان و ئێعدام لە کوردستان و لە سەرانسەری ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە. ناوەندە ئەمنییەتییەکانیش بە هەڵبەستنی تۆمەتی ناڕەوا و پەروەندەسازی بۆ زیندانییانی سیاسی و هەروەها پێداچوونەوە بە یاسای سیخوڕی لە پاڕلمان و دەزگای قەزایی ڕێژیمدا دۆخێکی مەترسیداریان بۆ بەندکراوانی سیاسی ڕەخنەگرانی حکوومەت خوڵقاندوە. ڕاپۆرتەکانیش دەریدەخەن کە هەتا ئێستا ژمارەی دەستبەسەرکراوان لە هەزار کەس تێپەڕیوە و ئێعدامی زیندانییانی سیاسی بەردەوام و ڕوو لە هەڵکشانە. هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو ئیدریس ئاڵی، ئازاد شوجاعی و ڕەسووڵ ئەحمەد، سێ کۆڵبەری کورد کە تۆمەتی بی بنەمای هاوکاریی ئیسرائیلیان درابووە پاڵ، ئێعدام کران و هەر ئێستاش گیانی چەند بەندکراوی دیکەی کوردی خەڵکی بۆکان کە سێ ساڵ پێش ئێستا لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا دەسبەسەر کران و حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە، لە مەترسیدایە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هەرکات لە شەڕێکی دەرەکی یان پرسێکی نێودەوڵەتی شکستی خواردبێ، تۆڵە لە بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کردووەتەوە و ئێستاش دەیەوێ تۆڵەی شکستەکانی لە شەڕی ئیسرائیل لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی مافخوازیی گەلانی ئێران و زیندانیانی بێدیفاع بکاتەوە. بێگومان بێتوو کۆماری ئیسلامی هەست بە گوشار و کاردانەوەیەکی بەهێزی نێوخۆیی و دەرەکی نەکا، دوور نیە کارەساتی کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا دووپات بێتەوە، وەک چۆن ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دوای ملدانی ڕێژیم بۆ ئاگربەس لەگەڵ عێراق دوای هەشت ساڵ شەڕی بێئاکام لەگەڵ ئەو وڵاتە هەزاران زیندانیی سیاسیی لە نێوخۆی وڵاتدا کوشت.**

**ئێمە وێرای دەربڕینی ئەوپەڕی نیگەرانیی خۆمان لە مەڕ ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی و بەتایبەت لە گیانی زیندانییانی سیاسی دەکەن، داوا لە:**

**– خاتوو مای ساتوو، ڕێپۆرتێری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆڤی لە ئێران**
**– ناوەندە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ**
**– هەموو خەڵکی ئازادیخوازی جیهان**

**دەکەین بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن دژی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە دەنگ هەڵبڕن و ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە بێپەروا بکەوێتە گیانی تێکۆشەرانێک کە هیچ تاوانێکیان جگە لە مافویستی، ئازادیخوازی و خەبات بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانیان و مافە سیاسی، مەدەنی و نەتەوایەتییەکانیان نەبووە.**

**داوا لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان، ڕێکخراوەکان، ئێرانییانی ئازادیخواز و کوردانی تاراوگە دەکەین کە بە کۆدەنگی و بە ئاکسیۆن و کۆبوونەوەکانی خۆیان دەنگی نارەزایەتی و بێزاریی خۆیان بەرامبەر بەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە بەرز بکەنەوە. بێگومان هەستی هاوسۆزی و پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا زۆر بەهێزە و ئەو نارەزایەتییە جیهانییە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ حەرەکەتی سەرتاسەری و کوردستانی لە داهاتوودا و گوڕوتینبەخشینەوە بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە وڵاتدا.**

**پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پژاک**
**پارتی ئازادیی کوردستان – پاک**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.**

**١٨ی پوشپەری ١٤٠٤ هەتاوی بەرابەر بە ٩ی ژوئیە ٢٠٢٥ میلادی**

**١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# "گۆپاڵ و گێزەر"؛ تەسلیم بوون یان داڕمان؟






ڕەزا دانشجوو

لە ئەدەبییاتی کلاسیکی دیپلۆماسیدا، سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر" بە یەکێک لە ناسراوترین شێوازەکان بۆ ناچارکردنی ئەکتەرە یاخیبووەکان بۆ گۆڕینی ڕێڕەو دادەنرێت؛ تێکەڵەیەک لە هەڕەشە و هاندان، سزا و پاداشت، شەڕ و ئاشتی. ئەم سیاسەتە هەرچەندە لە سەدەی بیستەوە لە پەیوەندیی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لەگەڵ وڵاتانی ژێردەست و تێوەگل

قەیراندا باو بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا فۆرمێکی نوێ و ئاڵۆزتری بە خۆیەوە گرتوە.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی ساڵانێک پەیڕەوی لە سیاسەتی سەرکوتگەرانە و بێهوایی خەڵک لە ئەگەری چاکسازی لەنێو ڕێژیم بە تایبەت دوای ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا و هەروەها ناکارامەیی تەواو لە کاروباری دەوڵەتداریی، بەرەوڕووی کەلێن و درزێکی بێوێنەی نێوخۆیی و قەیرانی شەرعییەت بووە و بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بە تەواوی لەگەڵ خۆیدا ناکۆک و تەنانەت دژبەر دەبینێت. ڕێژێمی وەلایەتی فەقیهـ هەروەها لە ڕەهەندە ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی گەورە بووەتەوە. ئەو گرفتانە دوای ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل و تێکشکانی ئێستا چوونەتە قۆناغێکی نوێ. سەرسوڕمانی و بێئاگایی ڕێژیم لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل کە بوو بە هۆی لەدەستدانی بەشێکی سەرەکی لە تواناکانی بەرگریی کۆماری ئیسلامی، کارتی یاریکردنی ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی بە ڕادەیەک سنووردار کردوە کە بە ڕاشکاوی دەتوانرێ بگوترێت کە ڕێژیم ئێستا بە دەستی بەتاڵ خەریکی یاریکردنە و تەنیا دڵخۆش بە ڕووداوەکان و ئەگەری هەڵەی لایەنی بەرامبەرە !

ئەگەر لەو هەڕەشە پووچانەی کە هەمیشە بەشێکن لە دەستگای پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی -کە ئەویش بەراورد لەگەڵ ڕابردوو بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر کەم بوونەتەوە- چاوپۆشی بکەین، دەتوانین بڵێین: هیچ شتێک ناتوانێت ڕێژیم لە داڕمان ڕزگار بکات، تەنانەت ئاشتییەکی سەپێنراویش!

## "ئاشتی لە لوتکەی دەسەڵاتدارییەوە"؛ دیوەکەی تری سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر"

دوای هێرشە ورد و بەربڵاوەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندە سەربازی و هەواڵگرییە هەستیارەکان لە نێوخۆی ئێران، بنیامین ناتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە یەکێک لە وتارەکانی ئەم دواییەیدا، ڕایگەیاند: "سیاسەتی من و سەرۆک ترامپ ئاشتی لە لوتکەی دەسەڵاتە".

ئەم لێدوانە هەم پەیامێکی ڕوون بوو بۆ تاران و هەم ئاماژەیەک بوو بۆ جۆرێک لە هەماهەنگیی ستراتیژی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا و پەیڕەوکردنی سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر"! بەڵام ئەمجارە بە نیشاندانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی و پاشان بانگهێشتکردن بۆ ڕاگرتنی ململانێکان و گەڕانەوە بۆ دانوستان. ئیسرائیل بەم ڕێبازە لە ڕاستیدا نیشانی دا کە تەنانەت لە لوتکەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیشدا، بە دوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ئێران، نەک گۆڕانی ڕژیم و لەنێوبردنی!

## ئێران و ئیسرائیل؛ شەڕێک بۆ ئامانجێکی دیار!

ئەگەرچی ململانێی ئێران و ئیسرائیل لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر شەڕی بە وەکالەت لە سوریە، عێراق و لوبنان بووە، بەڵام پێشهاتەکانی ساڵی ڕابردوو بەتایبەت هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و تێکدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و تیرۆرکردنی ئامانجدار لە قووڵایی نێوخۆی ئێران، دەریانخستوە کە ئەم شەڕە لە سێبەرەکان دەرچووە و گەیشتۆتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوە ڕاستەوخۆ!

کاربەدەستانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا باس لە ڕخنە و دزە کردنی ئیسرائیل لەسەر ژێرخانی ئەمنییەتی ئەو وڵاتە دەکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕژیم نەک تەنیا لە بەرامبەر زلهێزە دەرەکییەکان، بەڵکوو تەنانەت لە دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی نێوخۆی خۆیدا شکستی هێناوە.

لەم نێوەندەدا، سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر" چیتر لە چوارچێوەی تەنیا دیپلۆماسییەتدا پێناسە ناکرێت، بەڵکوو ئێستا بۆمب و درۆن و مووشەک و هێرشی ئەلیکترۆنی و ئۆپەراسیۆنی دزەکردن لەگەڵدایە. ئیسرائیل بە یاوەری ئەمریکا لە لایەک پێکهاتە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج و لە لایەکی دیکەشەوە پەیامی ئاشتییانە بەڵام مەرجدار دەنێرێت. ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە ناتانیاهۆ بە "ئاشتی لە لوتکەی دەسەڵاتدا" ناوی دەبات؛ ئاشتییەک کە تەنها لە ڕێگەی گۆپاڵەوە بەدەست دێت!

## کاریگەریی ململانێ و شەڕ لەسەر پێگەی کۆماری ئیسلامی

ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل نەک هەر ڕێگەی بە کۆماری ئیسلامی نەدا کە چیتر مانۆڕی تەبلیغاتی بدات، بەڵکوو دەرخەری ئەوپەڕی ناکارامەیی پێکهاتە ئەمنییەکانی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهبوو! ئەم پێشهاتانە لە هەلومەرجێکدا ڕوو دەدەن کە ڕێژیم ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری و نارەزایەتیی جەماوەری و بۆشاییەکی بێوێنە لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگەدایە.

لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی کە تا پێش تێکشکانی هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆی لە پشت بەرەی بەناو میحوەری موقاوەمەت و گوتاری دژە ئیسرائیلی، وەک زلهێزێکی ناوچەیی دەناساند، ئەمڕۆکە تەنانەت لە پایتەختەکەی خۆیدا نائەمنی و دزەکردن

بەخۆیەوە دەبینێت. وەها بارودۆخێک دەستی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی بۆ چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیم زۆر زیاتر لە جاران کردۆتەوە و بە پێچەوانەش کۆماری ئیسلامیی لە ئەگەری موزایەدە بێبەش کردوە.

سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر" بە تایبەت لە شێوەی یەکخستنی ئیسرائیل و ئەمریکا، ئێستا چووەتە قۆناغی مەیدان و جێبەجێکردن! لە لایەک هێرشی نیزامی و دزەکردن لەنێو جەرگی بنکە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و کوشتنی دەیان فەرماندەی پلەبەرزی نیزامی و لەنێوبردنی بەشێکی زۆر لە ژێرخانی نیزامی و تەنانەت باسکردن لە ئەگەری گۆڕانی ڕێژیم بە زەقکردن و پرۆپاگەندە بۆ کەسێکی وەک کوڕی شای پێشوو وەک ئەڵتەرناتیڤ بۆ داهاتووی ئێران وەک گۆپاڵ!! لە لایەکی دیکەوە بەڵێنی هەڵگرتنی گەمارۆکان و داوای دانوستان و پەکەیجی ماڵی بۆ پشتیوانی لە بووژانەوەی ئابووری وەک "گێزەر!"

لەم ڕووەوە دۆناڵد ترامپ ڕۆژێک دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج و باس لە لەنێوچوونیان دەکات. ڕۆژی دواتر ئاشتی ڕادەگەیەنێت و ململانێ کۆتایی دێت! دوای چەند ڕۆژێک بە پاکێجێکی ماڵی داوای دانوستان و ئاشتی دەکات و ڕۆژی دواتر وێڕای گاڵتەکردن بە قسەکانی خامنەیی هەڕەشەی هێرشی دووبارە دەکات!

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ جیاوازی لەگەڵ ڕابردوودا دروست دەکات، لەنێوچوونی توانای ڕێژیمە بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی کات کڕینەوە و دروستکردنی دەرفەت و یاری دیپلۆماسی. لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەدا، کۆماری ئیسلامی چیتر ناتوانێت وەڵامدانەوە بە کۆمەڵگەی جیهانی سەبارەت بە پرسی ناوکی دوابخات، هەڵبێت، یان یاری بە وشەکان بکات. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ناڕازی و دژبەر لە ناوخۆ و زلهێزە باڵادەستەکانی لە دەرەوە لەیەک کاتدا کۆماری ئیسلامی و دیکتاتۆری پیری وەها داماو و کلۆڵ و دەستەوەستان کردوە کە نە توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ گۆپاڵی ئەمریکا و ئیسرائیلی هەیە و نە گێزەری پێشکێشی دەستی ئەمریکا دەتوانێت قەبووڵ بکات!

پارچەپارچەبوون و پەرتەوازەیی دامەزراوەی بڕیاردان لە کۆماری ئیسلامیدا، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و بەساڵاچوویی عەلی خامنەیی و بێتوانایی لە بڕیاردان، جیاوازییە فیکرییە قووڵەکانی نێوان بەشێک لە فەرماندە پلەبەرزی نیزامی بەتایبەت لە تیرۆریستی سپای پاسداران و سیاسەتمەدارانی ڕێژیم لەنێو دەوڵەتدا، ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئامریکا زۆر لاواز دەکات! هەر بۆیەش ڕەنگە دارمان و ڕووخانی ڕێژیمی پاوانخواز و ملهوڕ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە لایەن بزووتنەوەیەکی بێسەری جەماوەرییەوە بە هۆی ململانێی و ناکۆکی و ناتەبایی ڕادەبەدەری سیاسەتەکانی ڕێژیم و سروشتی نامرۆڤانەی، تاکە بژاردەی دوای شکستی سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر" بێت!

جۆزەردانی ٢٧٢٥

کۆتایی ئاڵەشەوە و دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی بێ گومان بە دەست خەڵکی نارازیی و شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانەوە دیاری دەکرێ. ئەمە کۆتایی چیرۆکی هەموو دیکتاتۆرەکانە!

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# شەڕی ١٢ ڕۆژە و دیپلوماسیی زۆرەملێی ئامریکا





ناسر سالحی ئەسڵ

پاش هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپ بە سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، هەلومەرج و دۆخێکی جیاواز لە بواری دیپلوماسی و پێوەندییەکان لە جهان بەگشتی و ڕۆژهەلاتی ناڤین بەتایبەت هاتۆتە ئاراوە. چونکە سیاسەت و گۆڕانکارییەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ لە بواری سیاسەتی بەرگریکارانە و دیپلوماسیی زۆرەملێ و گەڕانەوە بۆ بەهێزبوونی

ئامریکا، ڕوونتر لەوەن کە بکرێ بە ئاسانی پشتگوێ بخرێن.

سیاسەتی نوێ ئیدارەی ترامپ لە کۆشکی سپی، لە ئیستادا بریتییە لە هەوڵی چارەسەری کێشە و ململانە سیاسی _ نیزامییەکان لە جهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ڕێگای هێزەوە. لەو پارادیمەدا بۆ سەقامگیری و یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەتومی و موشەکە بالیستیک و گرووپە پرۆکسییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای هێزی نیزامی سنووردارەوە ڕێکاری دیپلوماسی زۆرەملێ و سیاسەتی بەرگریکارانەی گرتووەتە بەر. هۆکارەکەش ڕوونە: ترامپ، بۆ کاروباری بازرگانی و کەڵکوەرگرتن لە وزەی نەوت و وەبەرهێنانی هاوپەیمانانی لە وڵاتانی کەنداو، ڕۆژهەڵاتی ناڤینی بێ کێشە، سەقامگیر و هێمن؛ هەروەها ئێرانێکی داماڵدراو لە چەکی ئەتومی و مووشکی بالیستیک و درۆنی پێشکەوتووی خۆتەڤێنی دەوێت.

سیاسەتی "بەرگریکارانە" و "دیپلوماسیی زۆرەملێ" و "ئامریکای بەهێز"ی تیمی دۆناڵد ترامپ، لە لایەک بە هەوڵی چارەسەرکردنی قەیران و ململانێیەکان و کێشەکان لە ڕێگای هێزی سنووردار و دیپلوماسی زەرەملێ، دەیهەوێ کێشە و قەیرانەکانی جهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چارەسەر بکات. لە لایەکی دیکەوە لە سیاسەتی بەرگریکارانە و دیپلوماسی ئیجباریی ئیدارەی ترامپدا دەستێوەردانی سەربازیش بڤە نیە و دوایین بژاردەیە بۆ کاتێک کە هەڕەشەیەکی ڕاستەڤینە دژی ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بێت.

## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دیپلۆماسیی زۆرەملێ

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمێکی ئەزموونەکراوی وەک "کۆماری ئیسلامی" لە ئێراندا چونکە پێکهاتەی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵاتدا بە هۆی نەبوونی "ناوەندە دێموکراتیکەکان"، "قانوونی ئەساسیی دێموکراتیک" و "چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی" بۆ بەدواداچوون بۆ ویست و داخوازی و داواکارییەکانی سیاسی و نەتەوەی بۆ نەتەوەکان و ئێتنیک و ئایینزاکان بوونی نیە، و دەسەڵات و هیز و سامان لە بازنەیەکی داخراو لە دەستی تاقمێکی "خودی" نیزامدایە و هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژایەتی و دژبەریی لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی هەیە و ناتوانێت خۆ لەگەڵ ئەو سیستەمە بگونجێنێ. بۆیە لە وەها دۆخێکدا ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا بە سەرکوتی بەرهەڵستکارانی مافویست و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بە خەبات لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر درێژەیان بە بەرخۆدان و خەباتی ڕەوا بە دژی ڕێژیم داوە. هەر لەم سۆنگەیەوە خەباتی چەکدارییبۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ قورغکردن و بە دەستەوەگرتنی ناوەندەکان و جومگەکانی دەسەڵات لە ناوەند نەبووە، بەڵکوو وەک شکڵ و شێوەیەک لە خەبات و ڕێگا چارەیەک، بیرکراوە بۆ مانەوە و هەبوون و مەوجوودییەتی کورد و حیزب و ڕێکخراوەکان و

ڕاگرتنی بەستێنێک کە بکرێ تێیدا درێژە بە خەبات و کار و چالاکیی سیاسی بدرێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی نەودی هەتاوییەوە قووڵایی ستراتیژیی خۆی لە کۆنترۆڵی چوار پێتەختی وڵاتانی عەرەبی وەک لوبنان، سووریە، عێراق و یەمەن، و دروستکردنی شەش سوپا و هیلالی شیعە بۆ پارێزگاری و دوورکردنەوەی شەڕ لە تاران پێناسە دەکرد کە ئەو قووڵایی ستراتیژییە بە لەنێوچوونی گرووپە پرۆکسییەکانی ڕێژیمی ئێران، بە هەڵە و تراویلکە و دوور لە واقیعگەرایی سیاسیی - نیزامی دەرچوو. ئەو سیاسەتە دوور لە واقیع و هەڵەیە بە هەزاران ملیارد دۆلار تێچوویی بۆ ئابووری گەلانی ئێران هەبوو و ئێرانی لە بواری ئابوورییەوە بە ئاقاریک گەیاند کە هیچ ڕۆژێک ئەو ئابوورییە سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ داڕماوتر دەبێت.

دوای ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا، ئیسرائیل لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا گوشارەکانیان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕێگری لە دەسپێڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی، کە زانیارییەکانی کەوتبوو دەستی ئیسرائیل و پڕچەکبوونی ڕێژیمی ئێران بە مووشکی دوورهاوێژ و درۆنی پێشکەوتووی خاڵپێک زیاتر کرد. بەتایبەت ئیسرائیل کە لە ڕێگەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی و هەروەها ناوەندە هەواڵگرییەکانی خۆیەوە دەیزانی ڕێژیم لە کاتی سفری بەرنامە ئەتومییەکانی نیزیک بۆتەوە، توانی ڕەوایی پتر بۆ هێرشکردنە سەر بنکە ئەتومی و بنکە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران وەدەست بێنێ. ئەوە بوو کە کتوپڕ بە سەریان دادان، فەرماندە هەرە باڵاکانیان کوشتن، بنکە ئەتومی و نیزامی و هەواڵگری و ئەمنیەتییەکانیان بۆمباران کرد و بە داگیرکردنی ئاسمانی ئێران بەچۆکیان داهێنان. کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران پاش هێرشی ئاسمانیی وێرانکەری ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل و بۆمبارانی سێ بنکەی ئەتومیی فێردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان بە فرۆکە B2 و مووشەکانی ئامریکا، ئەوەندە تووڕەن کە دەستیان لە هەموو شتێک بەرداوە و جارێ بەوە نووساون کە ڕافائێل گرووسی، بەرپرسی ئاژانسی وزەی ئەتومی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆکاری ئەو دۆخە بووە و ناوبراو سیخوڕی ئیسرائیلە. ئەمانە هەمووی نیشانەی ترس و شڵەژانی خامنەیی و ڕێژیمەکەیەتی لەوەی کە لەم ڕێگە بێگەڕانەوەدا، ئیسرائیل و ئامریکا گورزی کۆتایی خۆیان وەشاندوە. بۆیە لە ئیستادا خامنەیی و ڕێژیمەکەی پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە و کوژرانی دەیان فەرماندەیی نیزامی - ئەمنییەتی و زانای ئەتوومی و مووشکیی بە دەستی ئیسرائیلەوە و بومبارانی بنکە سەرەکییە ئەتومییەکانی لە لایەن پینتاگۆنەوە، تەنیا دوو ڕێگای لە پێشە، یا ملکەچکردن و تەسلیمبوون بە ویست و داخوازییەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ و دەوڵەتی ئیسرائیل؛ یان ڕووخانی ڕێژیمەکەیان. بەڵام ئەوەی گرنگە هەر دووی ئەو ڕێگا و ڕێکارە سیاسییە سەرەنجامەکی بێجگە لە ڕووخانی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نیە.

کەوابوو بەو خوێندنەوەیە لە سیاسەتی بەرگریکارانە و دیپلوماسیی زۆرەملێی ئیدارەی ترامپ و وەزعی شپرزە و داڕووخاوی

ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی،

دەتوانین ئەو ئامانج و ئاكامانە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێشبینی بكەین كە بریتین لە:

١- ئامانج لە دانوستان و دانیشتنی ئامریكا لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بۆ دەسپێڕانەگەیشتنی یەكجاریی ڕێژیمی ئێران بە چەكی ئەتومی و كۆتاییهێنان بە پیتاندنی ئورانیوم لە خاكی ئێراندا و كەمكردنەوەی ماوەبڕینی مووشكە دوورهاوێژەكان و درۆنەكان دەبێ.

٢- وڵاتانی عەرەبیی سوننە، بەتایبەت عەرەبستانی سەعوودی و ئەكتەرە ناوچەییەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ناسەقامگیری ناوچەكە و دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران و گروپە پرۆكسییەكانی ڕێژیمی ئێرانماندوو بوون. بۆیە بە ئاشكرا و بە شاراوەیی پشتیوانی لە سیاسەتی بەرگریكارانە و دیپلوماسی زۆرەملێی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ دەكەن.

٣- وڵاتی ئیسرائیل وەک جەمسەرێكی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بە ئاشكرا لەو سیاسەتە ڕازییە و پشتیوانیی لێ دەكا و بە ڕێگاخۆشكەر بۆ پرۆسەی ئاشتبوونەوە و درێژەدان بە پرۆسە پەیماننامەی ئیبراهیمی دەزانێت. هەروەها دەوڵەتی ئیسرائیل سیاسەتی بەرگریكاران و دیپلوماسی زۆرەملێ لە هەمبەر ڕێژیمی ئێران و گرووپە تێرۆریستەكانی بە قازانجی سەقامگیری و مانەوەی خۆی دەزانێت.

٤- وڵاتی توركیە كە پاش كەوتنی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە، خۆی وەک جەمسەرێک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبینێ، بە پارێزەوە لەو گۆڕانكاریی و پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی نوێ دەڕوانێ و لێی ناڕازییە. چونكە نیگەرانی ئەگەری چارەسەربوونی پرسی كورد لە وڵاتانی توركیە، سووریە و ئێرانە و ئەوە بە مەترسییەک بۆ سەر خۆی دەزانێ.

٥- كورد لە ڕۆژهەڵات، باكوور و ڕۆژاوای كوردستان لەو گۆڕانكارییانە و پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا قازانج دەكەن و لە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەكانیان نیزیكتر دەبنەوە. هەروەها حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە باشووری كوردستان، سەقامگیرتر دەبێت.

## ڕۆژهەڵاتی كوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێ


هەموو ئەو بابەتانەی تا ئێستا بۆ ڕێژیمی ئێران ڕووی داوە، بۆ یەک مەبەست بووە كە ئەویش لاوازكردنی یەكجاریی


جۆزەردانی ٢٧٢٥

ڕێژیمی ئێران. بۆیە لەم کاتەدا کە ڕێژیمی ئێران پاشەکشەیەکی بنەڕەتیی پێ کراوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە لە لایەن ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاواوە زیاتر گوشاری هەمەلایەنەی بۆ پاشەکشەی زیاتر لەسە دروست بکرێت. لە وەها بارودۆخێکدا کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێ وەک ئەکتەرێکی یەکلاکەرەوە دەوری خۆی هەبێ، چونکی پرسی کورد کەوتووەتە چەقی هاوسەنگییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئەم دەرفەتە بۆ کورد لە هەموو بەشەکان ڕەخساوە و هەر پارچەیەک لە کوردستان بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەبێ ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکا و بەپێی ستراتیژییەکی دیاریکراو بەرەوپیلی گۆڕانکارییەکان بڕوا و لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە و دەوری خۆی تێدا ببینێت.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# هەگبەی شاخ و شۆڕش



**برایم چووکەڵی**

**(شەهید چرچەی بارام‌میرزا)**

ڕۆژی ١٢ پووشپەری ١٣٦٣ی هەتاویی هەموو ساڵێک، ساڵیادی حەماسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی

ئێران لە دەشتی شارویران لە ناوچەی مەهاباد و شەهیدبوونی حەمەدەمین بارامیرزا (چرچە) فەرماندەری بەوەجی هێزی بەیان و ٢٤ پێشمەرگەی هاوسەنگەریەتی.

بەرەبەری بەیانی بوو. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و هێزی پیشەوا و ژمارەیەک لە لاوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان بۆ زەربەلێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە شوێنە دیاریکراوەکانیان جێگیر بوون. کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆ ڕێژیم کە هەست بە بوونی پێشمەرگەکان کردبوو، بە هێزێکی زۆر و پۆشتە و پەرداخەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشی خۆی دەست پێ کرد. ڕۆژی حەماسە خولقاندنی پێشمەرگەکان بوو. هەر وەک چاوەڕوان دەکرا پارێزەرانی نیشتمان و ڕۆڵەکانی کوردستان توانیان لە شارویرانیش وەک باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێزی دژە کورد و دژە ئازادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێک بشکێنن. لەو حەماسە گەورەیەدا کە بە شکانی چەندین هێرشی بەدوای یەکی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم و کوژرانی نزیکەی ٧٠ کەس لە هێزە پەلاماردەرەکان کۆتایی هات، مخابن ٢٥ پێشمەرگەش کە لە نێویاندا فەرماندەری بەوەج و قارەمان چرچەی بارام میرزاش بەدی دەکرا، بوونە هەوێنی تۆمارکردنی ئەم حەماسە پڕ شکۆیە.

محەممەدئەمین بارامیرزا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە شاری مەهاباد چاوی بە دونیای ڕوون هەڵێنا. هەر لە منداڵییەوە زیت و وریا بوو و پۆلەکانی خوێندنی زۆر سەرکەوتووانە بڕی و بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت. پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر گەلی کورد، چرچە یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە دەستی دایە چەکی شەڕە ف و هاتە مەیدانی خەبات. بە دەستپێکردنی شەڕی سێمانگە زۆر زوو خۆی نیشان دا و بەهۆی نەترسی و لێوەشاوەیی ناوی دەرکرد، بەجۆرێک کە ڕێژیم زراوی لە ناوی تۆقیبوو. چرچە تەنانەت بە ڕۆژی ڕووناک توانیبووی نوێنەری دەوڵەتی بازرگان لە شاری مەهاباد بێنێتە دەرێ.

چرچە لە زۆربەی کاتەکانی بۆ کاری حیزبی یان مەئموریيەتی کوشتنی جینایەتکاران لە شاری مەهاباد کەلکی وەردەگرت. لە کوشتنی سەرۆکی شارەوانی و چەککردنی ئەم کانگای فەسادە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو. پاش ئەوەی کاک هەژاری نەمر (ئەحمەد جاویدفەڕ) فەرماندەری هێزی پێشەوای بەئەستۆوە گرت، چرچە بوو بە هاوسەنگەرێکی بەوەفای ئەو و هەتا کاتی شەهیدبوونی لە دەرسە بەنرخەکانی ئەزموونی وەردەگرت. بەمجۆرە دەیان عەمەلیات لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، شامات و شارویران بە فەرماندەری چرچە بەڕێوە چوو. ئەو بەهۆی ئازایەتی و لێزانی و لێوەشاوەی و دەستوبرد و تونودتۆڵی و شارەزابوونی لە تاکتیک و گەلاڵەی شەڕ بە فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی پێشەوا دیاری کرا و ئەویش بەکردەوە نیشانی دا کە شیاوی ئەم مەسئوولییەتەیە.

پاش شەهیدبوونی کاک هەژار، چرچە وەک فەرماندەری لکی دووی هێزی پێشەوا لە ناوچەی شامات و چۆمی مەجیدخان دیاری کرا. بە بەڕێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی گەورە لەم ناوچەیەدا کە لەواندا سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لەم ناوچە کوژران و بەتایبەت بە ئەنجامدانی چەند عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە لەنێو شاریمیاندواودا لەرزەی لە دڵی دوژمن خستبوو. چرچە بۆ دوژمن چقڵی چاو بوو، بەڵام بۆ زەحمەتکێشانی ناوچەی شامات و چۆمی مەجیدخان نموونەی خۆڕاگری بوو. لەو ماوەیە کە کاری لەم دوو ناوچەیەدا کرد، خۆشەویستیی گەورە و بچووکی ناوچەکە بوو.


چرچە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢دا بە جێگری فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کرا و لەم هێزەشدا نەزم و دیسیپلینی خۆی لە فەرماندەییدا بەکردەوە نیشان دا. لە عەمەلیاتی نێو شاری بۆکان لە ساڵی ١٣٦٢ یەکێک لە فەرماندەکان چرچە بوو، کە لە مێژووی گەلەکەماندا کەم وێنە بوو. ئەم عەمەلیاتە بە ڕادەیەک گرینگ بوو کە دوژمنیش نەیتوانی لە ئاستیدا بێدەنگ بێ. چرچە پاش ئەو عەمەلیاتە بە فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کرا و تا کاتی شەهیدبوونی لەو بەرپرسایەتییەدا مایەوە.
چرچە بێجگە لەوەی پێشمەرگەیەکی قارەمان و نەترس بوو، زۆر بەنەزم و ڕوحسووکیش بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەموو ژیانی پڕ شانازی و نموونەی ئیلهام بۆ پێشمەرگەکان بوو. ئەو زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی و ئەگەر هەڵەکاری و چەوتی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێ دەکا و لە ئاکامدا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا.

ئەو دژی هەلپەرستی بوو، هیچ کات قسەی ناهەق و ناڕەوای لە کەس قبووڵ نەدەکرد. شێلگیرانە دژی هەلپەرستان و قازانج ویستەکان خەباتی دەکرد و دژی ئەو کەسانە بوو کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ڕاستییەکانیان دەشاردەوە.

**مخابن ڕۆژی ١٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٣ و لە حەماسەی شەڕی دەشتی شارویراندا چرچەی فەرماندە و ٢٤ هاوسەنگەری چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە. ئەو ٢٤ پێشمەرگەیەش بریتی بوون لە: تاهیر خزری، حوسێن قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپوور، شێخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیر ڕەزایی، عەولا شەریفی، خالید سەرایی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدساڵح فەرەجی، سولێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی و هەروەها پێنج شۆڕە لاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازدە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایە و موحسین گادانی.**

**١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# د. مەحموود عوسمان: تەنیا بە یەکگری و پاڵویکدان دەتوانین نەمانی د. قاسملوو قەرەبوو بکەینەوە




## ئاماژە

تەلەڤزیۆنی "تیشک" لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا دیمانەیەکی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان کردبوو. د. مەحموود عوسمان لەو دیمانەیەدا لە چەند ڕەهەند و گۆشەنیگای جیاوازەوە باسی لە ڕۆڵ و پێگەی د. قاسملوو کرد. "کوردستان" لە بەرەبەری ٣٦ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی پوختەیەک لەو دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە:

**تیشک**: دوکتور مەحموود ئێوە لە کەیەوە دوکتور قاسملووتان ناسیوە و چۆن باسی ئەو ناسینە دەکەن؟

**د. مەحموود عوسمان**: ئەمن دەمێک بوو دوکتور قاسملووم دەناسی. لە دەیەی پەنجای زایینییەوە دەمناسی. لەو کاتەوە تا کاتی شەهیدبوونی بەردەوام بینیومە. چ لە شاخ و لەلای پێشمەرگەکان و چ لە دەرەوە لە پاریس، لە پراگ و زۆر شوێنی

تر. لە باشووری کوردستان و بەغداش هەر بینیومە. بێگومان د. قاسملوو کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی کورد بوو و لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەرەوەش ناسراو بوو. پیاوێکی زانا و پێگەیشتوو بوو و زۆر بەباشی دەیتوانی خۆی بگونجێنێ، چ وەک پێشمەرگە و چ وەک مامۆستای زانکۆ، چ وەکوو تێکۆشەرێک کە چالاکیی نهێنی دەکرد، یان بەئاشکرا. لەبەر ئەوە بەڕای من کەسایەتییەکی زۆر دیار بوو. ئەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو و لە هەمان کاتدا، دیسان کەسایەتییەکی هەبوو کە بڕوای وابوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باقی نەتەوەکان خەبات بکەن بۆ دێموکراسی لە ئێران. بڕواشی بەوە هەبوو کە پێویستە نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا پیوەندیی هەبێ. ئەو لەسەر ئاستی دەرەوەشدا ناسراو بوو، چوونکە لە زۆر وڵات ژیابوو و چەندین زمانی دەزانی. لەبەر ئەوە دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی گەورە بوو. بەوپێیە لەدەستدانیشی خەسارەتێکی گەورە بوو، چونکی بۆشاییەکی گەورەی لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کورد لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات و کوردستان بەگشتی دروست کرد. بەداخەوە بە شێوەیەکی واش لەدەستمان چوو کە زۆر جێی باوەڕ نەبوو.



بەردەوامی بەڕێزیان لە خەبات، زانایی و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە، خوێندەواری و خۆ گونجاندنی لە هەر ڕوویەکەوە و لە هەموو قۆناغەکانی وەکوو پێشمەرگە و لە چالاکیی نهێنی و ئاشکرا، و هەروەها ئەو پێوەندییە بەرفراوانەی لەسەر ئاستی جیهانیدا هەیبوو. ئەو لە دەرەوە پێوەندی هەبوو، لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان پێوەندی هەبوو. لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان پێوەندیی باشی هەبوو و ئەم هەموو پێوەندی و ئیش و توانا و زانیارییە، وای لە دوکتور قاسملوو کردبوو ببێتە کەسایەتییەکی ناسراو و گرنگ لەسەر ئاستی کوردستان، ناوچەکە و دەرەوەش.

**تیشک**: پێتان وایە خەباتی د. قاسملوو هەر بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، یان بەشەکانی دیکەی کوردستانیش؟

**د. مەحموود عوسمان**: نا. دوکتور قاسملوو بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی دەکرد، بەڵام تەرکیزی زۆرتر لەسەر ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام بەهۆی پێوەندییەکی کە لەگەڵ حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیبوو، یارمەتیی هەموو پارچەکانی کوردستانی دەدا. زۆرجار کە لە باشوور بووە یارمەتی ئەوێی داوە، هەموو لایەکیش ڕێزیان لێی دەگرت و ڕێز و ئێحترامێکی تایبەتیی لە نێوان هەموو لایەنەکان هەبوو. ئەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو، و نەک تەنیا بۆ ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ هەموو پارچەکان خەباتی دەکرد. ئەوەش بڵێم کە مرۆڤێکی واقعبین بوو، باسی ئەوەی دەکرد کە نابێ دروشمێک هەڵگرین کە نەتوانین جێبەجێی بکەین و دەبێ دۆخەکە بخوێنینەوە. هەروەها دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات پێوەندییان هەبوو لەگەڵ عێراق، ئەوکاتەی کە ئەوان لە شاخ دژی ڕێژیمی ئێران شەڕیان دەکرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئیزنیان نەداوە ئەو پێوەندییە کاریگەریی خراپی لەسەر کوردی باشوور هەبێ. جاری وا هەبوو کوردی باشوور پێوەندی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران، یان لەگەڵ تورکیە و دوایی زەرەری داوە لە کوردی ئێران و تورکیە. دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات ئەوەیان نەکردووە و بە قەناعەتی من کارێکی گەورەیان کردووە لەم بوارەدا. بۆیە ئەوکاتەی کە پێوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، قەت لێیان ڕازی نەبوو، هەرگیز ویست و خواستی دەسەڵاتی بەعسیان قبووڵ نەکرد و نەچوونە ژێر باری و دژی کوردی باشوور هیچ کارێکیان نەکرد.

**تیشک**: دوکتور بنەماکانی ئەو سەربەخۆییەی سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ چی دەگەڕێتەوە، و چەندە دوکتور قاسملوو کاریگەریی لەسەر ئەم سیاسەتە هەبوو؟

**د. مەحموود عوسمان**: حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بۆیە نەچوونە ژێر ڕکێفی بەعس لەبەر ئەوەی دەیانزانی هیچ قازانجێکی تێدا نابێ. لەو قۆناغەی کە پێوەندییان لەگەڵ بەعس هەبوو، خۆیان زەرەرمەند بوون و دەیانتوانی زۆر زیاتر لە دەوڵەتی عێراق سوود وەرگرن، بەو مەرجەی ئەوانیش هەندێ شت بکەن کە حکومەتی عێراق ڕازی بکات، بەڵام نەیانکردووە. زەرەری خۆیان قبووڵ کردووە، بەڵام نەیانویستووە زەرەر لە پارچەیەکی تری کوردستان یان نەتەوەی کورد بدەن.

**تیشک**: هەمووان دەزانن کە د. قاسملوو مێعماری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد بوو. بەشێک لەو لینکانە ئێستاش وەفایان بۆ پرسی کورد ماوە، هۆکاری ئەوە لە چیدا دەبینن؟

**د. مەحموود عوسمان**: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، توانای دوکتور قاسملوو و پێوەندی بەربڵاوی ئەو لەگەڵ لایەنەکان.

بێگومان ئەوەی هاوڕێی د. قاسملوو بووبێ، یان بۆ ماوەیەکیش ئەوی ناسیبێت، ئێستاش باسی دەکات و ئێستاس ڕێزی تایبەتی هەیە بۆی. لە نێوخۆی کوردستان، لە باشوور، لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستانیش پێوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ هەموو لایەنەکان. ئەو بەردەوام بە دوای ئاشتیدا بووە و بەردەوام هەوڵی داوە کێشەی نێوان لایەنە کوردەکان بە ئاشتی چارەسەر ببێت. لایەنە کوردستانییەکان هەوڵی ئاشتەوایی بدەن و ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شەڕ بوو، خەتابار هەر دەسەڵاتی تاران بوو. ئەو بوو کە پەلاماری کوردی دا، ئەگینا دوکتور قاسملوو قەت تەئییدی ئەوەی نەکردووە کە بڕۆن و شەڕ بکەن. بەڵام کاتێک حکوومەتی ئێران داواکانی کوردی قبووڵ نەکرد و پەلاماری کوردیان دا، کوردەکانیش ناچار بوون چەک هەڵگرن و دژیان بووەستنەوە. کاتێکش کە تووشی شەڕ ببوون، ئەوکات کۆمەڵە هەبوو، چریکی فیدایی هەبوو، شێخ عێزەدین هەبوو، حیزبی دێموکراتیش بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو هەبوو کە ئەم چوارە بەیەکەوە کاریان دەکرد، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردیان دروست کرد و لەنێوان ئەو چوار لایەنەدا دوکتور قاسملوو زیاتر لە هەمووان هەوڵی ئاشتیی دەدا. لەگەڵ تارانیش هەروەها، هەموو هەوڵەکە ئەوە بوو کە ئاشتییەک هەبێ بەڵام تاران مەیلی نەبوو و نەیکرد. کوردیش هەموویان خوازیاری ئەوە نەبوون، بەڵام حیزبی دێموکرات زیاتر لە لایەنەکانی دیکە هەوڵی ئاشتییان دەدا. دەیانزانی کە ئاشتییەکە باشترە بۆ نەتەوە و قازانجی دەبێ ئەگەر مافی کورد لەو وڵاتەدا بچەسپێ، بەڵام ڕاستییەکە ئەمەیە کە نە ئێرانییەکان، نە عێراق، نە تورکیە و نە سوورییەکان نەیاندەویست لەگەڵ کورددا پێک بێن. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەردەوام نایانهەوێ کێشەی کورد چارەسەر ببێ و شەڕەکان ئەوان بەسەر کوردیاندا سەپاندوون.

**تیشک**: بە بڕوای ئێوە چی وا لە دوکتور قاسملوو دەکات کە لە کەسایەتییەکی چەپی کوردە ببێتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی کوردی چەپ؟

**د. مەحموود عوسمان**: هەموومان دەزانین دوکتور قاسملوو ماوەیەک چەپ و ئەندامی حیزبی تودە بوو. بەڵام دوایی دەرکەوت کە حیزبی تودە هیچی بۆ کورد نەکردووە و ئەوانەی چەپی ئێرانی بۆ کورد باش نەبوون. دوکتور قاسملوو پاش سەرنجدان بە دۆخی کورد پاڵپشتی نەکردن و گرنگینەدانی چەپەکان بە پرسی کورد بەو ئاکامەی دەگەیەنێت کە بگەڕێتەوە بۆ گوتاری نەتەوەیی. بەڵام هەبوون کەسایەتی دیکەی کورد وەکوو غەنی بلووریان کە پاش ٢٥ بۆ ٢٦ساڵ بەندکران، هەر لایەنگری حیزبی تودە مانەوە هەتاکوو گیانی بەخت کرد. لە هەمان کاتدا دوکتور قاسملوو هەوڵی دۆستایەتیی نێوان نەتەوەکان و لایەنە جیابیرەکانیشی دەدا و کەسێکی بیرتەسک نەبوو.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**تیشک: باشە بۆ چی کۆماری ئیسلامی ئاوها کەسایەتییەکی ئاشتیخوازی شەهید کرد؟**

**د. مەحموود عوسمان**: لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی ئێران بڕوای بە پرسی نەتەوەیی نییە و پێیان وایە کە هەموو خەڵکی ئێران سەر بە ئوممەتی ئیسلامیین، بەڵام هەموومان دەزانین کە لەوەشدا ڕاست ناکەن و فێڵ لە نەتەوەکانی دیکە دەکەن. شای ئێرانیش هەر بەم جۆرە خەڵکی فریو دەدا و دەیگوت هەموومان ئێرانین. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوای وتووێژدا نەبوو، بەڵکوو دەیەویست دوکتور قاسملوو شەهید بکات و ئەوە بوو کە چەند کەسێکیان بە ناوی دیپلۆمات ناردە ڤییەن و لەوێ بەداخەوە دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسوڵیان تیرۆر کرد.

**تیشک: کۆماری ئیسلامی ئێران بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو گەیشتە ئامانجی خۆی؟**

**د. مەحموود عوسمان**: بێگومان نا، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئەوان دوکتور قاسملوویان لێ ئەستاندین، بەڵام ڕێبازەکەی گشتگیرتر و بەرفراوانتر بووە و ڕق و قین نەتەوەی کورد نیسبەت بە داگیرکەر زیاتر بووە. لە ڕاستیدا ئەوانیش زەرەر دەکەن و نازانم کەی بەخۆیاندا دەچنەوە و ڕەفتاریان دەگۆڕن. بەڵام ئەم کردەوانە هەر دوو لا زەرەرمەند دەکات و ڕق و قینی نەتەوەی کورد زیاتر دەکات بەرانبەریان. بەداخەوە ئامریکا کە دوژمنی ئێرانە ئێستاش کاتێک کە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە دەدەنە بەر مووشەک بێدەنگ دەبن و پشتیوانیمان لێ ناکەن. ئێمە دەبێ دەرس لە تیرۆری د. قاسملوو وەرگرین. جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە کورد بۆ خۆی یەکگرتوو بێ و ئەگەر ڕۆژێک حکوومەتی ناوەندی داوای وتووێژی هەبوو، دەبێ بەئاشکرا بێ نەک نهێنی، چوونکە نەتیجەی نهێنییەکەمان بینی و زەرەرمان کرد. پێویستە لایەنێکی سێیەم هەبێ وەکوو وڵاتان یان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**تیشک: پێتان وایە خەساری لەدەستدانی دوکتور قاسملوو چەندەیە؟**

**د. مەحموود عوسمان**: بێگومان خەسارێکی گرانە، لەبەر ئەوەی هەر کەسایەتییەک کاریگەریی خۆی هەیە و بە تایبەتی دوکتور قاسملوو کاریزمای خۆی هەبوو و زەحمەتە کەس بتوانێ جێگەی بگرێتەوە، بەڵام پێویستە بۆ قەرەبووی لەدەستچوونی ئەم کەسایەتییە مەزنانە دەست بە دەستی یەکەوە بدەین و بتوانین جێگایان پڕ بکەینەوە.

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# شرۆڤەی دەروونناسیی کەسایەتیی د. قاسملوو



**(بە جەختکردنەوە لەسەر تیۆرییەکانی کەسایەتی و ڕێبەرایەتی)**



**بێهزاد قادری**

**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەسایەتییەکی دیاری سیاسی، فیکری و ڕۆشنبیریی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بوو کە هزر**

و بیری بوو بە مەکتەبێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستاکەش بە سەدان هەزار کەس لەو مەکتەبەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر خەبات و تێکۆشان دەکەن. ناوبراو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی ئاشتییانە و دیپلۆماسی بۆ گەیشتن بە مافەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی و تیرۆرکردنی لە "ڤییەن" لە ساڵی ١٩٨٩دا، کۆتاییی بە هزر و بیری ئەو و تێکۆشانی قوتابییانی نەهێنا.

کەسایەتیی د. قاسملوو، تەنها لە مەیدانی سیاسەتدا گرنگ نیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی دەروونناسیشەوە دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت؛ چونکە ناوبراو مۆدێلێکی سەرکردایەتیی تێکەڵاو لە "کاریزما، عەقڵانییەت، ئەخلاقتەوەری و دیالۆگ"ی پێشکەش کرد. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین، بەکورتی و بە بەکارهێنانی تیۆرییە دەروونناسییەکانی کەسایەتی و ڕێبەرایەتی (وەک تیۆریی پێنج فاکتەریی کەسایەتی، تیۆریی ڕێبەرایەتیی گۆڕانخواز و تیۆریی ئاوەزی سۆزداری)، باس لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی و شێوازی ڕێبەرایەتیی د. قاسملوو بکەین.

## ژیان و چالاکییەکانی د. قاسملوو

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە یەکێک لە گوندەکانی شاری ورمێ لەدایک بوو. قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری ورمێ و پاشان لە تاران کۆتایی پێ هێنا. ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە زانستگەی "پراگ" بڕوانامەی دوکتۆرای بواری زانستی ئابووریی وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەو زانستگەیەدا وانەکانی "ئابووریی سەرمایە و ئابووریی سوسیالیستی و بیردۆزیی گەشەی ئابووری"ی دەگوتەوە.

د. قاسملوو شارەزاییی تەواوی لەسەر زمانەکانی "کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئینگلیزی، چێکی و ڕووسی" هەبووە و هەتا ڕادەیەک ئاشناییی لەگەڵ زمانەکانی "ئاڵمانی و سلاو" هەبووە. ئەو بۆ هەژدە ساڵ وەکوو ڕێبەرێکی لێهاتوو و کارامە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕێبەری کرد و پێی لەسەر "وتووێژ، دێموکراسی و ڕێگەچارەی ئاشتییانە" لەهەمبەر دەوڵەتی ئێرانی، دادەگرت و لە کاتێکدا کە لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانی بوو، تیرۆر کرا.

## چوارچێوەی تیۆریکی وتار

– تیۆریی پێنج فاکتەریی کەسایەتی(Big Five) ؛ ئەم تیۆرییە، کەسایەتی دابەش دەکاتە سەر پێنج ڕەهەندی سەرەکیی

"دەرەوەخوازی، ڕەزامەندی‌نیشاندان، ئەرکناسی، سەقامگیریی سۆزداری و کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون."

– **تیۆریی سەرکردایەتی گۆڕانخواز؛** ئەم تیۆرییە لەسەر چوار تایبەتمەندیی ڕێبەرانی گۆڕانخواز جەخت دەکاتەوە کە بریتین لە "کاریزما و کاریگەریی ئایدیالیستی، پاڵنەری ئیلهامبەخش، هاندانی فیکری و ڕەچاوکردنی کەسی."

– **ئاوەزی سۆزداری (هوش هیجانی)؛** ئاوەزی سۆزداری ڕۆڵێکی گرنگی لە بڕیاردان، بەڕێوەبردنی گوشارەکان و پەیوەندیی مرۆیی، هەیە. پێکهاتەکانی بریتین لە "خۆئاگایی، خۆکۆنترۆڵکردن، پاڵنەر، هاوسۆزی و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی."

### تایبەتمەندیی کەسایەتیی د. قاسملوو لەسەر بنەمای مۆدێلی پێنج فاکتەری

– **دەرەوەخوازی:** د. قاسملوو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، وزەبەخش و ڕاشکاوانەی هەبوو. بەشداریکردنی بەردەوامی لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ میدیا و ڕۆژنامە و ڕادیۆکان، بەڵگەی ئەم تایبەتمەندییەیە.

– **ڕەزامەندی‌نیشاندان:** د. قاسملوو بڕوای قووڵی بە دیالۆگ و ڕێککەوتن هەبوو. تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیشدا، بەردەوام لەسەر چارەسەری دیپلۆماتیک جەختی دەکردەوە.

– **ئەرکناسی:** پلاندانانی ورد، دیسیپلینی سیاسی و بەدواداچوونی ئامانجداری د. قاسملوو بۆ داواکارییەکانی گەلی کورد، بەڵگەی ئەم ڕەهەندەی کەسایەتیی ناوبراون.

– **سەقامگیریی سۆزداری:** توانای د. قاسملوو لە کۆنترۆڵکردنی هەستەکان، تەنانەت لە بارودۆخە مەترسیدارەکاندا (وەک دانوستانی نهێنی و هەڕەشەی کوشتن)، جێگەی سەرنجە.

– **کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون:** د. قاسملوو، بەهۆی ئەوەی لە وڵاتە جیاوازەکاندا ژیابوو و خوێندنی ئەکادیمیی هەبووە، خاوەنی هزرێکی کراوە و شیکەرەوە بوو. بیرۆکەکانی تێکەڵەیەک لە بیرکردنەوەی ڕەسەن (بە سەرنجدان بە کۆمەڵگەی کوردستان) و مۆدێرن (بە سەرنجدان بە کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی) بوون.

### شێوازی ڕێبەرایەتیی قاسملوو وەک ڕێبەرێکی گۆڕانخواز

– **کاریزما:** وتاردانی کاریگەر، توانای هاندان و وزەبەخشین بە خەباتکاران و وێنەی ئەرێنیی گشتی لە قاسملوو، کاریزمای بەرزی ئەو دەردەخەن. هەروەها زیندووکردنەوە و هەستانەوەی حیزبی دێموکرات، بەڵگەن بۆ کەسایەتیی کاریزمای د. قاسملوو.

– **پاڵنەری ئیلهامبەخش:** د. قاسملوو خاوەنی ئایدیالیزمی واقیعی بوو و کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ داهاتوویەکی باشتر، ئومێدوار دەکرد. وتار و نووسینەکانی د. قاسملوو لەسەر "سوسیالیزمی دێموکراتیک"، واقعییەتی ئەم ئەم بابەتە دەسەلمێنن.

– **هاندانی فیکری:** بیرمەند و وتووێژکار بوو. شیکارییە ئابووری- سیاسییەکانی هێشتاش متمانەپێکراون و دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

– **ڕەچاوکردنی کەسی:** هاوکار و هاوخەبات و نزیکەکانی، د. قاسملوو بە کەسێکی دڵسۆز و هاوسۆز وەسف دەکەن.

### ئاوەزی سۆزداریی د. قاسملوو

– **خۆئاگایی:** د. قاسملوو، تێگەیشتنێکی وردی لە تواناکان، سنووردارێتییەکان و ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو.

– **هاوسۆزی:** لە دیالۆگەکانی لەگەڵ نەیارانیشدا، ڕوانگەیەکی مرۆییی هەبووە، نەک تەنها دیدێکی ئایدیۆلۆژی.

– **خۆکۆنترۆڵکردن:** سەرەڕای هەڕەشە بەردەوامەکان، هاوسەنگیی ڕەفتاری خۆی دەپاراست.

– **لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:** توانایی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی سیاسی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی (بەتایبەت دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ فەڕانسە)، لێهاتوویی بەرزی کۆمەڵایەتیی د. قاسملوو نیشان دەدات.

## ئەنجام


قاسملوو لە ڕیزبەندی سەرکردەکانی وەک "نێڵسۆن ماندێلا" و "تۆماس ماساریک"دایە (چیکۆسلۆڤاکی) کە بە تێکەڵکردنی "ئەندێشە، میانڕەوی و پراگماتیزم"، چارەسەری ئاشتییانەیان بۆ ململانێ نەتەوەیی و سیاسییەکان پێشنیار کرد.

کەسایەتیی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، دەکرێت بە نموونەیەکی ناوازەی ڕێبەرایەتیی گۆڕانخواز هەژمار بکرێت. ناوبراو بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییە دەروونناسییە ئەرێنییەکانی وەک "سەقامگیریی سۆزداری، ئاوەزی سۆزداریی بەرز و کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون"، توانی مۆدێلێکی مرۆیی و ئەخلاقی لە دڵی بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بخاتەڕوو.

شیکاریی دەروونناسی بۆ کەسایەتیی د. قاسملوو، نەک هەر بۆ باشتر تێگەیشتن لە مێژووی کوردستان یارمەتیدەرە، بەڵکوو بۆ دەروونناسیی ڕێبەرایەتی لە جیهانی هاوچەرخیشدا، جێی لێفێربوونە.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# قاسملوو: دەنگی بێگەردی حیکمەت لەنێو جەنجاڵی چەکدا





**ڕەحیم نزهەتزادە**

لە دونیای هاوچەرخدا، کە جەنجاڵی توندوتیژی، توندڕەوی و وەدەرنانی "ئەویتر" بەسەر زۆرێک لە گوتاری سیاسیدا زاڵە، کەسایەتییەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، نەک هەر دەگمەنن، بەڵکوو بەڕاستی لە لوتکەی بوێری و ڕێچکەشکێنیدا دەردەکەون. ئەو کەسایەتییەک بوو، کە لەنێو دەنگی گولله و دروشمی توندوتیژدا، ئاوازی دیالۆگ،

عەقڵانییەت و ئاشتیی ژەنی. کەسایەتییەک کە نەک بە زمانی هێز، بەڵکوو بە زمانی مرۆڤایەتی، بە زمانی بیرکردنەوە و بە لۆژیکی کەرامەتی مرۆڤ قسەی کرد.

قاسملوو لە سەردەمێکدا دەژیا، کە زۆرجار سیاسەت لە ململانێیەکاندا کورت دەکرایەوە، بەڵام ئەو مۆدێلێکی جیاوازی پێشکەش کرد. بە کەلکوەرگرتن لە فێرکارییەکانی ئەکادیمی لە بواری ئابووری، فەلسەفە، زانستە سیاسییەکان و هەروەها فەرمانڕەوایی بەسەر چەند زمانێک، هەوڵی وەرگێڕانی داواکارییەکانی گەلی کورد بە زمانێک دەدا، کە جیهان لێی تێ بگات. ئەو لەبری ئەوەی پەنا بباتە بەر دووبەرەکیی گەل و نەتەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خۆماڵی و ناخۆماڵی، هەوڵی دا پردێک لە نێوان دابەشبوونە نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژی و مێژووییەکاندا هەڵبەستێ.

لە ڕوانگەی قاسملووە، کوردستان نەک نەدەبوو خاکێکی خوێناوی بۆ یەکلاکردنەوەی حێساباتە مێژووییەکان بوایە، بەڵکوو دەبوو باخچەیەک با، کە دەتوانرا خاکەکەی بە دیالۆگ ئاو بدرێت. ئەو پێی وابوو لە جیهانی مۆدێرندا، پەیڕەوی سیاسەتی بەرپرسیارانە، پێویستی بە دوورکەوتنەوە هەیە لە ئەفسانەی توندوتیژی. بۆیە لەبری "شەهید ئافراندن" لە تێکۆشەران، لە "دەرفەتە زێڕینەکان بۆ ئاشتی" دووا. ئاشتییەک نەک لەسەر بنەمای تەسلیمبوون، بەڵکوو لەسەر بنەمای کەرامەت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکان و هاووڵاتیان.

ڕەنگە لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی جیهانبینیی قاسملوو، ڕوانینی ئەو بوویێت بۆ "کوردبوون". ئەو ناسنامەی کوردی، نەک تایبەت، داخراو و ڕوو بە ڕابردوو، بەڵکوو بە کراوە، ئینسانی و ئامادە لەسەر بنەمای دیالۆگ دەیبینینی. بۆ ئەو، کوردبوون بە مانای ژیان، گرێدراو بە بەها گەردوونییەکانی وەک ئازادی، یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسین بوو. شوناسێک کە بە دژایەتیکردنی ئەوانی تر پێناسە نەدەکرا، بەڵکوو بە لە ئامێزگرتنی فرەچەشنی و جەختکردنەوە لەسەر بەشداریی سیاسی، هەموو نەتەوەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆ کۆ دەکردەوە.

قاسملوو بە ڕوونی دەیزانی کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، خەبات بۆ مافەکانی کورد، بە تکۆڵی لە ئامادەبوون ڕوو نادات. لەم ڕووانگەیە ڕا بە بەردەوامی جەختی لە سەر، پەیوەندی نێوان خەباتی کورد، داخوازیی نەتەوەکانی تر، چینی هەژار، ژنان و ڕووناکبیران دەکردەوە. ئەو دەیگوت: کورد نابێت بەتەنها بۆ "خۆی" داوای دادپەروەری بخوازێت؛ بەڵکو دەبێت وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی فراوانتر بۆ دیموکراسی، سێکۆلاریزم و مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری وڵاتدا کارا، جێگە و پێگە بگرن و تێبکۆشن.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بەڵام زلهێزە سەرکوتکەرەکان بەرگەی دەنگێکی لەو جۆرەیان نەبوو. لە مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ لە دڵی ئورووپا، لە ڤیەننا، کە بڕیار بوو زایەڵەی دیالۆگ دەنگ بداتەوە، قاسملوو و هاوڕێیانی بە فیشەک بێدەنگ کران. تێرۆرکردنی تەنیا نەهێشتنی سەرکردەیەکی سیاسی نەبوو؛ ئەوە هەوڵی سڕینەوەی هزرێک بوو، کە شەرعییەتی دەسەڵاتی دەخستە ژێر پرسیارەوە و ڕێگەیەکی دیکەی نیشان دەدا. تاوانێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە ترسدا هەبوو، لە کاریگەریی بیرۆکەکان، بڵاوبوونەوەی هیوا و کردنەوەی پەنجەرەیەک بەرەو داهاتوویەکی جیاواز.


ئەمڕۆ کە جیهان جارێکی دیکە لە گەردەلولی توندوتیژی، ستەمکاری، ناسیۆنالیزمی بیرتەسک و شەڕدا گرفتار بووە، دووبارە خوێندنەوەی قاسملوو، بە تەنیا ئەرکێکی مێژوویی نیە، بەڵکوو پێویستیەکی ئەخلاقییە. ئەو نەک بەتەنیا هەر هی کوردە، بەڵکوو هی هەموو ئەوانەیە کە لەسەر بنەمای دادپەروەریدا، بەدوای ئاشتییەکدا دەگەڕێن، هی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت تەنانەت کاتێک مرۆڤایەتی لەژێر گەمارۆشدایە، مرۆڤ بمێننەوە.

قاسملوو فێری کردین، کە بڕوامەندی بە دیالۆگ، لاوازی نیە؛ کە لێبوردەیی، پاسیڤبوون نیە؛ و کە زانایی بەتەنها ئامرازێکی ئەکادیمی نیە، بەڵکوو هێزێکی ڕزگارکەرە. دەنگی ئەو ئێکۆڵێکە، لەم پرسیارە بنەڕەتییانە ڕەنگ دەداتەوە:

**ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە جیهانێکی پڕ لە چەوساندنەوە و سڕینەوەدا، مرۆڤ بمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی ڕوون بوو: بەڵێ مرۆڤ دەتوانێت و دەبێت.**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# هێژموونیی گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات





پەیمان ئابجامە

لە ئەساسدا چەمکی گوتار، چەمکێکی فرە ڕەهەندە کە مانا و مەفهووم و لێکەوتەی خۆی هەیە و بە بڕوای هێندێک لە ڕووناکبیران کردەیەکە یان پڕۆسەیەکە لە نێوان گوتن و کارکردندا یەکانگیر دەبێتەوە و لەنێو کۆمەڵگەدا ماهییەت و

بوونی خۆی دادەڕێژێت. ناوەڕۆک و خەسڵەتەکانی هەموو گوتارێک لە سەرەتاوە خۆی لە ڕێکخستن و دارشتنەوەی بیرۆکە و وتەکاندا دەبینێتەوە کە لەسەر چ بابەتێک داهێنەری بۆ کراوە و دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بابەتەکە و ئامانج و بیرۆکە کۆکراوەکان ڕوون و دیار دەبن.

لە سەردەمی ئێستادا چەمکی گوتار لەنێو زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بە یەکێک لە چەمکە هەرە گرینگ و بەنرخەکان ئەژمار دەکرێت و بە گشتی ڕوانگە جیاوازەکانی تاک، ڕێکخراو و کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانەوە کانالیزە دەکات و لە ڕاستیدا ڕابردوو و ژێرخانێکی فکری قوڵی پێویستە و دەبێ لەسەر شێوازەکانی گوتار و توانای کۆمەڵگەی خۆت و لێکەوتەکانی بۆ دوارۆژ ڕاوەستە بکرێ و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی دەوێ.

## گوتاری نەتەوەیی

لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا، ململانێی سیاسی بە هەموو شێوەکان کراوە کە هۆکار بووە بۆ مانەوەی بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام بۆ ئەوەیکە ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشان باشتر بەرەو پێش هەنگاو بنێ پێویستە ڕوانگەسازی بکرێ و لە ئاکامی ئەو ڕوانگەیەش گوتار بەرهەم دێ، دواتر هەر چەند ئەو گوتارە جوانتر و پتەوتر و گشتگیرتر بێ، گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان مسۆگەرترە و سیستەمی داگیرکەریش، پەیامی ئازادیخوازانەی ئەو گەلە چەوساوەیەی باشتر لە گوێدا دەزرینگێتەوە.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەندین حیزب و لایەن لەو بەشەی وڵاتدا دامەزراون و هەریەکە و گوتاری تایبەت بە سیاسەت و بەرنامە و ستراتیژیی خۆی هەیە کە لە ڕاستای ئەو گوتارەدا هەنگاوە سیاسییەکانی خۆیان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵدێننەوە و خەبات و تێکۆشانی خۆیان لەو هێڵە فکریانە گەشە پێ دەدەن. لە ڕاستیدا دەوڵەمەندیی هەر گوتارێک لەوەدایە کە هەموو چین و توێژی کۆمەڵگە خۆی تێدا ببینێتەوە کە ئەویش لە قۆناغی ئێستادا بەدەر نیە لە گوتاریی نەتەوەیی.

لە خەباتی گەلی کورددا بە تایبەت لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم، بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕن و دێموکراتیک، ئێمە شاهیدی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسی کورد لە ئێران لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان بووین و بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی ئەو کۆمارە وەک؛ گوتاری نەتەوەیی، هەستی شوناسخوازانە، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوایەتی و هێزی پێشمەرگە وێنا بکەین و وەک بەڵگە

بێنینە بەرچاو کە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی کورددا کرد کە ئێستاش ئەم شێوە خەبات و تێکۆشانە سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتنە بۆ بزووتنەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. واتە گوتاری حیزبی دێموکرات پێداگری لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی و کوردستانی بوونە. کە واتە حیزبی دێموکرات زیاتر لە هەشت دەیەیە دەرکی بەو ڕەوشە ڕاستەقینە کردووە و تایبەتمەندی و پرەنسیپەکانی نەتەوەی کوردی بەباشی ناسیوە و دەستی بۆ گوتارێکی تاک لایەنە و حیزبی و بیرتەسکانە نەبردوە، بەڵکوو هێژموونی گوتاریی خۆی لە ڕاستای گوتاری نەتەوەییدا مانا دەکاتەوە و بیرۆکە و ئایدیای کوردستانی بوون و کوردایەتی لە پێناو ڕزگاری گەلی کورددا کاناڵیزە کردوە.

بنیاتنانی گوتاری نەتەوەیی و هەوڵی بێوچان بۆ گەشەی بیری کوردایەتی و هەستی نیشتمانی، ڕەهەندێکی سیاسی لە خەباتی حیزبی دێموکرات و کاریگەری ئەم حیزبە بە سەر کۆمەڵگەدا بووە کە وای لەو حیزبە کردوە پێگەیەکی بەهێزی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت و هاوخەباتی لە نێوان حیزب و گەلدا بۆ بەرەنگاریکردن لە هەمبەر سڕینەوەی نەتەوەیی پێک بێت.

دوای سازبوونی حیزبی دیکە لە کوردستان، ئەگەرچی گوتاری حیزبی دێموکرات وەک گوتاری زاڵ مایەوە، بەڵام ئەو حیزب و ڕەوتانەی کە دواتر دامەزران وەک وردە گوتار و گوتاری ڕەقیب و ئەویتری گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی ڕکەبەرایەتیدا بوون، کە هەڵبەت هێندێک جار وەک دژکردەوە بەداخەوە شەڕی ناوخۆییشی لێ کەوتووەتەوە و زۆر جاریش وەک بیرۆکە، لە بری ڕکەبەرایەتی و دژایەتی بۆتە بنەمای ئەویتری ئەم گوتارە نێوخۆییانە. گوتاری زاڵی کوردی لە قۆناغێکدا بە هۆی نەبوونی ڕەقیب و لە دواییشدا بە هۆی پەسەندبوونی لە لایەن کۆمەڵگەوە گوتاری حیزبی دێموکرات بووە و ماوەتەوە و ئەم گوتارە زاڵە چەمکەکانی وەک؛ خودموختاری، دێموکراسی، زمان وەک کەرەسەیەکی شوناسخوازانە، خەباتی چەکداری، ناسیۆنالیسمی کوردی یا کوردایەتی و ... بەپێی قۆناغ و بە شێوەی جیاواز وەک گوتاری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات ڕاڤە کردووە. ئەم گوتارە توانیویەتی لە ڕێی زاڵ بوونەوە ببێتە بەردەنگی سەرەکیی دژبەرەکانی گەلی کورد بە تایبەت کۆماری ئیسلامی، بۆیە لە هێندێک دەورەی جیاوازدا وەک لایەنی سەرەکیی کورد بووەتە تەرەف حیسابی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دانوستان و وتووێژ لە ڕاستای دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جا کە واتە جەوهەری گوتاری سیاسیی و نەتەوەیی حیزبی دێموکرات وەک چەترێک باڵی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا کێشاوە و توانیویەتی وەڵامدەرەوەی ویست و داخوازییەکانی ئەوان بێ.

جۆزەردانی ٢٧٢٥


## گوتاری هاوبەش

بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا ڕوو دەدەن بێگومان کورد لێی بێبەری نییە و لە مەعادەلاتی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکیدا چ بە قازانج و بەرژەوەندی و چ بە تێچوو و خەسار ڕۆڵ دەگێڕێت. بۆیە لەم قۆناغە هەستیارەدا گوتاری هاوبەشی کورد بە مانای سازبوونی ڕیزبەندییەکی بەهێز لە نێوان گوتارە ڕەقیبەکانی کورد لە بەرامبەر ئەو، ئەویترە دەرەکییە یا گوتاری دژبەرانی کورد دایە. بۆ نموونە شۆڤێنیزمی ناوەند تەوەر کە لە ڕابردووشدا زۆر هەوڵی پاکتاوکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی داوە و گوتارێکی دژبەریکارانەی لە بەرامبەر داخوازییەکانی گەلی کورد بە کار هێناوە و تا ئێستاش بەردەوامە، کە لەو سۆنگەشەوە زیاتر کەڵک لە بۆشایی و خاڵە جیاوازەکانی حیزبە سیاسییەکان وەردەگرێ. بۆیە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە هێژموونی گوتاری زاڵی خۆیان لە چوارچێوەی گوتارێکی هاوبەش و نەتەوەییدا بەسەر گوتاری دژبەرانی کورد بەهێز بکەن کە تەنیا بە یەک گوتاری و یەکدەنگی دەتوانن وڵامدەرەوەی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بن(وێرای هەموو جیاوازی و تێروانینەکانیان)، لە هەمان کاتدا سازنەبوونی گوتاری هاوبەش و پابەند نەبوون بە هێژمونی گوتاری زاڵ لە خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم کێشانەن کە بوونەتە خەساری گەورە و درێژبوونەوەی ماوەی خەبات و تێکۆشانی کورد لەو بەشەی وڵاتدا.

**بۆیە حیزبی دێموکرات وەک یەکەم حیزبی سیاسی و پێشەنگی کۆمەڵگە، خۆی بە ئەرکدار دەزانێ کە سیاسەتی گشتی و بەرنامە و گوتاری خۆی لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بێ و کوردستانی بوون ببێتە هزرێکی سیاسی و عەقڵانی لە مێشکی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان ڕەنگ بداتەوە.**

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# بەشێک لە دەرسەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمەمانان





هەردی سەلیمی

لە ٣٦ـەمین تاڵیادی شەهیدبوونی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوودایین، ئەو ڕێبەرە مەزنەی بزووتنەوەی مافویستانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئێستاش وردبوونەوە لە هەوڵەکانی، وتەکانی، ویستەکانی، نووسینەکانی، ئامانجەکانی، باوەڕەکانی، بنەماکانی، بۆچوونەکانی و تەنانەت هەڵسوکەوتیشی بۆ ئێمە فێرگەیەکی لێفێربوونە. دوکتور

قاسملوو، یەکێک لەو دەگمەن سیاسییانە بوو لە هەموو تەمەنی سیاسیی خۆیدا لەسەر باوەڕەکانی پێداگر و مکوڕ بوو و ئامادە نەبوو لەو باوەڕانەی خۆی لە پێناو هیچ بەرژەوەندییەک و هیچ هەڕەشەیەکدا دەست هەڵگرێ. ئەمە بەواتای چەقبەستوویی نەبووە و نیە، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە دوکتور قاسملوو لەو کەسایەتییە سیاسییانە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی فکریدا زۆر بوێر بوو و لەو بارەوە ئامادە بوو بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووباریش مەلە بکات، وەک کردیشی. لێرەدا مەبەست ئەوەیە چەندین باوەڕ و ئامانجی مەزنی هەبوو، هەتا دواساتی ژیانی بە گەشبینی و هیوا و پێداگرییەوە لە پێناو وەدیهێنانیاندا هەوڵ و تەقەللای زۆری لە خۆی نیشان دا.

دوکتور قاسملوو بە واتای تەواوی وشە دێموکرات بوو و باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، نەتەوەیی بوو و هەرچی دەیکرد لە پێناوی بەختەوەریی نەتەوەی کورددا بوو، مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز بوو و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو مرۆڤەکان بە نەتەوەکەی خۆیشیەوە لە ئاشتەوایی و عەداڵەت و سەربەرزی و ئازادیدا بژین؛ ئەمانە ئەو باوەڕانە بوون کە ئامادە نەبوو لە ڕێی بەئاکامگەیاندنیاندا بۆ چرکەساتێکیش و لە پێناو هیچ سامانێکدا و بە هیچ هەڕەشەیەک پشتیان تێ هەڵکات، بەڵکوو هەموو هەتوان و هەوڵی خۆیشی بەکار دێنا بۆ ئەوەی بتوانێ زووتر دەستەبەریان بکات.

بۆ دوکتور قاسملووی نیشتماندۆستی مرۆڤدۆستی ڕزگاریخوازی یەکسانیخوازی دێموکرات، هەموو دەرفەتێک گونجاو بوو بۆ ئەوەی نەتەوەکەی و مافە بەرهەقەکانی بە هەموو لایەک بناسێنێ و پێیان بڵێ ئەو نوێنەرایەتیی نەتەوەیەک دەکات کە ویستەکانی ئاوا ڕەوا و بنەڕەتی و مرۆڤانەن. لاپەڕە لە پەرتووکی بیرەوەریی هەر هاوڕێیەکی بیانیی دوکتور قاسملوو هەڵدەیەوە، بێگومان باسێکی خەستی لەسەر ئەوە تێدایە کە چۆن شێلگیرانە و بە حەز و هۆگری و فاکتەوە نەتەوەی کورد و مێژوو و ئەدەب و کولتوور و تایبەتمەندیی خەباتی ئەم نەتەوەیەی پێ ناساندوون، ئەمە هۆگرییەک بووە هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە هەیبووە و هەتا دوا ساتەکانی ژیانیشی؛ کاتێک لە تەمەنی نزیکەو سیساڵاندا دەست دەداتە نووسینی تێزی دوکتوراکەی لەسەر "کوردستان و کورد"، هەوڵ دەدا لە نێوان هەموو باس و بابەتەکانی دنیادا، کورد و نیشتمانەکەی بە بەردەنگە بیانییەکانی بناسێنێ، چون نیشتماندۆستێک بوو کەوا دەیزانی دەردی بێدەوڵەتی و نیشتمانداگیرکراوی چۆنە.
ئەو کە یەکێک لە گەورەترین قوربانییانی دەستی تێرۆریزمە، هەمیشە و لە زۆربەی لێدوانەکانیدا ئەم کردەوە ناشیرینەی دەقوبحاند و دژایەتیی تەواوی دەکرد. دوکتور قاسملوو باوەڕی وابوو ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانەی وا کردەوەی تێرۆریستی بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ ئەوەی بەدوای ئاڵۆزییەوەن، لەم ڕێیەوە دەیانهەوێ سەرنجەکانیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بەم شێوەیە خۆیان بەناوبانگ بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە بزووتنەوەیەکی ڕەسەن کە هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەکەی خۆی بێ، پێویستی بە وەها کردەوەیەک نیە، بۆیە ئێمە هیچ کات وەک حیزبی دێموکرات ئامادە نەبووین ڕەشەکوژی بکەین و فڕۆکە بڕفێنین و بۆمب دابنێین. دوکتور قاسملوو زۆر جار لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ ڕۆژنامە ئورووپاییەکان، سەرنجیانی بۆ لای

لایەنی مرۆڤیی بزووتنەوەی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبەکەی ڕادەکێشا کە هەرگیز ئامادە نەبووە کردەوەی تێرۆریستی بەڕێوە بەرێ و تەنانەت بۆی شی دەکردنەوە کە بەرفراوانتر بیر بکەنەوە و تێرۆر تەنیا لە دانانی بۆمبێک لە شەقامێکدا نەبینن و ئێعدام و ڕەشەکوژی و بۆمبارانی ئاسمانیی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشەوە ببینن بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمە قوربانیی دەستی تێرۆرین. ئەو لە زۆر وتووێژیدا بەشانازییەوە باسی لەوە دەکرد هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بەرامبەر بە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا - لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی جیددییشی هەبوو لە ئەمریکا - هەڵوێستیان گرتووە و ئەو کارەیان مەحکووم کردوە؛ چونکە باوەڕی مرۆڤدۆستانە و پرەنسیپی مرۆڤتەوەرانەی لەگەڵ ئەو کردارانەدا نەیدەخوێندەوە.

دوکتور قاسملوو ئازادی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویست و ئامادە بوو نرخیشی بۆ بدات، وەک داشی. ئەو لە پێوەندییەکانیشیدا هەرگیز ڕێگەی نەدەدا هیچ دەسەڵات و لایەن و دەوڵەتێک ئازادییەکانی خۆی و حیزبەکەی سنووردار بکات و هەمیشە سەربەخۆیی خۆی دەپاراست؛ لەبەر ئەوەی هەرگیز حەزی لە بەستراوەیی نەبوو، لە خۆی و لە حیزبەکەیەوە دەستی پێکردبوو، بۆیە بۆ نەتەوەکەشی ئەوەی نەدەویست و ڕزگاریخوازێک بوو بە واتای تەواوی وشە. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینیدا باسی لەوە کرد نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە و لە یەکتریان بڵاو کردوونەتەوە، گەر ئەم نەتەوەیە یەک بگرێتەوە هەڵوەشاندنەوەی هیچ وڵاتێک نییە، بەڵکوو وەسەریەککەوتنەوەیە! دەنگی زۆر چالاکی سیاسیی فارس و... بە نارەزایەتی بەرز بووەوە، بەڵام ئەو کەسێک نەبوو بەو پرتەوبۆڵانە دەسهەڵگری باوەڕی ڕزگاریخوازانەی خۆی بێت، بەڵکوو سوورتریش بوو و ساڵانی دواتریش بنیادنەری کۆنگرەی نەتەوەیی بوو.

دوکتور قاسملوو دەیزانی بۆچی خەبات دەکات، دەیزانی سێ ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی و سیاسی لەبەردەمی نەتەوەکەیدایە و هەموو هەوڵی ئەوە بوو قۆناغ بە قۆناغ ئەم سێ ستەمە نەهێڵێ و نەتەوەکەی لەو زنجیر و کۆت و بەندانە ڕزگار بکات. کۆمەڵگەیەکی ئازادکراو لەژێر چەپۆکی داگیرکەران، دواڕۆژێکی خۆشبژیوانەی دەوێ و بەتەنیا ئازادی ناتوانێ تێریان بکات، بۆیە عەدالەتی کۆمەڵایەتییان پێویستە و لەو ڕووەشەوە جانتای خۆی و حیزبەکەی بەرنامەی پێویست و گونجاوی تێدا بوو؛ چونکە لەگەڵ ڕزگاریخوازبوونی، هەڵوەدا و سەوداسەری یەکسانییش بوو.

لەخۆڕا نیە پێی دەڵێن مامۆستای دێموکراسی، دوکتور قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە دوژمن و تەنانەت ئەوانەشی وا دژبەری ئەو دوژمنە بوون، بسەلمێنێ کە تاکە ڕێگەی پێکەوەژیانمان گەرەنتییەکە کە دەتوانین لە ڕێگەی دێموکراسییەوە بەدەستی بێنین، دێموکراسییەک کە هەموو لایەکمان لەسەری کۆک بین و هەموو مافەکانی کەمینەکان تێیدا پارێزراو بێت و هەتا گەیشتن بەو دێموکراسییە ناهێڵین خەوتان ئاسوودە بێ! خەباتی ئێمە تا ئەو کاتەی ئێوەی ئێستا خۆبەباڵادەستزان


**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**دێنە سەر ئەقڵییەتێکی دێموکراتیک و هەموو لایەک بە یەکسان دەبینن؛ درێژەی دەبێ و لەسەرپێ دەمێنێتەوە. ئەمە ئەو باوەڕە سەرەکییانە بوون وا لەلای دوکتور قاسملوو نەگۆڕ بوون و هەمیشەش شێلگیرتر دەبوو لە دەستەبەرکردنیاندا.**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

---

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە




**(پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی سی و شەشەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو)**

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**
**ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو!**

**٢٢ی پووشپەڕ، سی و شەش ساڵ بەسەر تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور عەبدولڕحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەن تێدەپەڕێ.**

**دوکتور قاسملوو کە لەو ڕۆژەدا و هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و د. فازڵ ڕەسووڵ کەسایەتییەکی خەڵکی باشووی کوردستان و دۆستی حیزبی دێموکرات، بە مەبەستی چارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران چووبوونە سەر مێزی وتووێژ، لە لایەن دەستەی بەناو دانوستانکاری کۆماری ئیسلامییەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە و هەر لەوێ گیانی پاکیان بەختی ڕێگەی ڕزگاریی گەلەکەیان کرد.**

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

تێرۆری دوکتور قاسملوو یەکێک لەو یادەوەرییە تاڵ و کارەساتانەیە کە بە سەر بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا هاتوە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە ناسینێک کە لە کەسایەتیی بەرزی سیاسیی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی ئەو لە مەیدانی سیاسیی ئێران و بزووتنەوەی کوردستاندا هەیانبوو، وایان دانابوو کە بە تێرۆری ئەو ڕێبەرە زانایە، بزووتنەوەی کوردستان تووشی نسکۆیەکی گەورە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە مەیدانی خەباتدا لاواز بکەن. ئەگەرچی ئەوان بەداخەوە لە تێرۆری دوکتور قاسملوودا سەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی بەو ئامانجانە بگەن کە مەبەستی تێرۆرەکەیان بوو، چونکە کردار و بیروهزری دوکتور قاسملوو بە جۆرێک ڕیشەی لە حیزبی دێموکراتدا داکوتاوە کە پاش ئەو کارەساتەش حیزبەکەی قاسملوو توانی قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدا بمێنێتەوە و ئەوڕۆکە دەبینرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاریگەرترین و پڕنفووزترین حیزبی کوردستانە و لە هەموو بۆنە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە هەزاران کیژ و کوڕی کورد پێکەوە بە دەنگی بەرز دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێنەوە. ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئەو بیروباوەڕە نەتەوەیی و مرۆڤانەیەی کە دوکتور قاسملوو لە پێناویاندا تێرۆر کرا، لە گەشەدایە و کوردستان لە ئاستێکی بەرزی وشیاری نەتەوەییدایە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پەرەدەستێنێ. لەولاشەوە ئەوڕۆکە هەموان بە چاوی خۆیان دەبینن کە ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەمووکات زیاتر لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بێزراوە و گوڵۆڵەی ڕووخانی کەوتووتە لێژی. هەموو ئەمانە ڕاستیی ئەو ڕستەیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە مێژە گوتراوە، "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە.

**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر، هاوڕێیانی بەڕێز!**


بە وتەی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو،" باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەدانی ڕێگایانە". بۆیە لەم ڕۆژەدا و لە ساڵرۆژی شەهیدانی ڤیەندا هەموومان پێکەوە لەگەڵ ڕوحی پاکی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر و دکتور فازڵ ڕەسووڵ و هەموو شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر درێژەدەری ڕێگای خەباتیان بین.

**هەزاران سڵاو بۆ گیانی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان.**
**بەهیوای وەدی هاتنی هەرچی زووتری ئاوات و ئامانجەکانیان.**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**

**٢١ - ٤ - ١٤٠٤**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

## ئابووریی "گیگ" لە ئێران: داهێنان یان سیمای قەیران؟






**شاڕوخ حەسەنزادە**

ئابووریی گیگ (Gig Economy) دیاردەیەکی جیهانییە کە پێناسەی نەریتی "کار"ی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. ئەم مۆدێلە ئابوورییە لەسەر بنەمای کارە کاتییەکان، پڕۆژەیی و سەربەخۆکان دامەزراوە، کە تێیدا کۆمپانیاکان بەجێگەی دامەزراندنی کارمەندی هەمیشەیی، لە ڕێگەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە لەگەڵ تاکەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی "گیگ"ێک یان

ئەرکێکی دیاریکراو گرێبەست دەکەن. لە سەرانسەری جیهاندا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک ئۆبەر(Uber) ، ئایر بی ئێن بی (Airbnb) و فایڤەر (Fiverr) هێمای ئەم گۆڕانکارییە جیهانییانەن؛ ئەو پلاتفۆرمانە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا وەک هێمایەک بۆ سازگاری، داهێنانی تەکنەلۆژی و هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی مۆدێرن دەناسرێن. ئەم مۆدێلە ڕێگە بە تاکەکان دەدات کونێخا و سەرووەری خۆیان بن، کاتژمێرەکانی کاری خۆیان ڕێکبخەن و داهاتێکی لاوەکییان لەپاڵ کاری سەرەکییاندا هەبێت. بەڵام ئایا چیرۆکی گەشەی تەڤینەوەئاسای ئابووریی گیگ لە ئێرانیش هەر بەم شێوەیەیە؟

لە یەکەم ڕوانیندا، دەرکەوتن و پەرەسەندنی پلاتفۆرمە ئێرانییەکانی وەک "سنەپ"، "تەپسی"، "ئاچارە" و "پوونیشا"، وەک گێڕانەوەیەکی پێشکەوتن و هاوشان لەگەڵ ئابووریی دیجیتاڵیی جیهانیدا دێنە بەرچاو. ئەم کۆمپانیایانە توانیویانە ملیۆنان بەکارهێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بۆ بەشێکی گەورەی دانیشتووان دەرفەتی بەدەستهێنانی داهات بڕەخسێنن. بەڵام کاتێک سەرنج لە قەبارەی ئەم دیاردەیە لە ئێران دەدەین، وێنەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و ڕوخساری ڕاستەقینە و دزێوی دەردەکەوێت. ماوەیەک لەوە پێش محەمەد بەحرەینیان، توێژەری بواری گەشەپێدان، ئامارێکی سەرنجڕاکێشی خستەڕوو: "زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس لە ئێران لە سنەپ و تەپسیدا کار دەکەن، لە کاتێکدا ئۆبەر لە سەرانسەری جیهاندا کەمتر لە ٨ ملیۆن شۆفێری هەیە!" تەنانەت ئەگە ئەو ئامارەی دیکەش کە لە لایەن وتەبێژی فەرماندەیی پۆلیس (فراجا)ەوە باس لە بوونی ١٥ ملیۆن شۆفێری ئینتەرنێتی کراوە، بۆ ئەنجامی تۆمارکردنی دووبارە و ناچالاک دابنێین، هێشتا ڕواڵەتی پرسەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە: قەبارەی هێزی کاری چالاک لە کەرتی گواستنەوەی ئینتەرنێتیی ئێراندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز بووەتەوە. ئەم ژمارانە زیاتر لەوەی نیشانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی یان هێزی ئابووری بن، زەنگێکی مەترسییدارە و هێمای قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی - ئابووری لەم وڵاتەیە.

جیاوازیی سەرەکیی نێوان گەشەی ئابووریی گیگ لە ئێران و وڵاتانی وەک ئەمریکا، لە ڕەگ و ڕیشە و پاڵنەرەکانیدا خۆی دەبینێتەوە. لە ئابوورییەکی سەقامگیردا، چوونە نێو ئابووریی گیگەوە زۆرجار هەڵبژاردنێکە کە لەسەر بنەمای "هەل" پێکدێت؛ دەرفەت بۆ داهاتی زیاتر، خۆڕێکخستن یان بەدواداچوون بۆ خولیایەکی کەسی. بەڵام لە ئێراندا، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی "ناچاری" و کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە "قەیران". ئەو بزوێنەرە سەرەکیەی ملیۆنان ئێرانی بەرەو ئەم کارانە هان دەدات، سەرنجڕاکێشیی تەکنەلۆژیا نیە، بەڵکوو گوشارە بەرفرە ئابوورییەکانە. هەڵاوسانی درێژخایەن و دابەزینی بەرچاوی هێزی کڕین بووەتە هۆی ئەوەیکە مووچەی جێگیری کارێکی هەمیشەیی چیتر بەشی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان نەکات. لە ئاکامدا، فەرمانبەران، کرێکاران، مامۆستایان و تەنانەت پزشک و ئەندازیاریش، دوای تەواوبوونی کاتی کاریان، وەک کاری دووەم یان سێیەم ڕوو لە شۆفێری لە تاکسییە ئینتەرنێتییەکاندا دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن لە ژێر باری تێچووی قورسی ژیان دەربچن. ئەمە هەڵبژاردنێک نییە بۆ

خۆشبژێوی زیاتر، بەڵکو تێکۆشانێکە بۆ مانەوە.


هەروەها جگە لەمەش، ڕێژەی بەرزی بێکاری، بەتایبەتی لەنێو گەنجان و دەرچووانی زانکۆکاندا، فاکتەرێکی گوشارێکی دیکەیە. لە کاتێکدا بازاڕی کاری فەرمی توانای دابینکردنی کاری بەردەوام و گونجاوی لەگەڵ پسپۆڕییەکاندا نیە، ئابووریی گیگ بووەتە پەناگەیەک و خاوەنکارێکی سەربەخۆ و بێ مەرج. ئەم کارانە بەهۆی ئاسان بوونی شێوەی وەدەستهێنان و نەبوونی پێویستی بە سەرمایەی سەرەتایی یان شارەزایی پسپۆڕانە، بوونەتە تەنیا بژاردەی بەردەست بۆ میلیۆنان کەس. لە ڕاستیدا، ئەم پلاتفۆرمانە لە بۆشایی ئابوورییەکی بەرهەمهێنەردا، جۆرێک لە دامەزراندنی وەهمی پەرە پێ دەدەن؛ کارێکە کە هەیە بەڵام چۆنیەتی، بەردەوامی و ئاسۆی ڕوونی داهاتووی نییە.

خاڵێکی گرنگی دیکە، گەشەی ئەم مۆدێلەیە لە بەستێنێکی یاسایی هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆشایی تێدایە. شۆفێر یان پێشکەشکاران لەم سیستەمەدا بە کرێکار هەژمار ناکرێن، بەڵکوو وەک هاوبەشی بازرگانی یان بەڵێندەری سەربەخۆ پێناسە دەکرێن. بەم پۆلێنکارییە زیرەکانەیە، کۆمپانیاکان خۆیان لە هەموو ئەرکەکانی خاوەنکارێک، وەک بیمەی کۆمەڵایەتی، خانەنشینی، مەرەخەسیی بەمووچە، جەژنانە و پاداشتی ساڵانە دەدزنەوە. لە ڕواڵەتدا، ئەم مۆدێلە سەربەخۆیی بە تاک دەبەخشێت، بەڵام لە کردەوەدا، ئەو کەسە لە بەرامبەر هەموو مەترسی و خەرجییەکاندا (وەک سووتەمەنی، سوانی ماشێن، بیمە و ڕووداوەکان) بە تەنیا جێ دەهێڵێت و هیچ جۆرە ئەمنییەتێکی کاریی بۆ دابین ناکات. ئەم سیستەمە، هێزی کاری هەرزان و بێ پاڵپشتی دەکاتە نۆرمێک و وردە وردە ستانداردەکانی بازاڕی کار لاواز دەکات.

لە کۆتاییدا، بەراوردکردنی ژمارەی شۆفێرە چالاکەکان لە ئێران لەگەڵ کۆی گشتیی شۆفێرانی ئوبەر لە ئاستی جیهاندا، دەرەنجامێکی تاڵ ئاشکرا دەکات: ئابووریی گیگ لە ئێران، زیاتر لەوەی چیرۆکی سەرکەوتن بێت لە داهێناندا، سیمای قەیرانێکی قووڵە. ئەم پلاتفۆرمانە بوونەتە هێورکەرەوەیەکی کاتی بۆ ئازارەکانی ئابوورییەکی نەخۆش تەنانەت لە کاتی ئاویلکەدا؛ ئەوان بە دابینکردنی سەرچاوەیەکی داهاتی کەمینە، ڕێگری لە کەوتنی تەواوەتیی ملیۆنان خێزان بۆ ژێر هێڵی هەژارییەوە دەکەن و بە جۆرێک ڕۆڵی تۆڕێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ناسک دەگێڕن کە حکومەت لە دابینکردنیدا دۆڕاوە. بەڵام ئەم ئارامبوونەوەیە نەخۆشییەکە چارەسەر ناکات. وێنەی هەزاران ماشێن کە هەموو ڕۆژێک لە شەقامەکانی شارەکانی ئێراندا بە دوای مشتەری دادەگەڕێن یان چاوەڕێی مسافیرن، تەنیا وێنەی ئابوورییەکی دیجیتاڵی نیە؛ بەڵکوو وێنەیەکی بزۆکی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا میلیۆنان کەس بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانیان لەناو جغزێکی بێ کۆتایی بە سەرلێشێواوی هەوڵی مانەوەی خۆیان دەدەن. ئەمە، ڕوخساری بەرچاوی قەیرانێکی نادیارە کە بەرەو دارمان دەڕوا.

٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# تۆقێنەران تۆقیون





**ئەلبورز ڕوئینتەن**

تـازە خـومەینی گەڕابـۆوە تـاران و لە مەدرەسـەی عەلەوی نیشـتەجێ ببـوو. شـەوانە بە دەیـان کەسـیان لەو مەدەرەسـەیەدا دەکوشت، بەتـایبەت ڕێبەران و بەرپرسـانی ڕێژیمی پێشوو بێ ئەوەی دادگـایی بکرێن، بە خەتـابـار و بێخەتـا دەدرانە بەر ڕەهێڵەی فیشەک، بۆ ئەوەی هەستی توقاندن دروست بکەن و ئەوان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لەسەر بنەمای تۆقاندن

دابمەزرێنن.

ڕێبەرانی ڕێژیم هەر کە بە دەسەڵات گەیشتن، دەستیان کرد بە کوشتنی هەموو ئەوانەی لە خۆیان نەبوون و ترسیان هەبوو کە جیاواز لەوان بیر بکەنەوە؛ چونکە جیاواز بیرکردنەوە لەلای ئەوان گەورەترین مەترسی بوو. تەنانەت ڕێبەرانی "نێهزەتی ملی" و هەندێک "مەرجەعی تەقلید"یش کە لە هۆکارەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئاخوندەکان بوو، لە پیلانی کوشتن و توقاندنی ئەوان دەربازیان نەبوو.

چەپەکان هەر هیچ، تەنانەت ئەوانەی کە لە خۆشیان بوون و لە فڕۆکەی پاریس بۆ تاران پێکەوە سوار ببوون و لێی هاتبوونە خوارێ، ئەوانیش ڕزگاریان نەبوو و بۆ تۆقاندنی ئەوانی دیکە و بۆ ئەوەی کە هەمووان سەدا سەد ملکەچ و گوێڕایەڵ بن، یەک بە یەک بە شکڵ شێوازی جیا تێدا بران. ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن یەک بە یەک تێرۆر دەکران، هەر وەک لە مانای وشەی تێرۆر کە بە توقاندن دێت، ئامانجی ئەوان توقاندنی هەموو ئەوانە بوو کە دەیانگوت دەبێ ڕێژیم نەمێنێ. لەو نێوەشدا ڕێبەران و تێکۆشەرانی نەتەوەی کورد ئامانجی یەکەم و بێ ئەملاوئەولای ئەو تۆقاندنانە بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی کورد دژ بە ڕێژیمی نوێ و بۆ گەیشتن بە ئازادی بوو.

هەوڵی توقاندن ئەو جار گەیشتە ئاستی زۆر بەرزتر. سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و سەرۆک پارلەمانی پێشوویان لە زیندان دەخست. ئەوانە تا ڕادەیەک وەفادار بەو ڕێژیمە بوون کە وێڕای لە زیندان کەوتنشیان دیسان هەر دژی ڕێژیم نەوەستانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بڵێن کە توقاندن هەر بەردەوامە، تەنانەت بۆ ئەو وەفادارانەش کە جارێک ئەگەر بە کەمییش بووبێ نافەرمانییان کردوە!

توقاندن گەیشتە ئاستی مردنی گوماناویی کەسانی وەک ڕەفسنجانی کە شوناس و هەموو شتێکی ئەو ڕێژیم بوو. ئەو مردنە گوماناوییە تا ڕادەیەک توقێنەر بوو کە هەموو سەرکردەکانی ڕێژیم بە یەکتریان دەگوت جا ئەگەر ڕەفسەنجانیش ئەمنییەتی نەبێ و پارێزراو و لە مەلەوانگەدا بمرێ، ئەو کە بەرپرسی یەکەمی تێرۆر و توقاندنی ئەو کەسانە بوو کە دژی ڕێژیم بوون، کێ دەتوانێ ڕزگاری بێت. بەڵام باسەکە ئەوە بوو کە ڕەفسەنجانی لەو کاتدا وەک مەترسی دژی ڕێبەر دەبیندرا، بۆتە ئامانجی توقاندن.

لەو ڕۆژەوە کە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، بە میلیۆن کەسیان ئاوارە کرد، بە سەدان هەزاران کەسیان لە زیندان خست و بە هەزاران کەسیان لە شەقامەکاندا شەهید کرد. دەیان هەزار بەندکراویان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا، بەشی زۆری

ئەو لەداردراوانە تەنانەت دژی ڕێـژیمیش کارێکیـان نەکردبـوو، بەڵکوو بـۆ ئەوە بـوو خەڵـک بتـۆقێنن. لیسـتی ئامـانجێ تۆقێنەران کە لە ماوەی نزیک پێنج دەیەی ڕابردوو خەریکی تۆقاندن بوون لە ڕادەی وتارێک و دوو وتار و تەنانەت کتێبک و چەند کتێب زۆر زیاترە. بەڵام بەرپرسان و بکەرانی تۆقێنەر لە پانزدە ڕۆژی ڕابردوودا لە چ دۆخێکدان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان ڕێبەری تۆقێنەرەکـان لە حەشـارگەیەکی بنزەویـدا خـۆی شـاردۆتەوە و سـەرەڕای ئەوەی شـەڕ تەواویش بووە، ناوێرێ لە کونەکەی بێتە دەرێ و خۆی لە هەموو کەسێک ،تەنانەت لە فەرماندی باڵاکانیشی شاردۆتەوە؛ چونکە لە هەموو کەسێک دەترسێ و تەنـانەت پەیوەنـدی نێـوان ئەو و دەسـەڵاتدارانی ڕێـژیم چۆنە دیـار نیە. لە مـاوەی پـانزدە ڕۆژدا تەنیـا سـێ پەیـامی ڤیـدیویی داوە و ئەو پەیـامـانەش لە چ دۆخێکـی خراپـدا تۆمـار کـراون بـۆتە جێگـای سەرسووڕمانی پسپۆڕانی ئەم بوارە. تەنانەت ناتوانێ نوێژی سەر مردووی ئەو هەموو فەرماندە ڕەدە باڵایەش بخوێنێ و نـازانێ چۆن خـۆی لە دەست زەبری دەزگـای موسـاد بپـارێزێ. واتە چ توقینێک لەوەی گەورەتـر کە بـاوەڕت بە کەس نەبـێ، شەڕ تەواو بێت و دیسان هەر بترسێی کە لە حەشارگەی خۆت بێیە دەر. بە واتـای تەواوی وشە ڕێبەری تۆقێنەران تۆقیوە ئەوەش سزایەکە کە ژیـان بۆ تۆقێنەرانی بەنـاوبـانگی مێژوو دیاریی کردوە.

بەرپرسانی دیکەی ڕێژیمیش کە لە مردن ڕزگار بوو،ن کەسـانی وەک شەمخانی، قـائـانی و ڕەزایـی بە گـۆڕینی سـەر و چـاو و خۆپۆشینیان دەتوانن یەک بە یەک لە حەشارگە بێنە دەروە بەڵام بـاوەڕ بە کێ دەکەن و بە کێ نـاکەن گەورەتـرین پرسیـاری نێو مێشکیانە. واتە نازانن بە شانس زیندوون، یا بە ڕێکەوت زیندوون، یا مردنیان بۆ کاتێکی دیکە دواخـراوە، یـا مردوون و ئەوە خەونە؟ یان دەبێ لە دەوروبەریان باوەڕیان بە کێ هەبێ و تەنـانەت چۆن بیسـەلمێنن کە هۆکـاری زینـدوومانەوەیان ئەوە نیە کە سیخوڕی مووسادن! چ ترسێکی گەورەیە ژیـان بەو هەموو ترسەوە.

بەڵێ بە واتای تەواوی وشە تۆقێنەران تۆقیون.

٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# تاڵان و داگیرکاری





رەحیم نزهت زادە

هەواڵێکی شۆکهێنەر، کە لە ماوەی ڕابردوودا، لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، جارێکی دیکە ڕەهەندە تاریکەکانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی، لە ناوچە کوردستانییەکانی ئەو وڵاتە ئاشکرا کرد. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی

سیستماتیک، کانە زێڕەکانی، کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی باژێرڤانی سەقز هەڵکەوتوە، بە تاڵانیان بردوە، ئەوەش بەبێ هیچ سوود و قازانجێک، بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچەکان. ئەم پرۆسەیە نەک هەر بووەتە هۆی تێکدانی ژینگە و ژێرخانی سروشتی ناوچەکە، بەڵکوو هاوتاش بووە لە سەرکوتکردنی توندوتیژانەی نارەزایەتییە گشتییەکان و، لە گەڵ ئەوەشدا روخسارێکی ئەمنی زۆر جددی بەخۆوە وەرگرتوە.

## ئابووریی بەتاڵانبردن و کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی

دیاردەی دەرهێنانی نارێکخراوی سامانە سروشتییەکان، لە لایەن قەوارەکانی سەر بە سپای پاسداران و کۆمپلێکسە ئابوورییەکانی ژێر کۆنترۆڵی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەیەی "ڕێبەر" ساڵانێکە لە ئێران بەردەوامە. ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەت پارێزگای کوردستان و ناوچەکانی سەقز، بوکان، سەردەشت، مەریوان، بە هۆی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکییەوە، بە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێران دێنە هەژمار. ڕژێم نەک ئەم ناوچانە، وەک بەشێک لە یەک وەڵات، کە شایەنی گەشەسەندنی هاوسەنگ بن، بەڵکوو وەک کۆلۆنیەکانی نێوخۆ دەبینێت، کە تا دەتواندرێت، سەرچاوەکانیان بە تەواوی ئیستغلال و خەڵکەکەیان سەرکوت بکات.

کانگاکانی زێڕی "قولقوڵە"، "میرگێ نەخشین" و "کەررویان" لە قەزای گەورکایەتیی سەقز، نموونەی ڕوونی ئەم سیاسەتە تاڵانکارییەن. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەرهێنانی زێڕ لە کانگای کەرەویان دەستی پێکردووە، و لە ساڵی ١٤٠٤دا ئۆپەراسیۆنی ئیستغلالکردن لە کانگای قولقولێ دەستی پێکردوە. لە کاتێکدا هیچ شەفافییەتێکی گشتی سەبارەت بە قازانجەکانی ئەم دەرهێنانانە نەخراوەتە بەرچاو، خەڵکی ناوچەکەش لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش کراون، وەک بەشداریکردن لە بڕیاردان، وەرگرتنی قەرەبووی ژینگەیی، یان سودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی دامەزراندن بێبەش کراون.

## بەرخودانی مەدەنی و وەڵامدانەوەی سەربازی

بە پێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ڕێژیم بە نیازی گواستنەوەی مەکینە و کەرەستەی قورس بۆ کانیی مێرگەنەخشینە بە چەند گونددا لەوانە: گۆێزێ، شێخ چۆپان، بوبەکتان، کوندەڵان. و قشلاخی وەنەوشە بووە. بەڵام خەڵکی ئەو گوندانە ئاگادار نەبوون. لە دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی ئەو جۆرە پرۆژانە، ڕێگای تێپەڕبوونی بارهەڵگرەکانیان گرت. ڕێژیم کە هەرگیز تەحەمولی بچووکترین دژایەتی نەکردوە، ڕێگایەکی بەدیلی لە گوندی وەزمەلە هەڵبژارد و هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بە گازی فرمێسکرێژ ڕەوانە کرد.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ڕۆژی ١٧ی پوشپەڕ، ناڕەزایەتییەکی جەماوەری دژ بە بوونی مەکینە و کەرەستەی قورس بۆ بە تالانبردنی کانەکانی زێڕ، خەڵکی بێ بەرگری، ڕووبەرووی هێرشی هێزە ئەمنییەکان بوونەوە. ژمارەیەک هاووڵاتی بریندار بوون و هەندێکیشیان بەر لێدان و ئازاری توند کەوتوون. لە کاتێکدا ناسنامەی بریندارەکان لەلایەن سەرچاوەی هەواڵەکەوە پارێزراوە، دەتواندرێت بە دڵنیاییەوە دان بەوەدا بنێین و بڵێین کە سیاسەتی سەرکوتکردن، بەشێکی دانەبڕاوە لە هەر جۆرە بەرنامە و پلانێکی ئابووری لە ناوچە کوردستانییە بێبەشکراوەکاندا.

## ژینگە: قوربانیی بێدەنگ

گەشەسەندنی کانگاکان لە ناوچە سروشتییە هەستیارەکاندا، وەک شاخەکانی دەوروبەری سەقز، لێکەوتەی درێژخایەن و هەندێکجاریش بەبێ توانای گەڕانەوەی لەسەر ئیکۆسیستەم هەیە. ئیستغلالکردن بەبێ هەڵسەنگاندنی ژینگەیی، لەنێوبردنی ڕووەک، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان و لەدەستدانی لەوەڕگە بۆ مەڕداره خوجێییەکان، بە تەنها هەندێک لەو زیانانەن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. چاوەدێری نەکردنی دامەزراوە سەربەخۆکانی ژینگەپارێزی لە ئێران و، بەستنی ڕێگا یاساییەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین، ڕێگەی بە حکومەت داوە، کە بۆ هەر پرۆژەیەک بە قازانجی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە ئارامی بە ئەنجامی بگەیێنێت.

## کۆتا ئاماژە

پرسی کانگاکانی زێڕی سەقز، لە سەروی پرسێکی نێوخۆیی یان ئابووری، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی پڕ لە کەموکوڕی، هەڵاواردن و پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامییە. دەسەڵاتێک کە گەشەسەندن نەک لە چوارچێوەی دادپەروەری و بەشداریی گشتی، بەڵکوو وەک ئامرازێکی پێخۆر بە پێکهاتە گەندەڵەکانی دەسەڵات دەبینێت. خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان کە دەیان ساڵە پەراوێزخراون، ئەمڕۆ جگە لە هەژاری، بێکاری و نادادپەروەری، دەبێت بارگرانییەکی دیکەش هەڵبگرن، کە پێی دەوترێت "ئیستغلالکردنی سامانە سروشتییەکان."

**ئەوەی لە گەورکایەتی و گوندەکانی دەوروبەری دەگوزەرێت، تەنیا نموونەیەک لە سەدان تاوانە، کە سەرەڕای بێدەنگی میدیای دەوڵەتی ئێران و بێباکیی دامەزراوە چاودێری بەردەوامە. لەبەرامبەر دۆخێکی وادا ئەرکی ڕۆشنبیران، چالاکانی مەدەنی، میدیای سەربەخۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە: کە بەردەوام ئاشکراکردنی بەبەردەوام، فشار خستنە سەر دامەزراوە بەرپرسیارەکان و پشتیوانیکردنە لە بەرخۆدانی جەماوەری.**

**٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# سیناریۆکانی داهاتووی ئێران کامانەن؟





هەردی سەلیمی

لە ئێستادا و لە ئاستی سیاسی‌دا کۆماری ئیسلامیی ئێران دیسان گەڕاوەتەوە بۆ هاتوهووتی سەردەمی پێش هێرشەکانی ئیسرائیل، بەڵام بەدوای ئەو شەڕە کەوا دوازدە ڕۆژی خایاند، زۆریەک لە هاوکێشەکان گۆڕاون و نکۆڵی لەو گۆڕانە ناتوانێ هیچ شتێک لە ڕاستیی دۆخەکە بگۆڕێ. ئێستاش ئاسەواری شەڕ و مەترسیی گەڕانەوەی دۆخی شەڕ هەر لە جێی خۆیدایە،

بەتایبەت ئەو زنجیرە تەقینەوانەی وا کۆماری ئیسلامی پێداگرە لەسەر ئەوەی بە تەقینەوەی گاز بیانناسێنێ، نیشانەیەکن لەوەی هێشتا ئەو ڕێژیمە نەیتوانیوە بەسەر دۆخی ئەمنیی وڵاتدا زاڵ بێت – لانیکەم ڕوو لە دەرەوە، هەر ئەمەش ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کەوا ئیسرائیل لە پشت ئەم تەقینەوە و نائەمنییانەدا بێ و بیهەوێ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دۆخێکی ناجێگیری ئەمنیدا بەرەوڕوو بکاتەوە.

کارناسانی بواری نیزامی وا مەزەندە دەکەن بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سەد میلیارد دۆلاری تێ چووە، ئەمە جگە لە خەساری گەمارۆکان و هەروەها دەورلێدانەوەی ئەو گەمارۆیانەیە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی مافیای ئابووری و ئابووریی ژێرزەوینی و گەندەڵیی سیستماتیک و... کە بێگومان ئەمانەش زەبری کوشندەیان لە ئابووریی ئەو وڵاتە داوە. ئەم قەیرانە کەڵەکەبووە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بووەتە هۆی ئەوەی لە کۆتاییی دەیەی هەشتاوە ئێمە شایەدی بەرپێوەچوونی دەیان نارەزایەتی و مانگرتن بووین، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەموو جارێ ئەم نارەزایەتییانەی بەتوندترین شێوە سەرکوت کردووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی یەکەم: بەتەواوی پشتی بە هێزی سەرکوتەکەی ببەستێ و دووەمیش ئەوەی کە: لە ڕووی ڕەواییییەوە کەلێنێکی زۆر بکەوێتە نێوان ڕێژیم و خەڵکی ئەو وڵاتەوە.

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە لە بەرامبەر خەڵکدا نایهەوێ پاشەکشێی جددی بکات، ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان وایە سازان لەگەڵ خەڵک و پاشەکشێ لە بەرامبەر خەڵکدا بەواتای نەمانی ڕێژیمە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان هەتا ئێستاش بەردەوامە؛ کە ئەمەش لە لایەکەوە بەواتای ئیرادە و ویست بۆ سەرکوتی زیاترە لە لایەکی دیکەشەوە بەواتای بەردەوامیی خەباتی خەڵکە هەتا قۆناغی گۆڕین و نەهێشتنی کۆماری ئیسلامی.

### لەم قۆناغەدا پێویستە چ بکرێ؟

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران و گۆڕەپانی سیاسەتەکەی لەم ساڵانەی دواییدا هەم هێمای هیوای لە خۆی نیشان داوە و لە هەمان کاتیشدا هێمای بێهیوایی، کە پێویستە ئەمانە لەبەرچاو بگیرێن. ئەو کۆمەڵگەیە لە لایەکەوە بە هەڵگرتنی دروشمی پێشکەوتنخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەو هیوایەی گەیاندە لووتکە، بەڵام دوابەدوای ئەوە نیشانەکانی سەرهەڵدان و گەشەی فاشیزم و شۆڤینیزمی ئێرانشاری و دروشمی "مرد، میهن، آبادی" و خواستی دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانستانی و هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر نەورۆزی کوردەواری و... لە نێو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەتایبەت سەر بە نەتەوەی فارس، ئاڵای ئەو هیوایەی بە ڕادەیەکی بەرچاو داکشاندووە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

دیارترین سیمای ئەم ڕەوتە بێهیواکەرە - کە بەزۆری پرۆپاگاندا زەق کرابووەوە — وێ دەچێ لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا دوایین بزمار لە تابووتی درا و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا وەدەر نرابێ. جگە لەوە ئەوەی کە دەوترێ کۆماری ئیسلامی بەهیوایە سیمایەکی لە چەشنی "بێن سەلمان" بێنێتە مەیدان و ڕێگە بە هەندێک کرانەوە بدات، برێک لە ڕاستییەکان دوور دەنوێنێ، چون هەم تایبەتمەندی و مێژووی داخوازیی خەڵکی ئەو دوو وڵاتە زۆر لێک جیاوازن، هەمیش بە مریشکی کۆماری ئیسلامی هێلکەی قاز ناکرێ و ئابووریی ناکارامەی ئەو وڵاتە هەڵگری ئەو تەخشانوپەخشانانە نییە. بابەتی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمیش کە لەم ماوەیەدا چەندین بەیاننامەی جۆراوجۆری لەسەر بڵاو بووەوە، بە چەندین هۆکاری وەک: بێبەرنامەیی، نەبوونی شرۆڤەی گونجاو، نەبوونی خەڵک، نەبوونی داخوازی، نەبوونی هێز، نەبوونی حیزب و... زیاتر داواکارییەکی لە چەشنی پاڕانەوەیە لە دەسەڵات، کە وێ ناچێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گوێ بۆ ئەم بابەتانە ڕادێرن.

لەم نێوەدا دەمێنێتەوە دەسەڵاتی خەڵک بەتایبەت ئەو خەڵکەی وا دوور لە ناوەند دەژین و ناڕەزایەتییەکانی ئەوان کە ئەگەری زۆری هەیە بەو دۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستای ئێران، دیسان لە ئاستی بەریندا سەر هەڵبداتەوە. بەڵام پێویستە بە خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێک ئەو هەلە ئیحتمالییە بقۆزرێتەوە. ئەو ئەگەرانەی وا باس کران و لە هەمان کاتدا ڕەد کرانەوە، دەتوانن لە ئەگەری سەرهەڵدانێکدا ڕۆڵی تێکدەرانە بگێڕن. بۆیە پێویستە تەرکیزێکی زیاتر بخرێتە سەر دۆزینەوەی هاوپەیمان لەنێو نەتەوەکانی نێو ئێراندا بۆ هاواهەنگیی پتر، یان ئەو هێزانەی وا دان بە مافی نەتەوایەتیی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا دەنێن. پرسی ئێمە بۆ پرسی نەتەوەیی پرسێکی بنەڕەتییە، هێزی ئێمە لە توانایی ڕێکخستنماندایە، دەبێ ئەم ڕێکخستنە وا بەهێز و یەکگرتوو بکرێت بەگژ هەر چەشنە بێدادییەکدا بچێتەوە. بەو حاڵەشەوە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە، نابێ بکەوینە داوی یەکیەتییەکەوە بە هەر نرخێک بێ، ئێمە پێویستمان بە یەکڕیزییەکی کاریگەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزەری ماف و ویستەکان و دەسکەوتەکانمان بێت.

**٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ساڵڕۆژی خیانەت



(یادی تیرۆرکردنی ڕێبەری ناسیۆنالیستی کورد، ئیسماعیل ئاغا شکاک ناسراو بە سمکۆی شکاک)



ڕەحیم نزهەتزادە

٣٠ی پووشپەڕ ڕۆژێکی تاڵە لە یادەوەری مێژوویی گەلی کورددایە؛ ئەو ڕۆژەیە کە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی خەباتی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ناسیۆنالیستی کورد، ئیسماعیل ئاغا شکاک، بە نازناوی "سمکۆی شکاک"، ترسنۆکانە و خیانەتکارانە لە شاری شنۆ شەهید کرا. ئەم تاوانە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕەزاشا پەهلەوی ئەنجام درا، هەمان ئەو پاشایەی کە بۆ ئاشتی و دانوستان لەگەڵ کورد، سوێندی بە قورئان خواردبوو، بەڵام دواجار لەبری دیپلۆماسی، فێڵ و کوشتاری هەڵبژارد.

سمکۆی شکاک، نەک هەر سەرکردەیەکی نەتەوەیی و سەربازی بوو، بەڵکو دەنگی ئازادی و دادپەروەریش بوو، بۆ سەردەمی پڕ لە پشێوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ دەنگێک کە لە چیاکانی کوردستانەوە هەستا و لە دژی ستەمی ناوخۆ و دەستدرێژی دەرەکی ڕاپەڕی. لە کاتێکدا تیرۆر کرا، ئەو خواستی ئازادی کوردستانی لە هزر و دڵدا بوو و لە دژی زۆڵمی هەژموونیخوازەکانی ئێران و بیانی، خەباتی بۆ یەکگرتوویی گەلی کورد دەکرد.

## وەدرکەوتنی سەرکردەیەک، لە سەردەمی ئاژاوەدا

ئیسماعیل ئاغا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە سەردەمی داکشانی و داڕمانی سەڵتەنەتی عوسمانی و هاتنەکایەی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکاندا، ڕێبەڕایەتی نەتەوەی کوردی بەدەستەوە گرت. لەم سەردەمەدا کورد وەک گەلانی دیکەی ژێردەستە، لە بەردەم قەیرانی شوناس، بێدەوڵەتی و چەوساندنەوەدا بوو. "سمکۆی شکاک، وەک یەکێک لە سەرکردەکانی هۆزی شکاک، توانی بە حیکمەت و بوێری هێزێک لە هۆزە جۆراوجۆرەکانی کورد ڕێک بخات، و بەرگری لە خاکە داگیرکراوەکانی کوردستان، لە بەرامبەر هێزەکانی حکومەت و هەڕەشەی دەرەکی بکات.

ئەو لە بەرامبەر سوپای قاجار، هێزەکانی ڕەزا شاه، تەنانەت هەڕەشەکانی ڕووس و تورکیشدا وەستایەوە. بەڵام ڕەنگە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی سمکۆی شکاک، هەوڵی ئەو بۆ دروستکردنی شوناسێکی سیاسی - نەتەوەیی کوردی، سەربەخۆ لە زلهێزە ناوچەییەکان بووبێت، هەوڵێک کە لە سەردەمی ئەودا لە ڕادەبەدەر قورس و تەنانەت مەترسیدار بوو.

## خیانەت بە ناوی ئاشتی

لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠ (١٣٠٩) حکومەتی ڕەزاشا بە نیگەرانی لە پەرەسەندنی خۆشەویستی و کاریگەریە جەماوەرییەکانی سمائیل ئاغا لە ناو گەلی کورددا، بڕیاری دا بە شێوەیەکی فیزیکی لەناوییبات. شای ئێران بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە فەرمی لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆیەوە، پەیوەندی بە سمکۆی شکاکەوە کرد، و بە سوێندخواردنی بە قورئان، بەڵێنی دانوستانێکی ڕێزدارانەی لە شاری شنۆ پێدا. سمکۆ کە خۆی پیاوێکی ڕاستگۆ و بە شەرەف بوو، بانگهێشتنامەکەی قبوڵ کرد.

بەڵام ئەوەی لە شنۆ ڕوویدا، دانوستان نەبوو، بەڵکو داوێک بوو بۆ سمایل ئاغا ئامادە کرابوو.

هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنە ناوەوەی سمائیل ئاغای شکاک بۆ ناو شنۆ، سەربازەکانی ڕەزا شا بە پلانێکی پێشوەختە، هێرشیان کردە سەر سمکۆ و تەقەیان لێکرد. ئەم کارە بوو بە پەڵەیەکی ڕەش لەسەر کارنامە و نێوچاوانی حکومەتێک، کە بەڵێنی چاکسازیی دەدا، بەڵام نەیارانی سیاسی و سەرکردە نەتەوەییەکانی، بە فێڵ و کوشتن لەناو دەبرد.

## میراتێک کە بە زیندوویی مایەوە

سەرەڕای تیرۆرکردنی ناجوامێرانەی سمکۆی شکاک، ئەندێشەکانی هەرگیز لەناو نەچوون. بەپێچەوانەوە ئەم خیانەتە مێژووییە، لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا، ئەوی وەک ڕێبەرێکی شەهید بۆ ئازادی و کەرامەتی نەتەوەیی بە نەمری هێشتەوە. نەوەکانی دوایی سمکۆی شکاک، ئەویان وەک نموونەی سەرکردەیەکی خۆڕاگر، بوێر و جەماوەری لەیادە، کە لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و دەرەکی وەستایەوە، و ژیانی خۆی لە پێناو دۆز و ئامانجەکانی کوردستاندا بەخت کرد.
ئەو بزووتنەوەیانەی کە لە دەیەکانی دواتردا، لە ڕۆژهەڵات، باشور، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان سەریان هەڵدا، بێ گومان ئیلهامیان لە هەوڵی سەرکردەیەکی وەک سمایل ئاغای شکاک وەرگرتبوو، کە لە یەکەم کەسەکان بوو، کە هەوڵی دا دامەزراوە خێڵەکییە تەقلیدییەکان، بخاتە سەر ڕێڕەوی پرۆژەیەکی نەتەوەیی، و ڕزگارکردنی سیاسەتی کورد لە پشتبەستن بە حکومەتە دەرەکییەکان.

## گرنگیی بیرهێنانەوە و تۆماری مێژوویی

ساڵیادی شەهیدکرانی سمکۆی شکاک، بەتەنیا ڕێوڕەسمی ماتەمینی نیە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو، مێژوویەک، کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی لەسەر جەستەی نەتەوەی کورد جێ هێشتوە. خیانەتی حکوومەتی ڕەزا پەهلەوی لە سمایل ئاغا، نموونەیەکی ڕوونی سەرکوتکردنی سیستماتیکی داخوازییە ڕەواکانی نەتەوە غەیرە فارسەکانە لە ئێران; سەرکوتکردنێک، کە بەداخەوە تا ئەمڕۆش بە شێواخی جۆراوجۆر بەردەوام بووە، و کۆتا نمونەی کوشتاری هاوشێوەش شەهید کردنی ڕێبەرانی کورد لە ڤیەنا و بەرلین بووە.

**لە سەردەمێکدا، کە هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کولتووری و زمانەوانیی نەتەوەکان لە هەندێک وڵاتدا هێشتا بەردەوامن، زیندوو ڕاگرتنی یادەوەری سەرکردە مێژووییەکانی وەک سمکۆی شکاک، پێویستییەک و بەرپرسیارێتییەکی**

جۆزەردانی ٢٧٢٥

مێــژوویە. ئەم ڕووداوانە دەبــێ لە چوارچێــوەی نێودەوڵەتیــدا بە بەڵــگە و وەرگێــڕان، لە ناوەنــدە جیهانیەکــان بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی جیهان بزانێت، کە نەتەوەی کورد نەک تەنیا قوربانیی چەوساندنەوە بووە، بەڵکو مێژوویەکی پڕ لە بەرخۆدان، ئازایەتی و خەباتی بۆ ئازادیی.


٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی = جوولای ٢٠٢٥ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

